# <u>نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە</u>

ناوی کتێب: نیهلیزمو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە
نووسینی: د. محەمەد کەمال
بابەت: لێکۆڵینەوە
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: ناسك عەزیز
بەرگ: قادر میرخان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردن: 205 ی 2005
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2005
کوردستان -سلێمانی
www.sardam.info

# نــيهليزم و ڕەهەندەكانى بيركردنەوە

د . محەمەد كەمال

سلێمانى 2005

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**زنجیرەی کتێبی سەردەم ژمارە (319)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

## پێشەکی

پێشەکی نووسین بۆ وتارگەلێکی فەلسەفی کە پانتاییەکی زۆریان لە دنیای بێسنووری فەلسەفەدا داگیر کردووە کارێکی ئاسان نییە! گەرچی بڕواشم وا نییە کە بە ناوی پێشەکیەوە، ناوەڕۆکی وتارەکان پچڕپچڕ بنووسمەوە. یان لە بری پێشەکی ڕەخنە لە ناوەڕۆکی وتارەکان بگرم. چونکە ئاشکرایە کە ئەوانە کاری لێکترجودانو هەریەکە شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا پێشەکی، یانژی ڕوونکردنەوە بۆ کارێکی فکری گرنگە، نەك لەبەرئەوەی خوێنەر لەو ڕێچکەیەوە بچێتە ناو کرۆکی وتارەکانەوە، یان لە ڕوانگەی پێشەکی نووسەوە بیانخوێنێتەوە، بەڵکو گرنگیەکە لەوەدایە کە بەر لە خوێندنەوە پرسیارگەلێك لای خوێنەر دروستبکرێت بۆ ئەوەی خوێنەر بەدووی وەڵامی ئەو پرسیارانەدا لە دووتویی بابەتەکاندا بگەڕێت. بێگومان ئەو پرسیارانەش هەر دەبێ لە خودی بیرۆکەی نووسینەکاندا هەڵهێنجرابن.

لەبەر هەندێ ئەو پرسیارانەی کە لەم پێشەکیەدا دەکرێ لە زادەی بیرو بۆچوونی ئەو فەیلەسووفانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە وتارەکاندا ناویان هاتووەو لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی ئەوانەوە نووسەر ئەم بابەتانەی خوڵقاندووە (مەبەست لە وتارەکانە).

ئاشکرایە خوێندنەوەی (هەروەها تێگەیشتنی) بابەتی فەلسەفی خوێنەری تایبەت بە خۆی هەیە. لە هەمان کاتیشدا ئەو خوێنەرە دەبێت تفاقو تێشوی فکری هێندەی پێبێت تا حەوسەڵەی ئەو گەشتە فیکریانەی هەبێت، دەنا بە دەردی ئەو کەسە دەچێت کە یەکێکی دیکە بیەوێت بە گێڕانەوە، سیمفۆنیایەکی تێبگەیەنێت. ئاشکرایە سیمفۆنیا دەبێت ببیسترێت!

گەشتەکەی حەمە کەمال گەشتێکی ئاسان نییەو بەربڵاوە. گەشتێکە هەر لە ئەفلاتۆنەوە تا هایدگەر بەهەریەك بە ئاقارەکانی بیرکردنەوەی کانتو هیگڵو هیومدا ڕەت دەبێتو لای هەریەکە لە هۆسرڵو بارکلی ئێستێکدەکاتو پرسیارگەلی سرك دەهروژێنێ. لەلای حەمە کەمال، بوون گشت شوێنێکی پڕکردووەو سارتەر ئاسا بوون بە بنەمای گشت (شتەکان) دەبینێتو هەرچی دیکە هەیە لە بازنەی بووندا دەخولێتەوە. حەمە کەمال، لە ڕوانگەیەکی فەلسەفیانەوە بابەتی بوون تاوتوێ دەکات فەلسەفە بەو پێناسەیەی (بریان مەگە) کە دەڵێت "فەلسەفە کاتێك سەرهەڵدەدات کە مرۆڤ لە هەوڵی تێگەیشتنی خۆیو دنیای دەوروبەریدا بێت، لە ڕێگای عەقڵەوەو دوور لە ڕوانگەی دینەوە".

گەر ئەم پێناسەیە بکەین بە گۆشەنیگاو پرسیارگەلێك بکەینو بزانین وەڵامەکانی لە دووتوێی نووسینەکانی حەمە کەمالدا دەدۆزینەوە؟

گەر هیوم ئاسا لە خۆمان بپرسین: ئایا هۆش بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە؟ یان ئەوە هەستەکانمانە کە جیهانی دەرەوەمان پێدەناسێنێ؟

یان هۆسرڵ واتەنی بابەتەکان، دەڤاودەق ببینو خۆمان بە هیچ پێناسەو شیکارێکی پێشوەخت نەبەستینەوە بۆ ڕاڤەکردنیان. بابەت وا بناسین وەك ئەوەی خۆیانمان بۆ دەردەخەن، یان وەك دیکارت دەڵێت تەنها لە خەسڵەتە چەسپاو نەگۆڕاوەکانی بابەت (بابەتەکان) بڕوانینو گوێ بە ڕاڤەی هەستەکان نەدەین لە شیکاری بابەتدا!

گەر بۆچوونەکانی جۆن لۆك- یش بە هەند وەربگرین ئەوا (هۆشو جیهانی دەرەوەو بیر) بۆ دروستبوونی زانیاریەکانمان گرنگنو بە نەبوونی یەکێك لەم سێ خاڵە زانیاریش پەیدا نابن. یان جیهانی دەرەوە بوونی نییەو تەنها کۆمەڵی هەستی- هەمەکین (هەستەکین) وەك بارکلی دەڵێت.

یاخود دنیای دەرەوە هۆشی- هەمەکین (هۆشەکی)یە وەك هیگڵ دەڵێت؟

گەر ئەمانە هەندێك لەو پرسیارانە بن دەربارەی دەوروبەر بەشی دووەمی پرسیارەکان دەربارەی خودی خۆمان بکەین. ئایا بوون بنەڕەتی هەموو جەوهەرە ماتریالیەکانو گیانەکیەکانەو تەنانەت ڕاستەقینەش (حەقیقەت) بەبێ بوون، نیە؟ ئایا بوون لە جیهانی فۆرمالیستیانەی ئەفلاتۆنو نۆمینەکەی کانتدا (ترانسێندێنتاڵ) بەرزو ڕەهایە یان بوونێکی میتافیزیکیانەی نەریتانەیە؟

خۆ گەر (ئەریستۆ) ئاساش، بوون بخەینە پاش هەبوونی جیهانی ئایدیاوە، ئەوا (جینسی Jennes) لە خۆی گەورەترمان بۆ داناوەو دەکرێ بە بوونێکی لە خۆی گەورەتر بەراوردی بکەین. بەڵام گەر بگەڕێینەوە سەر بۆچوونەکەی هایدگەرو لە ڕوانگەی ئەوەوە بۆ بوون بڕوانینو لە خودی بوون بەولاوە هیچ جینسێکی دیکە نەناسین، ئەوا بوون لە ڕوانگەی ئەریستۆدا جێگەی نابێتەوەو ئەفلاتۆن واتەنی (بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەرە) چونکێ بوون یەك بوونەو ناکرێ خەسڵەتە جیاوازەکانی لەگەڵ بوونێکی دیکەدا پەیدا بکەین.

ئەو پرسیارانە، هەندێکن لەو تێڕوانینانەی لەلای من دروستبوون لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم وتارە فەلسەفیانەو سەرجەم بەرهەمەکانی حەمە کەمال کە خۆی لە دووتوێی (پێنج کتێب بە کوردی) و (چوار کتێب بە ئینگلیزی)دا (تا ئێستا) چرکردۆتەوە.

ماوەتەوە ئاوڕێك لە لایەنێکی دیکەی ئەم وتارانە بدەینەوە بە تایبەت (چۆن لە شیعرو بابەتی هونەری بگەین) و (فەلسەفەی هیندی). حەمە کەمال لەبەرئەوەی خوێندنی زانکۆو بڕوانامەی ماجێستێرو دکتۆرای لە زانکۆی کەراچی لە پاکستان تەواوکردووە. ئاشنایەتیەکی نزیکی لەگەڵ فەلسەفەی هیندیدا هەیە لەو وتارەدا کە لە کەراچی نووسیویەتیو لە ساڵی 1985 لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئەو سەردەمە

بابەتێکی نوێ بوو لە ڕۆشنبیری کوردیدا کە کەسێك بە زمانی ئینگلیزیو لە بواری تایبەتی خۆیدا بابەتێك لەسەر فەلسەفەی هیندی بنووسێتو ڕاڤەو پێناسەی تێزەکانی ئەو چەمکانە بکات کە تا ئەو کاتە لە ڕۆشنبیری کوردیدا هەر لە ڕێگای تەرجومەوە دەگوازرایەوە.

ئەو دوو وتارەی دیکە (شیعرو فەلسەفە) و (چۆن لە بەرهەی هونەری بگەین؟). حەمە کەمال وەك زۆربەی گەنجە ڕۆشنبیرەکانی ساڵەکانی حەفتا، سەرەتا بە خوێندنەوەو ئاشنابوون لەگەڵ شیعردا دەستی پێکردووەو شیعر ڕووبەڕێکی زۆری لە بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەیدا داگیر کردبوو، سەرەڕای ئەمەش لە هونەری وێنەکێشانیشدا شارەزا بوو گەرچی نە شاعیرەو نە وێنەکێش، بەڵام ئەو دووانە (شیعرو هونەر بە زادەی بیرکردنەوەیەکی بەرزی مرۆڤانە دەبینێتو وەك بەرهەمی فەلسەفیانە (سارتەر) ئاسا تێیان دەڕوانێو هەوڵی ڕاڤەکردنیان لە ڕێگای فەلسەفەوە دەدات.

لە وتاری (نهێلزمو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە)دا کە خۆی حەزدەکات هەمان سەردێڕ بۆ کۆی ئەم وتارگەلە هەڵبژێرێت. لە ڕوانگەی (نیتشە)وە بۆ ئاکارو بیرکردەوەو دۆگما سەپاوەکانی سەر کۆمەڵگا دەڕوانێتو هەوڵی هەڵتەکاندنیان دەدات.

بە کورتی لای حەمە کەمال مرۆڤ (هەیەو نیە) جیا لە (بوون). هەیە، چونکە بوونی مرۆڤ پێش ناوەڕۆکی دەکەوێتو نیە، چونکە بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ هەوڵدەدات خۆی (خودی خۆی) تەواو بکات ئەویش لە ئەنجامی ئەو پرۆژانەی کە لە داهاتوودا بە ئەنجامیان دەگەیەنێت.

تەنها مردن کۆتایی بە پرۆژەکانی مرۆڤ دەهێنێتو بەرەو نەبوونی دەبات ئەم (هەیەو نیە)ی مرۆڤ، بە بڕوای حەمە کەمال هیچ پێش مەرجێکی نیەو هیچ هێزێك بڕیاری پێشوەختی لەسەر بوونی مرۆڤ نیەو مرۆڤ خۆی بەرپرسە لە هەڵسوکەوتو ڕەفتارەکانی خۆیو خۆی بڕیار

لەسەر چارەنووسی خۆی دەدا، بەم مرۆڤەش (بە بۆچوونی حەمە کەمال) دەگوترێت (مرۆڤی ڕەسەن). ئەمەش لە وتاری (چۆن لە ناوەڕۆکی مرۆڤ بگەین؟) بە تەواوەتی ڕوونکراوەتەوە.

لە وتاری نامۆییدا باس لە نامۆبوونی مرۆڤ لە سایەی ڕژێمی سەرمایەداریدا کراوە. بەڵام نامۆیی بە تەنها سەرمایەداری دروستی ناکات، ئەوە نییە هیگڵ پێی وایە کە هۆش و بوون لێکجیابوونەتەوە بۆیە نامۆیی پەیدابووە گەر هەرکاتێ ئەو دووانە یەکیانگرتەوە چی دیکە مرۆڤایەتی پێویستی بە فەلسەفە نییەو ڕەنگە هەر کۆتایی مێژووش بێت.

بەڵام نیتشە پێی وایە مرۆڤی نامۆ سەربەستەو لە لێپرسینەوە سڵ ناکاتەوەو خودا لەلای ئەو مردووە.

ئێمە لەم کتێبەدا وتارەکان (مەقالەکان)مان بە پێی دوورو نزیکی لە یەکدیەوە ڕیزبەند کردووە.

1-ئاوڕدانەوەیەك لە فەلسەفەی هیندی، ڕۆشنیری نوێ ژمارە 107 ئەیلولی 1985 بەغدا.

2-هیومو ڕاڕەوی گومانکاری، مامۆستای کورد ژمارە 13 ساڵی 1992 سوید.

3-شیعرو فەلسەفە، ساڵی 2003 مالبۆرن- ئوستراليا.

4-چۆن لە بەرهەمی هونەری بگەین. ڕەهەند ژمارە 11، ساڵی 2000 سوید

5-مارتین هایدیگەرو گۆڕانێکی فەلسەفی، مامۆستای کورد ژمارە 24 و 25 ساڵی 1995 سوید.

6-هایدیکرو پۆست مۆدێرنتی، زروانی ژمارە سفر، ساڵی 1998 هۆڵەند.

7-کۆتایی خۆو گەڕانەوە بەرەو ناچارەگی لە بۆچوونەکانی پاش تازەگەریدا. زانکۆ مالبۆرن ساڵی 2004، ئوستراليا.

8-نهێلزمو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، ئاینده ژمارە 36، ساڵی 2002 سلێمانی.

9-چۆن لە ناوەرۆکی مرۆڤ بگەین، ڕەهەند ژمارە 5، ساڵی 1998 سوید.

10-نامۆیی، مامۆستای کورد ژمارە 26، ساڵی 1995 سوید.

**کەریم مستەفا**

**ئۆسلۆ- نەرویج**

**ئۆکتۆبەری 2004**

**سەرچاوەکانی کە بۆ ئەم نووسینی پێشەکیە بەکارهاتوون**


بە نەرویجی:

فەلسەفە، نووسینی بریان مەگە

1)Filosofi
Bryan Magge
Teknologisk forlag. 2002 London

بە جێ پێتەکانی سوکراتدا، نووسینی هێلکە سڤارە

2)I Sokrates fotspor
Helge Svare
Pax forlag A / S Oslo 1996.

هایدگەر، نووسینی گوتۆم فلۆبستاد

3)Heideger
Guttorm Floistad
Pax forlag A / S Oslo 1993.

فەلسەفە، ژینناسیو ئاکار، نووسینی ئێریك برۆنتفێت و کنوت دوێسنود
4) Filosofi vssyn og Etike
Erik Brontveit og Knuut Duesund
Fagbok foralg 2002 Poland

## چۆن لە بەرهەمی هونەری بگەین؟

## لێکۆڵینەوەیەك لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی برگسۆندا

ئەدەبو هونەر دوو ڕوبارن کە ڕۆخەکانیان بەرەو دەریای بەرینی فەلسەفە ڕێدەکەن. خۆ ئەگەر هەموو فەلسەفەیەك شوێنێکی تایبەتمەندی لە بۆچوونو دیدە فەلسەفەییەکانیدا بۆ ئەدەبو هونەر تەرخان نەکردبێت، ئەوا هەموو هونەرمەندێك دەخوازێت ڕاستییەکی فەلسەفی بە خەڵك بگەیەنێت. سەرەڕای ئەمەش، وەك دەزانین فەلسەفە زەمینی جێنەهێشتووەو خۆی بە ئاسمانەوە هەڵنەواسیوە، هەوڵدەدات لە واقعی بەردەستەکی بتۆژێتەوەو پەردە لەسەر نهێنییەکانی بوون هەڵداتەوە. ئەدەبو هونەریش دوولایەنی گرنگی ئەو واقیعەنو بە پێی تواناو برستی خۆیان، ئەمانیش بەدووی ڕاستەقینەدا عەودالًنو ڕۆڵێکی مەزنیان لە بونیادنانی ژیاری مرۆڤایەتیدا بینیوە. جا لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت کە ئەدەبو هونەر چ پەیوەندییەکی گرنگیان لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە، ئاوڕدانەوەمان لە مێژووی ژیاری مرۆڤیش زیاتر ئەم پەیوەندییەمان بۆ ئاشکرا دەکات. لە سەردەمی هۆمیرۆسەوە تا ڕۆمانسیزمو فۆرمەکانی ڕیالیزم ئەدیبو هونەرمەندان هەوڵیانداوە لە فەلسەفەی سەردەمەکەیانەوە جۆگە ئاو بۆ سەر زەمینەی ئەدەبو هونەرەکەیان هەڵدێرن. ئەمەش ڕوودانێك نییە کە بە تەنیا لەلای ئەدیبو هونەرمەندان سەریهەڵدابێتو هاتبێتە کایەوە. دەسەڵاتو

كارتێكردنی فەلسەفە بە ئاشكرا بەسەر زانستەكانو لایەنە رۆشنبیرییەكانی دیكەی ژیانی مرۆڤدا زەقو بینراوە. زانایەكی ئابووری یا كۆمەڵناس ناتوانێت بەبێ ڕاوەستان لەسەر زەمینەیەكی فەلسەفی لە كێشە كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكان بكۆڵێتەوەو هەڵیانبسەنگێنێت.

بە كورتییەكەی مەبەستی من لە ڕوونكردنەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان فەلسەفەو زانستو ئەدەبو هونەر ئەوەیە كە فەلسەفە ڕۆڵێكی گرنگو سەنترالی هەیەو هیچ ژیارێك بەبێ بۆچوونی فەلسەفیانە بۆ ژیانو واقیع نەیتوانیوە خۆی بگەیەنێتە لوتكەو گەورەییو نەمری خۆی بسەلمێنێت. هیگل لەمەڕ ڕۆڵی سێنترالی فەلسەفەدا دەبێژێت كە گەلی بێ فەلسەفە پەرستگای بێ خودایەو دیكارتیش دەڵێت ئەگەر دەتەوێت گەلێك بناسیت ئەوا دەبێت فەلسەفەی ئەو گەلە بخوێنیتەوە.

لە ئاستی ڕوونكردنەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان فەلسەفەو ئەدەبو هونەردا، حەزناكەم خوێنەر وای بۆ بچێت كە گوایە لێپرسینەوەیەكی هەرە گرانو ئەركێكی سەخت دەخەینە سەرشانی ئەدیبو هونەرمەند، ئیتر ئەدیب یان هونەرمەند دەبێت شارەزای لە فەلسەفە بێتو كونو كەلەبەری دیمانەو ڕێچكە فەلسەفییەكان بزانێت. مەبەستی من لەو پەیوەندییەدا هەرگیز ئەو خاڵە ڕاناگەیەنێتو ئەوەی ئاماژەی دەكەم ئەوەیە كە ئەدیبو هونەرمەند، بیانەوێت یان نەیانەوێت، بزانن یا نەزانن ئەوا لە بەرهەمەكانیاندا، یان لەو كێشە ئەدەبیو هونەریانەدا كە دەریدەبڕن پەیامێكی فەلسەفیانە هەیەو دەیانەوێت بە كۆمەڵی ڕابگەیەنن. ڕۆڵی ئەدیبو هونەرمەند چی لە ڕۆڵی فەیلەسوف بۆ ڕاگەیاندنی ڕاستەقینە كەمتر نییە. ئەم دیاردەیە، بە تایبەتی لەلای بوونخوازەكانی وەك هایدگەرو سارتەر، خۆی چەسپاندووەو بە دیدی ئەم دوو زانایە ئەدەبو هونەر لەناو گیانی فەلسەفەدا هەناسەدەدەن. هایدگەر بۆ نموونە زمانی فەیلەسوفو زمانی شاعیر بە هاوتا دادەنێتو ڕۆڵی

شاعیریش دەخاتە پاڵ ڕۆڵی فەیلەسوفو ئەدەبو هونەری بەهێزی ڕزگاریکەر داناوە[1]. سارتەریش وەکو فەیلەسوفو ئەدیب لەم بوارەدا درێخی نەکردووە، بەرهەمە ئەدەبییەکانی، بوون بە ڕێڕەوێك بۆ دەربڕینو ڕاگەیاندنی پەیامە فەلسەفییەکەی[2].

بەبێ ئەوەی لەمە زیاتر درێژە بە تۆژینەوەی ئەم پەیوەندییە بدەین، حەزدەکەم ڕاستەوخۆ بچمە سەر باسەکەو لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەکەی "هێنری برگسۆن"دا وەلامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە چۆن لە بەرهەمی هونەری بگەین؟ یا ئایا برگسۆن توانیویەتی ڕێگایەکمان بۆ ئاماژە بکات کە لەوێوە ئێمە خۆمان بگەیەنینە ناخی ئەدیب یان هونەرمەندێكو لە بەرهەمەکەشی بگەین؟ بۆ وەرامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ئەوا پێویستە پەنابەرینە بەر دیدو بۆچوونە فەلسەفییەکانی برگسۆن لەمەڕ زاتی مرۆڤو ناسینی ئەو زاتە بە ڕێی زانینەوە. بە دیدی برگسۆن بەرهەمێکی ئەدەبیو هونەری، میوەی تاقیکردنەوە زاتییەکانی خاوەنەکەیەتی. بەلام ئایا ئەو تاقیکردنەوە زاتیانە چینو چۆن سەرهەلدەدەن؟ ئەگەر هەموو هونەرمەندێك خاوەنی تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی بێت ئەو تاقیکردنەوەیەش زاتی (Subjektive) بێت، یا وەکو تاقیکردنەوەیەکی سۆفیگەری بێت، چۆن ئێمە دەگەینە ئاستی ناسینی؟ ناسینو زانین بە تاقیکردنەوەی زاتی لەو جۆرە زانینە جیاوازە کە لە ڕێی بیستنو گێڕانەوەو خوێندنەوەو باسکردنەوە بە ئێمە دەگەن. لەبەر ئەم هۆکارەشە برگسۆن زانیارییەکانی مرۆڤی کردووە بە دوو بەشەوە: یەکەم: زانیاری ڕاستو ڕاستەوخۆ کە لەناو تاقیکردنەوەی زاتیدا بە (Intution) حەدەس پەیدادەبن. دووەم: زانیاری زانستیانە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیبیستینو ڕاگەیەنراون یا لە ڕۆژنامەو گۆڤارو پەرتوکەکاندا دەیانخوێنینەوە[3].

زانیاری زانستانە تاکە ڕێیەکە بۆ تۆژینەوەی بابەتەکانی دەوروبەرمانو واقیعی بەردەستەکی. بەڵام زانیاری زانستیانە، لەبەرئەوەی ناخی بابەتەکان ناپێکێتو جەوهەرەکەیمان بۆ دەرناخاتو لە دەرەوەی بابەتەکەو چواردەوریدا دەسوڕێتەوە، ئەوا ڕاستەقینەمان بە تەواوی ناداتیّو زانینێکی کورتو ناڕێکە. وەکو ئەوە وایە کە بۆ بینینی ناو خانوویەك ئێمە بە چواردەوری خانووەکەدا بسوڕێینەوەو لە دەرەوەدا بزانین چەند ژوورو دەرگاو پەنجەرەی لەناودایە. بێگومان ئەم کارە بیّ هۆ نییەو تا ڕادەیەك دەتوانین شتێك لە بارەی خانووەکەوە بزانین، بەڵام ئەم شێوە زانینەی ئێمە هەرگیز ناگاتە ئاستی زانینی خاوەن خانووەکە کە خۆی لەناویدا دەژیو دەزانێت چەند ژوورو دەرگاو پەنجەرەی تێدایە. زانیاری ئێمە زانستیانەیەو لە ڕێی تۆژینەوەوە گەیشتۆتە لامان، زانیاری خاوەن خانووەکە کە تیایدا دەژی ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەیەکی زاتییە کە برگسۆن بە حەدەسی دادەنێت(4). مەبەستی برگسۆن ئەوەیە کە زانستەکان ناتوانن مانای ژیان بدۆزنەوە، چونکە ژیان بابەتێکی ماتەری نییە، تاکو لە ڕێی تۆژینەوەوە بناسرێت، بەڵکو دەبێت بە حەدەس یان بە ڕێگای تاقیکردنەوەی زاتییەوە ماناکەی ئاماژە بکەینو بیناسین. ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە ئەو مەسەلەیەیە کە مرۆڤ ناتوانێت لە دەرەوەی ڕاستەقینەدا ڕاوەستێتو بە تۆژینەوە ماناکەی لێکبداتەوە(5). ئەگەر بمانەوێت بزانین ئاگر گەرمە یا سارد، دەبێت پەنجەمان بسوتێنین، یا بۆ ئەوەی مەلەوانی فێربیت ئەوا پێویستە خۆت فڕێبدەیتە ناو ڕووبارەکەوە. بۆ ئەوەی زیاتر لەم خاڵە حاڵی ببینو لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی ئەم تۆژینەوەیە بە ناسینو هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی هونەرییەوە دیاری بکەین، نمونەی مرۆڤێك دەهێنینەوە کە لە جەنگ گەڕاوەتەوە. ئەم مرۆڤە جەنگاوەرە باسی تاڵیو ناخۆشییەکانی جەنگمان بۆ دەکات. پاش ئەم باسکردنە، هەریەکێك لە ئێمە لە ڕێی باسکردنی ئەم

جەنگاوەرەوە کۆمەڵێك زانیاری لەمەڕ جەنگەوە کۆکردۆتەوە. بەڵام زانیارییەکەی ئێمە هاوتای زانیاری مرۆڤە جەنگاوەرەکە نییە. ئەو تاقیکردنەوەی زاتی لەگەڵ جەنگدا هەیەو خوێنو لاشەی کوژراوی دیوەو بۆنی بارووتو دوکەڵی سوتان چووە بە مەڵاشوویدا. کێ بۆنی باروت دەناسێت تا بۆنی باروتی نەکردبێت؟ کێ دەزانێت جەنگ چەند سامناکە تاکو جەنگی نەدیبێت؟ بەم شێوەیە، برگسۆن دیوارێك لە نێوان زانین بە حەدەسو زانین بە تۆژینەوەی زانستیانەدا هەڵدەچنێتو هەر ئەمەش دەبێتە هۆکارو کۆسپێك لەبەر تێگەیشتنماندا لە ئاستی بەرهەمێکی هونەریدا. با بۆ نموونە پارچەیەك لە شیعرەی نالی کە لە ئەستەمبووڵەوە بۆ سالمی ناردووە بخوێنینەوە.

لەم شەرحی دەردی غوربەتە. لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە ببێت بە ئاوو بە چاوا بکا عوبور[6]

وەك مامۆستا مەلا عەبدولکەیمی مودەریس دەڵێن: "هەرچی ژانو تلانەوەو سوێی نالی هەیە لەم قەسیدەیەدا، هەمووی گوشێنراوەتە پیاڵەی ئەم بەیتەوە"[7]، بێگومان خوێنەر لە مانای ئەم بەیتە دەگاتو دەردی غوربەتو سۆزی هیجرەتی نالی دەرك دەکات. بەڵام کێ هەیە ئەوەندەی نالی لەم دەردی غوربەتو سۆزی هیجرەتە بزانێت. ئەم تاقیکردنەوە زاتییەی نالی کە لەم بەیتەدا تەعبیر لە خۆی دەکات ڕوودانو بارودۆخی تاڵو نالەباری زاتیی نالییەو تاقیکردنەوەیەکە کە ئەو وەکو تاکێك یان شاعیرێك تیایدا ژیاوەو بە ژانو ناخۆشییەکەی ئاشنا بووە. دڵنیام ئەگەر مرۆڤێك دەردی غوربەتی نەچەشتبێت، ئەوا لە ناڵەو ئازاری سینەی نالی حاڵی نابێتو نازانێت شاعیر بە چ ناخۆشییەکدا ڕۆشتووە. ئەگەر حاڵیش بوو ئەوا ئەو زانینەی هەرگیز وەکو غوربەت ناسینی لای نالی نیەو وەکو ئەویش لەو تاقیکردنەوە زاتیەی ناوەوەی نالی ناگات. تێگەیشتنمان لەم بەیتە بە قەدەر

تێگەیشتنی نالی لە تاقیکردنەوەو بەیتە شیعرەکەی بەبێ کەم‌و زیاد نەگونجاوەو نابێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بە هیچ جۆرێك لە زمان حاڵی نالی ناگەین‌و ناتوانین ئاشناو هۆگری خەمەکانی بین‌و لە تاقیکردنەوەکەیدا زانیاریمان چنگ کەوێت، تێگەیشتنی تەواو لەو حاڵەتەدا ڕوودەدات کە ئێمە لە چاوی نالییەوە بڕوانینە غوربەت یان سواری ئەسپی ئەندێشەی ئەو ببین‌و، بە ناخیدا شۆڕببینەوەو گوێ بنێین بە ناڵەو هاواری ئازارەکانییەوە. ئەم سنوور بڕینەش، وەکو هەموو دەزانین، کارێکی مەحاڵەو کەسێك ناتوانێت لەناو تاقیکردنەوەی زاتی کەسێکی دیکەدا بژی.

ئەنجا ئەگەر خواستمان بەیتەکەی نالی بۆ کەسێکی بێگانەو کوردینەزان بخوێنینەوە، ئەوا تووشی گرفتی گەورەترو کۆسپی دیکەش دەبین. تۆ بڵێی ئێمە بتوانین ژانی غوربەتی نالی‌و ئەندێشەی شاعیرانەی ئەو وەکو خۆی بگەیەنێنە ئەو کەسە؟ یا ئەو بەیتە چۆن هەست‌و شعوری خوێنەرێکی کورد دەوروژێنێت ئاوەهاش هەستی ئەم مرۆڤە کوردی نەزان ببزوێنێت؟ بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە، پێویستە بەیتەکە لە کوردییەوە بگۆڕینە سەر زمانی بێگانەکەو لێبکۆڵینەوە تاکو لە ماناو مەبەستی نالی بگات‌و باسی دەربەدەری‌و ژیانی غوربەتی نالی بۆ بکەین. تاکو زیاتر یا باشتر بۆ کێشەکە بڕوات ئەوا دەبێت لە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەکەماندا زروفی کوردستان‌و ئیمارەتی بابان‌و نائومێدبوون‌و بێزاری نالی لەو زروف‌و بارودۆخەی ئەو سەردەمە بخەینە پێشچاو. ئەم تۆژینەوەیەمان پێویستی بە لێکدانەوەی درێژتر هەیە، چونکە مرۆڤە بێگانەکە زانیاری لە بارەی ئیمارەتی بابان‌و ناکۆکی ئەم ئیمارەتە لەگەڵ تورکە عوسمانیەکانداو ڕوخانی لە ساڵی 1851دا نییە. بەم شێوەیە چەند بمانەوێت زیاتر تیشکی ڕۆشنایی بخەینە سەر مانای بەیتەکە ئەوەندە لە ناوەڕۆکی بەیتەکە دووردەکەوینەوە. بە دیدی برگسۆن، چەند هەوڵبدەین بە ڕێی تۆژینەوە لە ناوەڕۆکی بەرهەمێکی

ئەدەبی یا هونەری بگەین، ئەوەندە زیاتر لەو ناوەڕۆکە دووردەکەوینەوەو تێگەیشتنمان لە ئاستیدا ناتەواو دەردەچێت، چونکە ئێمە بەو تاقیکردنەوە زاتییەدا ناڕۆین. ئەگەر کوردێکی ئاوارەو دەربەدەر ئەو بەیتە بخوێنێتەوە کە ئەویش وەکو شاعیرەکە دەردی غوربەتی چێژتووە، ئەوا هێشتا بەڵگەیەکی ئەوتۆ نییە تاکو بزانین ئایا تاقیکردنەوەی غوربەت لەلای ئەم دوو کوردە دەربەدەرە "نالی‌و خوێنەرە کوردە دەربەدەرەکە" وەکو یەکن‌و پلەو بەرزیان هاوتایە یان نا.

ئەگەر ئەم بۆچوونەی برگسۆن دروست بێت یان لەگەڵیا هاوڕا بین، ئەوا پەرژینێکی ئەستوور لە نێوان بەرهەمی هونەری‌و تێگەیشتنی خەڵکیدا هەڵدەبەستین‌و ڕەخنەسازیش بێماناو بێ بەرهەم دەبێت، چونکە ناگەینە ناوەرۆکی تاقیکردنەوە زاتییەکەی هونەرمەندەکە، ئەگەر توانیشمان لایەنێکی ئەم ڕاستەقینەیە "تاقیکردنەوەی زاتی هونەرمەند" بدۆزینەوەو بیناسین ئەوا گەیاندنی بە کەسێکی تر بە ڕێی زمانەوە کۆسپێکی دیکەیەو تووشی هەناسەبڕکێمان دەکات.

وەکو دەزانین زمان، شاکارە بەرهەمێکی ژیاری مرۆڤەو ئێمەی لە ئاژەڵ جیاکردۆتەوە. جوانی زمانیش لە شێوازە ئەدەبییەکەیدا دەگاتە لوتکەی بەرزو کاردەکاتە سەر هەستو سۆزی مرۆڤ.

لەگەڵ ئەمەشدا زمان لە کەموکورتی بەدەر نییەو ڕێگایەکی ڕەهای دەربڕین نییە. مرۆڤ ناتوانێت بە زمان بە تەواوی تەعبیر لە زاتی خۆی بکات. گەلێك لایەنی تاقیکردنەوە زاتییەکان هەن کە ناخرێنە ناو قاڵبی دەربڕینەوە. نەخۆشێك ئەوەندەمان پێڕادەگەیەنێت کە لەشی دێشێ‌و ئازاری هەیە، لەمە زیاتر ناتوانێت لە چۆنیەتی ئازارەکە بدوێت. ئێمەش لەو حاڵەتەدا لە زمانی ئەم نەخۆشە حاڵی دەبین کە بە تاقیکردنەوەی ئازاردا

تێپەڕ بین. بەڵام هێشتا ناتوانین بڵێین کە ئازاری ئەو مرۆڤە وەکو ئازاری ئێمەیە. هیچ پێوانەیەکی زانستیانە توانای ئەم بەراوردکردنەی نییە.

لە لایەکی ترەوە، کەموکورتی زمان بە دیدی برگسۆن وابەستە بە "کات" ەوە. ئەمەش پەیوەندی بە بۆچوونە فەلسەفیەکەی ئەم زانایەوە هەیە کە شێوازێکی دووەلیستی بە واقیع دەداتو جیاوازییەکانی نێوان "ژیانو ماتەر" یا "هۆشو ماتەر" دیاریدەکات. ئەم دوولایەنە لەم فەلسەفەیەدا دژوارو ناکۆکنو دەیانەوێت لە یەکدی بپچڕێن. ژیان یان هۆش وەکو کەشتییەکی ئاسمانی بەرەو ژوور دەڕواتو ماتەریش وەکو دووکەڵەکەی پاشی بەرەو خوار دێت.

ژین ئاگامەندییەو لە جوڵانو گەشەکردنی هەمیشەییدایە. زاتی مرۆڤیش بەشێکە لەم ئاگامەندییەو ساتێك ناوەستێتو لە خۆی خافڵ نابێت. گۆڕاکارییەکانی ناو ئاگامەندی جەسڵەتی "کات"ی بە زات دەدات، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە، گۆڕانکارییەکانی لەشی مرۆڤ نین بە تەمەنەوە نەبەستراوە کە ئێمە لە ڕێگای ژماردنی ساڵەکانەوە کردوومانە بە پێوەرێكو گەورەو بچوکی کەسێکی تێدا دەستنیشان دەکەین. گۆڕانکارییەکانی ناو زات لە سوڕانەوەی زەمین بە دەوریی خۆردا بەرە دەرەو خەسڵەتی جیاوازو تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەبەر ئەم هۆیەش. برگسۆن باسی دوو جۆر کات دەکات، کاتی ئاگامەندی کە ناوی دەنێت کاتی ڕەوان "Pure Time"/ چونکە ئەم کاتە لە ماتەر بەدەرە یا بەردەوامی" "Duration[8] ئەم جۆرە کاتە پەیوەندی بە ماتەرو شوێنەوە نییە.

جۆری دووەمیش کاتی فیزیکییەو ئەو کاتەیە کە ئێمە دەیخوێنینەوە دابەشمان کردووە بەسەر "دوێنێو ئەمڕۆو سبەینێدا" و وابەستەیە بە گۆڕانکاریەکانی ماتەرەوە، وەکو سوڕانەوەی زەمین بە دەوری خۆردا[9]. کاتی ئاگامەندی، لەبەرئەوەی زنجیرەیەکی نەپچڕاوی ڕوداوەکانی ناو زاتە، دوێنێو

ئەمڕۆو سبەینێ دابەش نابن لەناو یەكتردا. دابڕانیشی لە شوێن دەبێت بە دەستمایە بۆ ئازادی مرۆڤ، چونكە شوێن وابەستە بە ماتەرەوەو مرۆڤ دەخاتە ژێر كارتێكردنی یاسای هۆو ئاكامو مەحكومی دەكاتو ئازادییەكەی زەوت دەكات. بەلاَم ئاگامەندی كە مەتریالَ نییە، گۆڕانكارییەكانیشی كە لەناو كاتی ڕەواندان ئەو خالَە دەسەلێنن كە زاتی مرۆڤ وەكو بابەتێكی مەتریالَی ناكەوێتە ژێر كارتێكردنی یاسای هۆو ئاكامو زاتێكی ئازادەو بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە هەلَچوونێكە لە یەك تەوژمی نەبڕاوە پێكهاتووە. لەبەرئەمە بە دووربینێكی سینەمایی تەماشای ژیان ناكرێت، چونكە دووربینەكە، ژیان لەناو فلیمەكەدا دابەش دەكات بۆ خالَەكان كە هەر یەكێك لەو خالاَنە خالَی سەرەتاو كۆتاییەو خالێكی دیكەیان بە شوێندا دێت. ژیان دابەش ناكرێتو ئاگامەندی بەم شێوەیە ناناسرێتەوە. ژیان بابەتێك نییە بخرێتە بەر ڕۆشنایی تۆژینەوەو بەشەكانی بە جیا لێكبدەینەوە. كەسێك نییە بلێت من لەم خالَەدا ئاگامەندییم ڕادەوەستێنم یان وەكو چرایەك دەیكوژێنمەوە تاكو تۆ بتوانیت بیتۆژیتەوە. ئاگامەندی لە هیچ ئێستگەیەكدا ناوەستێتو بۆ ساتێكیش ناكوژێتەوە(10). لە ئەنجامی تاقیكردنەوە زاتییەكانمان دەگەینە ئەو باوەڕەی كە تاقیكردنەوە زاتییەكانمان حالَەتێكی كاتینو دەسەلاَتی "شوێن" یان ناگاتێتو لەناو ئاگامەندیدا ڕوودەدەن.

با بزانین ئەم بچوونەی برگسۆن چ پەیوەندییەكی بە زمانەوە هەیەو چۆن كاریش دەكاتە سەر نووسینو بەرهەمی هونەری "ئەدەب".

تاقیكردنەوە زاتییەكان لەناو كاتی ڕەواندا "Pure Time" ڕوودەدەن. كاتی ڕەوانیش بە "شوێن"ەوە وابەستە نییە، چونكە زات بابەتێكی ماتریالَی نییە. كاتی ڕەوانو شوێن دوو فۆرمی جیاوازنو شوێن تەنیا پەیوەندی بە كاتی فیزیكییەوە هەیە. كاتێك شاعیرێك هۆنراوەیەك دەنووسێت، یا هونەرمەندێك تابلۆیەك دەكێشێت، ئەوا تاقیكردنەوەیەكی زاتی خۆی كە

لەناو کاتی ڕەواندا ڕوویداوە، دەگوێزێتەوە بۆ شوێن. ئەم کارە گەلێك سەختەو کاتی ڕەوانو شوێن ئەو پەیوەندییان لە نێواندا نییە تاکو مرۆڤ بتوانێت کتومت تاقیکردنەوەیەکی زاتی خۆی بخاتە ناو "شوێن"ەوە. لە فۆرمەکانی ئەدەبدا ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێی نوسینەوە دێتە مایەوەو لەلای هونەرمەندێکی تریش دەبێت بە ڕەنگو شێوەو هێڵ.. هتد. سەرکەوتنی دەربڕینی شاعیرەکەو هونەرمەندەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر نزیکی تاقیکردنەوە زاتییەکەیو ئەو فۆرمەی لەناو "شوێن"دا. شاعیرێك هەوڵ دەدات ئەوەی بە وشە تەعبیری لێدەکات گەلێك لە تاقیکردنەوەکەی خۆیی نزیك بکاتەوەو خوێنەر بتوانێت لە مەبەستو مانای بگات، بەڵام هێشتا لەبەر ئەو هۆکارەی لە پێشەوە باسمانکرد، ئەو ناتوانێت بەبێ کەمو زیاد، وەکو خۆی وێنەی تاقیکردنەوەکەیمان بداتێو ئێمەش هەرگیز ناتوانین وەکو شاعیرەکە هەست بەو تاقیکردنەوەیە بکەینو بە ماناکەی بگەین. لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەی زاتی هەر تاکێکیش لە تاکێکی دیکە جیاوازە ئەوا هەر یەکێك لەوانەی بەیتەکەی نالی دەخوێننەوە، بە جۆرێکی جیاواز لێی حاڵی دەبنو لە لێکدانەوەکەشیاندا تێگەیشتنێکی تایبەتی خۆیان هەیە، هەر یەکێك لەمان خاوەنی تاقیکردنەوەی خۆیەتی. بەم شێوەیە نزیکبوونەوەمان لە یەکدی تێگەیشتنی تەواوەتیمان بۆ مسۆگەر ناکات. تەنانەت تاقیکردنەوەی دوو مرۆڤ لە هەندەران یا لەناو جەنگدا یا لە سەنگەرێکدا لە یەك ناچن.

لە کۆتاییدا، برگسۆن پەرژینێکی قایمی بە چواردەوری زاتی مرۆڤدا بەرزکردۆتەوەو تێگەیشتنی ئێمەی لە ئاستی دەربڕینی تاقیکردنەوەکانی زاتدا، بە تایبەتی لە فۆرمە ئەدەبیو هونەرییەکاندا بە نیسبی داناوە. هەروەها لەو باوەڕەدایە کە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە، کە بوون بە بناغەی زانیارییە زانستییەکان ناتوانن ناوەرۆکی ئەدەب یا هونەرمان بۆ دەرخەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تۆژینەوە لەو ناوەڕۆکەمان دووردەخاتەوە. تاقیکردنەوەکان

کۆرپەی زاتنو موڵکی زاتن، ئەشێ زاتێك لەو تاقیکردنەوەیە بگەن. ئەوەی زاتێك لە تاقیکردنەوەکانیدا دەیناسێت کەسێکی دی نایناسێتو نازانێت چییە.
ماڵبۆرن

## سەرچاوەکان

1-Heidegger, Martin. "The Question conceming Techology". Basic Writings. David Farrcl krell. London: Ruotledge & Kegan paul. 1978. p. 310.

2-Kruks. Sonia: Sitiuation and Human Existence, Freedom, Subjectivity and Society. London; Unwin Hyman. 1990. p. 52.

3-Bergson, Henri: Introduction to Metaphysics. Trs. T. E. Hulme. New York. 1912. p. 7.

4-هەمان سەرچاوە، ل 9.

5-هەمان سەراچوە

6-دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرسیو فاتح عەبدولکەریم. محەمەدی مەلا کەریم پیاچۆتەوە. بەغدا، کۆڕی زانیاری 1976، ل 197.

0-هەمان سەرچاوە.

8- Bergson, Henri: Timc and free Will. Trs. F. L. Pogson New York Allen & Unwin 1910. p 226.

9-هەمان سەرچاوە، ل 77.

10-هەمان سەرچاوە، ل 26.

## چۆن لە ناوەرۆکی مرۆڤ بگەین؟

## "تۆژینەوەیەکە لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی بوونخوازیدا"

ئەدمۆند هوسرڵ (1859-1928) لەو باوەڕەدا بوو کە ڕێچکە فەلسەفیە کلاسیکییەکان نەیانتوانیوە زانستیانە ڕووناکی بخەنە سەر ناوەڕۆکی (Essence) بابەتەکان. لەبەرئەمە هەوڵی دا ڕێچەیەکی زانستیانە بە ناوی فینۆمینۆلۆژی دامەزرێنێت. بە گوێرەی ئەم ڕێچکەیە دەبێ مرۆڤ لە سەرەتاوە لە ئاستی تۆژینەوەی بابەتەکاندا هەڵوێستێکی ساکارانە و نا فەلسەفیانەی هەبێت، بابەتەکان بەو شێوەیە بناسێ کە خۆیان دەردەخەن، لەوە زیاتر نەیانبەستێت بە لایەنی شاراوەو پێشبیرو ئەو پێشبڕیارانەوە کە زانایان یان کەسانی تر پێش ئەو داینەزراندووە. ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە ئەو بابەتە وەکو یەکانەیەکی ماتماتیکی بخەینە ناو دوو کەوانەوەو واز لە ژمارەکانی دەرەوەی کەوانەکە بهێنینو خۆمان بە کێشەی ناو کەوانەکەوە خەریك بکەین. ئەم هەڵوێستە سەرەتاییە ساکارە، چونکە ناوەڕۆکی بابەتەکەمان بۆ دەرناخاتو بە تەنیا ڕواڵەتی یان ڕوخساریمان پیشان دەدات[1]. بۆ دۆزینەوەی ناوەڕۆك، ئەوا پێویستە خۆمان بگەیەنینە قۆناغی دووەمی ئەم ڕێچکەیە کە پێی دەوترێت داماڵینی فینۆمینۆلۆژیانە[2]. ئەمەش بریتییە لە داماڵینی خسڵەتە هەستەکیەکان لە بابەتەکە بە نیازی ئەوەی بگەینە ناوەڕۆکەکەی. ناورۆکیش، بە گوێرەی ئەم لێکدانەوەیە، لە کۆمەڵێ خسڵەتی نەگۆڕ پێکدێت کە گۆڕانەکانی ناو شوێنو کات کاریان تێناکاتو وەکو خۆیان دەمێننەوە.

ئەم بۆچونەی هوسرڵ ئەوەندە لەگەڵ بیروڕای زانا ئایدیالیستەکانەوە، بە تایبەتی ئەرستۆو دیکارت، جیاواز نییە. ئەمیش وەکو ئەوان بڕوای بە

بوونێکی چەسپاوو نەگۆڕ لەناو هەموو بابەتێکدا هەیە کە بە بەردەوامی وەکو خۆی دەمێنێتەوەو گەردێکی لێ کەمو زیاد نابێت. خسڵەتە نەگۆڕەکان کە ناوەڕۆکی بابەتەکان پێکدەهێنن لە خسڵەتە هەستەکیەکانەوە دوورن، لەبەر ئەمەشە هەستکردن پەی پێناباتو نایاندۆزێتەوە، چونکە ڕەنگو بۆنو تامی بابەتەکان نینو کۆمەڵێ خسڵەتی تایبەتین کە دەکەونە ئەودیو هەستکردنەوە. بە دیدی ئەرستۆ، بابەتێك بەبێ ناوەڕۆکی نابێتو ناوەڕۆکیشە خسڵەتی تایبەتمەندی بە بابەتێك دەداتو لە بابەتێکی تری جیادەکاتەوە. بەرد بەردەو درەختیش درەختە، بوونی بەرد لە بونی درەختەوە، تەنیا، بە هۆی ناوەڕۆکیانەوە لێك جیادەکرێنەوە. ئەم تۆژینەوەیەی ئەریستۆ، کە لە پێشان باسمانکرد هێندە لە بۆچوونەکەی هوسرلەوە دوور نییە، بگرە هەردووکیان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە ناوەرۆك بوونی بابەتێك پەیدادەکات. تەنیا ئەو جیاوازییەیان لە نێواندا هەیە کە هوسرلْ بە ئاشکرا دان بەو خاڵەدا نانێت، بەڵام ئەریستۆ لە پەرتووکی میتافیزیکدا ناوەڕۆکی بە هۆ —Cause بۆ بوون داناوە[3].

بۆ نموونە خسڵەتی شلبوون بۆ بوونی ئاو، خسڵەتێکی نەگۆڕەو ناوەرۆکی ئاوە، ئەگەر ئاو هەبێت، ئەوا دەبێ شل بێت، ئەمەش بە ڕای ئەریستۆو هوسرلْ ئەوە دەگەیەنێت کە بوونی ئاو لەسەر ناوەڕۆکی دەوەستێت. جا ئەم خسڵەتە هەستەکی نییەو خسڵەتە هەستەکیەکانیش وەکو گەرمیو ساردی نابنە بەشێك لە ناورەۆکی ئاوەکە. ئەگەر ئاو سارد بێت یان گەرم، ئەوا هەر ئاوە، بەڵام کە بوو بە هەڵم یان سەهۆڵو خسڵەتی شلبوونی ونکرد، ئەوا پێی ناگوترێ ئاو.

ئەم تۆژینەوەیە بە هیچ شێوەیەك نارێك نییەو بڕواناکەم کەسێك هەبێت بە ناکۆكو دژواری دابنێت. کەموکورتیەکەی لەوێدا دەردەکەوێت کە ئەم تۆژینەوەیە بۆ پێناسەکردنی ناوەڕۆکی مرۆڤیش بەکاربهێنین.

ڕێنە دێکارت (1596-1650) هەرچەندە زەمینەیەکی نوێی بۆ فەلسەفەی نوێ دامەزراندووەو لە بوونی خۆیەوە دەستی بە گەشتەکەی کردووە، هێتشا نەیتوانیوە خۆی لەم بۆچونە کلاسیکیە دووربخاتەوەو ئەمیش وەکو ئەریستۆو زانایانی تر بڕوای بە خسڵەتی نەگۆڕ لە بوونی مرۆڤدا هەبووە. بە دیدی دێکارت ناوەڕۆکی مرۆڤ کە گیانەکیە وەکو ناوەڕۆکی بوونەوەرو بابەتەکانی تر نەگۆڕەو هیچ هێزێك (جگە لە خوا) ناتوانێت لێی کەمو زیاد کات. ئەم ناوەرۆکە گیانەکیە لە کۆجیتۆکەی دێکارتدا (من بیردەکەمەوە کەوابوو من هەم)، بووە بە بنەڕەتی بوونی مرۆڤو خۆشی وەکو بوونێکی لە ماتەر بەدەر سەربەخۆیەو پێویستی بە لەش نییەو بەوەوە نەبەستراوە. هەروەها ناوەڕۆکی گیانەکی پێش پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەکەوێت خوا —کردەیەو مرۆڤ خۆی ناتوانێ بیگۆڕێتو خۆڕسکێك بەسەریا سەپێنراوە.

ئا لەم خاڵەدایە فەیلەسووفە بوونخوازەکان بە گژ ئایدیالیستەکاندا دەچنەوەو ڕەدی بۆچوونە کلاسیکیەکە دەدەنەوە. لەم ڕووەوە هایدیگر دەڵێت: ناوەرۆکی (Wesen) ئەم جۆرە بوونەوەرە (مرۆڤ) لە بوونیدایە. ئێمە دەبێت لە ڕێچکە ئۆنتۆلۆژیەکەمانەوە ئەوە ئاشکرا بکەین کە بوونی مرۆڤ (Existenz) وەکو بوونی بوونەوەرەکانی تر (Existentia) تەماشا نەکرێت[4]. مەبەستی هایدیگر لە جیاکردنەوەی بوونی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی ترەوە لەوەدایە کە مرۆڤ بە پێچەوانەی هەموو بوونەوەرێکەوە وەکو بازنەیەکی ناتەواوەو هێشتا خۆی پڕنەکردۆتەوە، لەبەر ئەمەشە بوونێکی دینامیکی هەیە. جا ئەگەر ئەم تۆژینەوەیە دروست بێتو بۆچوونی کلاسیکی نادروست، ئایا بۆچی پەیڕەوی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆژی هوسرڵ بکەین؟

فەلسەفەی بوونخوازی، بە تایبەتی فەلسەفەی مارتن هایدیگر، پەیڕەوی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆژی دەکات. هەروەها لەپێشان گوتمان هوسرڵ دەیەوێت ناوەڕۆکی بابەتەکان بدۆزێتەوەو ڕێچکەکەشی بۆ ئەو مەبەستە داناوە. بەڵام لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی مرۆڤو بوونی مرۆڤ جیاوازەو لە ناوەڕۆكو بوونی بابەتەکانی تر ناکاتو هەر تاکە مرۆڤیش خسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوا مەحاڵە ئەو ڕێچکەیە بۆ دۆزینەوەی ناوەڕۆکی مرۆڤ بەکاربهێنین. لەبەر ئەم هۆیە، بوونخوازەکان لەگەڵ هۆسرڵدا هاوڕا نینو ڕێچکەی فینۆمینۆلۆژی بۆ مەبەستێکی تر بەکاردەهێنن، ئەویش دۆزینەوەی مەرجە ئۆتۆلۆژییەکانە بۆ بوونی مرۆڤ.

مەرجە ئۆنتۆلۆژیەکان، هەرچەندە کۆمەڵێك خسڵەتی نەگۆڕن، هەرگیز نابن بە ناوەرۆکی مرۆڤ. بۆ ئەوەی زیاتر لەم لایەنە بگەین حەزدەکەم ئەوە بخەمە بەردەمی خوێنەر کە ڕۆڵی مەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانو ڕۆڵی کاتیگۆرییکان لە فەلسەفەی ئەمانوێل کانت (1724-1804) لە یەکەوە نزیکن. کانت دەبێژێ کە هیچ هەستکردنێك بەبێ کاتو شوێن ڕوونادات. کاتو شوێن دوو مەرجی سەرەکین بۆ پەیدابوونی زانینی هەستەکی، بەڵام نابن بە ناوەرۆك بۆ هەستکردن. هەرچەندە بەڵگەی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە ئەوە بسەلێنین کە هایدیگر ئەم بۆچوونەی لە کانتەوە وەرگرتووە، بەڵام دەگونجێ هایدیگر لەژێر کارتێکردنی کانتدا گەیشتبێتە ئەو بڕوایەو مەرجە ئۆنتۆلۆژییەکانی دۆزیبێتەوە.

مەرجە ئۆنتۆلۆژییەکان لە ڕێگای (داماڵینی فینۆمینۆلۆژی)ەوە دەدۆزرێنەوەو هەستەکی نینو دەکرێن بە دوو دەستەوە: دەستەی یەکەم، وەکو بوون لەناو جیهاندا (Being in the world)، بوون لە ناو شوێندا (Being-in-space)، بوون لەگەڵ کەسانی تردا ( Being- with- others) باسی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە دەرەوەی بوونی (خۆیی) مرۆڤدا

دەکەن. دەستەی دووەم، وەکو مەزاج (Mood)، تێگەیشتن (understanding) ئیحتیمال (possibility)، نیگەرانی (care)، بوون بەرەو مردن (Being- towards-death) و زۆری تریش لەناو بوونی (خۆیی) مرۆڤدان. مەرجەکان وەکو یەك گرنگن‌و کەسیان لەوی تریان کەمتر نییە. پاش‌و پێشخستنیان لە لیستەیەکدا دەکەوێتە سەر ڕۆڵی گشتیان‌و دەبێت تەماشای ئەو لایەنە بکەین کە ئایا کامەیان هەمەکیترە تاوەکو لەسەرو لیستەکەوە ڕیزی بکەین. بۆ نموونە، هەموو کەسێك مەزاجی هەیەو لە دەوروبەریش تێدەگات. هەندێ جار، وا ڕێکدەکەوێت کە مرۆڤ نازانێت ڕووداوەکان چۆن پەیدابوون و توانای تێگەیشتن نییە، بەڵام هێشتا مەزاجییەو لە ئاستیاندا دڵخۆشە یان خەمبار. دەشێ یان وەکو لە ژیانی هەموو یەکێك لە ئێمە ڕوویداوە، مەزاجەکانمان بگۆڕین، ڕۆژێك بەختەوەرین‌و لە خۆشیداین، ڕۆژی دوایی خەمبارو دڵتەنگین، بەڵام نەبووە ساتێك بەبێ مەزاج بین، ناتوانین خۆمان لە مەزاج دوورخەینەوە[5]. لەبەر ئەمە مەزاج لە تێگەیشتن زیاتر هەمەکیە، مرۆڤ بێ تێگەیشتن لە ڕوودانێك دەبێت، بەڵام بەبێ مەزاج نابێت.

بوونی مرۆڤ بەم مەرجانەوە وابەستە. بۆ ئەوەی مرۆڤ هەبێت، ئەوا دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت، دەبێت لەناو جیهاندا یان لەناو کۆمەڵدا بێت‌و مەزاجی لە دەوروبەرو بوونی خۆیی تێبگات‌و نیگەران بێت‌و هەروەها لە دوا جاریشدا دەبێ بمرێت. ئەم مەرجانە، جارێکی تریش دووبارە دەیکەینەوە، ناوەرۆکی مرۆڤ پێکناهێنن. هایدیگر لە هیچ نووسراوێکدا ئەم مەرجانەی بە ناوەرۆکی مرۆڤ دانەناوە. خۆ ئەگەر هاتوو بوونخوازێك ئەم مەرجانە بە ناوەرۆك بژمێرێت، ئەوا ئەویش چی لە فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان (وەکو ئەریستۆو دیکارت) کەمتر نابێت. مەرجەکان دەستەیەك خسڵەتی نەگۆڕن‌و هەمیشە وەکو خۆیان دەمێننەوە.

ئێمە تاکو ئەمڕۆ کەسمان نەدیوە لەناو جیهاندا نەبێتو بوونیشی بە بوونی کەسانی ترەوە نەبەسترابێتەوەو یان نەمرێت. دروستە ئەم مەرجانە بۆ بوونی هەموو کاتێك پێویستن، بەڵام خسڵەتی شلبوون کە بوو بە ناوەرۆکی ئاو، ئەم مەرجانە نابن بە ناوەرۆك بۆ بوونی مرۆڤ.

لێرەوە ئەو پرسیارە لە ئاستماندا قوت دەبێتەوە، کە ئایا بە بۆچوونی بوونخوازەکان ناوەرۆك چییە؟

بە دیدی فەلسەفەی بوونخوازی. مرۆڤ بەهاترینو بڵندترین فۆرمی بوونە، کە تایبەتمەندو ئاگامەندەو لە بوونی خۆیو جیهان دەکۆڵێتەوەو دەیەوێت لە واتای بوون بگات. زاراوەی "مرۆڤ" کە لێرەدا بەکاری دەهێنین بوونی هەر یەکێك لە تاکە مرۆڤەکانە کە تایبەتمەندەو لە بوونی تاکێکی تر جیاوازە. بۆ نموونە هەموو دەزانین کە (گۆران) هۆنەرێکی کوردە، بەڵام هەموو هۆنەرێکی کورد (گۆران) نییە. (گۆران) وەکو تاکێك بوونی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەس نابێت بە ئەوو جارێکی تریش گۆران پەیدا نابێتەوە. سەرەڕای ئەمەش بوونی مرۆڤ ناتەواوەو (نەبوونی) تێدایە. لەبەر ئەم نەبوونیەیە کە هەر یەکێك لە ئێمە بێوچان هەوڵدەدات خۆی تەواوکاتو خۆی بگەیەنێتە پلەی بەرزی تەواوکۆیی. ئەم بۆچوونە بەبێ ئەوەی گەردێك خۆی لەو ڕێچکەیە لابدات کە بوونخوازەکان پەیڕەوی دەکەن، هەڵوێستێکی فەلسەفیانەی نوێیە کە بۆنو ماکی ئایدیالیستانەو ماتەریالیستانەی پێوە دیار نییە. بوونی مرۆڤ ناگەڕێنێتەوە سەر ناوەرۆکی گیانەکی یان ماتەری بێ گیانو لە بوونی لەشیش کەم ناکاتەوەو نایکات بە قوربانی هۆش یان گیان. وەکو دەزانین، دیمانە، دووانەیەکەی دێکارت کە لەناو کۆجیتۆکەیدا ڕەنگی داوەتەوە: "من بیردەکەمەوە کەوابوو من هەم"، بوونی مرۆڤی کردووە بە دوو بەشی دورو جیاوازە (هۆشو لەش). شیکردنەوەوو تۆژینەوەی کۆجیتۆکەی دێکارت چەند خاڵێکی نارێك دەدات

بە دەستەوە کە بوونخوازەکان ڕەتی دەکەنەوەو بڕوای پێناکەن، لە سەروو هەموویانەوە پێشخستنی ناوەڕۆك "من بیر دەکەمەوە" و پاش خستنی بوونی لەشە "من هەم" بەشی یەکەمی کۆجیتۆ وابەستە بە بوونی ناوەرۆکی –گیانەکیەوە (یان هۆشەکی) کە سەربەخۆیەو پێش بوونی مرۆڤ لەسەر ئەم ئەستێرەیە پەیدابووەو دەتوانێت بەبێ لەش بژیو بوونی بەردەوام بێت. داترازانی بەشی یەکەم لە بەشی دووەمەوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە ناوەڕۆك ئەوەندە پێویستی بە لەش نییە. دروستە کە لەش بۆ جوڵانو گۆڕانێك پەنا دەباتە بەر ناوەرۆکە هۆشەکیەکە، بەڵام ناوەرۆکی هۆشەکی خۆی خۆی دەجوڵێنیٚو پشت بە لەش نابەستێت. مەترسی بوونخوازەکان لە ئاستی ئەم بۆچوونە ئایدیالیستەدا لەوەدایە کە کۆجیتۆکەی دێکارت ڕۆڵی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی ئاگامەندو کۆمەڵخواز کەم دەکاتەوەو (خۆ-زات)ی مرۆڤ لە کۆمەڵو جیهان دابڕ دەکاتو زیاتریش تووشی نامۆییمان دەکات. بڕواکردن بە بوونی مرۆڤ بەو جۆرەی دێکارت پەنای بۆ بردووە، کە مرۆڤ ناوەڕۆکێکی هۆشەکی هەستپێنەکراوە، بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ ڕووبەست دەکاتو لەژێر تواناو بڕستی زانینی دووردەخاتەوە. کاتێك هاوڕێکەم دەبینم، ئەوەی من دەیناسمو توانیومە لە ڕێگای هەستکردنمەوە بیدۆزمەوە ڕەگو باڵاو ڕوخساری لەشی هاوڕێکەمە، ناتوانم ئەو، بەو شێوەیەی دیکارت پێناسی دەکات (ناوەڕۆکی- هۆشەکی) بیناسمو ئەویش بە هەمان شێوە، ناتوانێ من بە تەواوی بناسێت.

ئەم بۆچونە ئایدیالیستە کە زیاتر یان ئاشکراتر لەلای لایبنیزی فەیلەسوفی ئەڵمان (1646-1716) دەردەکەوێت. بە ڕای ئەم فەیلەسوفە مرۆڤ لە مۆنادی گیانەکی (Monad) پێکهاتووە. مۆنادیش وەکو ناوەرۆك، گەردی گیانەکیو داخراوە، لە دەرەوەیدا کاری تێناکات[6].

گۆڕانکاری ناو (خۆ)ی مرۆڤ ئەوە دەردەخات کە بوونی مرۆڤ ناتەواوەو کەموکورتی تێدایەو خاوەنی (نەبوونییە)، ئەمەش نەك بە تەنیا ڕاستەقینەیەکی درکپێکراوە، بەڵکو سەرەنجامێکی لۆژیکمەندانەیەو لە پاش ئەو باوەڕەوە هاتۆتە کایەوە کە بوونی ئەم بوونەوەرە بە دینامیکی دادەنێت. بوونی پڕو تەواو وەکو فۆرمە ئایدیاکانی ناو فەلسەفەکەی ئەفلاتونو خوای ناو ئاینەکان گۆڕانی تێدا ڕوونادات. لەبەر ئەم هۆیەشە ئەفلاتون گۆڕانکاری بە خراپە دادەنێتو بە چاوێکی نزم تەماشای دەکەن. ئەگەر بوونی مرۆڤو ناوەرۆکی وەکو ئەو فۆرمە ئایدیالانە پڕو تەواو بوایە، ئەوا ئیتر گۆڕانی بەسەردا نەدەهاتو هەوڵی خۆ تەواوکردنیشی نەدەدا. بوونی مرۆڤ کە لە ناوەڕۆکی جیانابێتەوە دینامیکیو ناتەواوە، ناتەواوی بوونی لەوەدایە کە هێشتا ناوەڕۆکی پەیدا نەبووەو دەبێت خۆی ئەو ناوەڕۆکە بخوڵقێنێ، لە پێشا دێتە بوونەوەو ئەوسا بە گوێرەی هەڵبژاردنی پرۆژەکانیو هەڵوێستەکانی ناوەڕۆك بۆ خۆی دادەمەزرێنێ. ئەم تۆژینەوەیە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە کۆجیتۆکەی دێکارت ئاوەژوو دانراوەو پێویستی بە گۆڕانێکی بنچینەیی هەیە.

تاوەکو مرۆڤ پەیدا نەبێتو نەیەتە بوونەوە، ئەوا ناتوانین باسی ناوەڕۆکیشی بکەین. لەم حاڵەتەدا ئەمسەرو ئەوسەری کۆجیتۆکە ئاڵوگۆڕ دەکەینو بە پێچەوانەی دێکارتەوە دەڵێی: "من هەم کەوابوو من بیردەکەمەوە"(7).

ئاڵوگۆڕکردنی کۆجیتۆکە دوو خاڵی گرنگو سەرەکی دەخاتە پێش چاومان.

1-ناوەرۆك دەبێت بە پاشکۆی بوون، مرۆڤ دێتە بوونەوەو ئەوسا ناوەرۆك بۆ خۆی پەیدا دەکات.

2-پێشخستنی بوون ڕەتی ئەو باوەڕە دەداتەوە کە خۆڕسکێکی نەگۆڕاو بۆ مرۆڤ دادەنێت. ئەمانگەیەنێتە بڕوایەکی بوونخوازانە بە بوونی مرۆڤ کە مرۆڤ بە داهێنەری (خۆ)ی خۆیەتی دادەنێ.

ئەم دوو خاڵە دەبن بە بنچینەیەکی لۆژیکمەندانە بۆ سەربەستی. خۆ ئەگەر مرۆڤ بەو شێوەیە بێت کە دێکارتو شاگردەکانی باسیان کردووەو خۆڕسكو ناوەڕۆکێکی نەگۆڕاوی پێبەخشرابێت، ئەوا ناتوانین باسی سەربەستی بکەین، چونکە ئێمە هەرچییەك بین، هەژار یان دەوڵەمەند. ڕەش یان سپی، نوێخواز یان کۆنەپەرست، ئەوا لە چارەمان نووسراوەو لە تواناماندا نییە تۆزقاڵێکی لێ بگۆڕین. بۆچونە ئایدیالیستەکە تواناو بڕستی داهێنانو گۆڕان لە دەست مرۆڤ زەوت دەکەنو دەیبەستێتەوە بە ڕێچکەی دۆگمای ناچارەکیەوە.

سەرەنجامی باسەکەمان ئەوەیە کە ناوەڕۆکی مرۆڤ، بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی هەموو بوونەوەرەکانی ترەوە، لە ئاکامی هەڵبژاردنو داهێنانی خۆی دروست دەبێت. مرۆڤ هەرچیەك بێت ئەوا خۆی خۆی هەڵبژاردووە. هایدیگر لەم ڕووەوە دەڵێت: "ناوەڕۆکی مرۆڤ لەگەڵ بوونیدایە. خسڵەتەکانی وەکو خسڵەتی بابەتە بەردەستەکیەکان نینی، چونکە مرۆڤ خۆی دایهێناونو شیاونو هیچی تر"(8). هەڵبژاردنی پرۆژکانی ژیانمان دەبن بە بەردی بناغەو ستونی ناوەڕۆکمان، جگە لەو پڕۆژانە ناوەڕۆکی مرۆڤ هیچی تر ناگرێتە خۆی. کاتێك پرۆژەکانمان دێنە ئەنجامو تەواو دەبن، ئەوا دەبن بە ڕابردوومانو لەوە زیاتر گۆڕانیان تێدا ڕوونادادتو دەبێت ڕووبکەینە پرۆژەکانی داهاتوومان. مرۆڤی خۆناسو خۆنەناس لە ئاستی وەدەستهێنانو بڕیاردان لەسەر پرۆژەکانی ژیانی جیادەکرێنەوەو دەناسرێن. ئەو کەسەی خۆی بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بداتو خاوەنی هەڵبژاردنی خۆی بێت، ئەوا مرۆڤێکی خۆناسو سەربەستەو خۆی ناوەرۆك

بۆ خۆی دادەهێنێت. کەسێکیش لە ئاستی پرۆژەکانی ژیانیا چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی بکات تاوەکو بڕیاری بۆ بدات، ئەوا ئەو کەسە سەربەستی دەدۆڕێنێتو وەکو مرۆڤێکی خۆنەناس نا-ڕەسەنو نامۆیەو ناتوانێت ناوەڕۆك بۆ خۆی دروست بکاتو پەنا دەباتە بەر دێمانەی ناچارە.

زانکۆی مالبۆڕن 1997/12/5

## پەراوێزەکان:

*مەبەستم لە بوونخوازی "وجودیەت"ە.

1-Husserl, E. Ideas: General Introduktion to Phenomenology, translated by W. R. Boece Gibson, London: Georg Allan & Unwin, 1931. p. 243.

2-Ibid.

3-Aristotle, Metaphysics, Z Book Vll, Chp IV. 10296. (ed) W. Ross and J. A. Smith, Oxford: Clarendon Press, 1908.

4-Heidegger, Martin, Being and Time, translated by J. Macquarie and E. Robinson, London: Blackwell, 1995. Secction 42. p. 68.

5-Ibid, section 136. p. 175.

6-Leibniz, “Monadology”. The Rationalists, translated be G. Montgomery, New York: Anehor Books, 1974. p. 455.

7-Sartre, Jean- Paul, Existentialism and Humanism, tradslated by Philip Mariet, London: Eyer Methuen, 1975. p. 41.

8-Heidegger. M. op. cit. section 4. p. 67.

## (هایدیگرو پۆست –مۆدێرنتی)

تازەگەری (مۆدێرنتی) بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی ژیانی کەلتووری گەلانی ئەوروپایە. ئاڵوگۆڕکردنی شێوازی بیرکردنەوەو بۆچوونی زانستیانەو هۆشەکییانەیە کە دەرگای سەردەمێکی نوێی لە مێژووی ئەو گەلانەدا ئاوەڵا کردووە. ڕێنەسانو تەنویرە، یاخیبوونە لە نەریتو ماکۆی پاشکەوتووی بیروباوەڕی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاستو دەسەڵاتی کەلیسە کە تەنی بەسەر ئازادی مرۆڤدا چنیبوو. ماکس ویبەری کۆمەڵناس لەم ڕووەوە دەڵێت، مەوداو بەهێزی بزووتنەوەی تازەگەری لەوەدایە کە ئەم بزووتنەوەیە باوەڕی بە هۆشی مرۆڤ هەیەو خۆی لەسەر زەمینەی هۆشەکی دادەمەزرێنێت[1]. تازەگەری دژی ئەو دۆگمایانە ڕادەوەستێت کە خۆیان لەبەر تاقیکردنەوەکانی هۆشدا ڕاناگرنو بنەمایەکی لۆژیکمەندانەیان نییە تاکو هۆش باوەڕیان پێبهێنێت. لەم حاڵەتەدا ئەگەر بمانەوێت شوناسو خسڵەتەکانی تازەگەری بناسین، ئەوا ئاماژەکردنی زەمینەی هۆشەکی دەبێت بە خاڵێکی هەرە سەرەکیو گرنگ، تازەگەری بە بێ ئەم هەڵوێستە هۆشمەندانە نابێتو نییە.

تازەگەری وەکو بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی، هەڵبەتە، گەلێك لایەنو ڕووی هەیە کە پەنجە بۆ هەموو کونو کەلەبەرێکی ژیانی مرۆڤ ڕادەکێشێت. تازەگەری وابەستە بە یاخیبوون لە دەستەڵاتی کەشیشەکانو بیروباوەڕی دۆگمای کەلیسە، سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیو دەستەڵاتی چینی سەرمایەدارىو ئایدۆلۆژیەتی نەتەوەپەرستی دژی ڕژێمی دەرەبەگایەتی. شۆڕشی زانستە دژی لێکۆڵینەوەی زانستانە بە پێشەوایەتی زانایانی وەکو کیپلر، کۆپرنیکۆسو گالیلۆ کە بە دامەزراندنی تیۆری هێلیۆسینتریك Heliocentric گۆڕانکارییەکی مەزنیان هێنایە

كایەوەو تیۆری جیۆسێنتریكیان Geocentric بە درۆخستەوە. تیۆری جسۆسینتریك كەشیشەكان لە سەدەی دووەمی زایینیدا لە پتۆلیمی Ptolemy یان وەرگرتو بە باوەڕێكی ئایینی پیرۆزیان دانا. بە گوێرەی پتۆلیمی زەمین لە چەقی گەردووندا وەستاوەو خۆرو ئەستێرەكانی تر بە دەوریا دەسوڕێنەوە. هەر لەم بۆچوونەی پتۆلیمییەوە كەشیشەكان نیازی سەلماندنی ئەو بیروباوەڕەیان هەبوو كە گوایە خوا جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێكی تری لەسەر ئەستێركان نەخوڵقاندووەو مرۆڤ مندالّی تاقانەو خۆشەویستی خوایەو جێگایەكی بەرزو تایبەتیی هەیە. تیۆری هێلیۆسێنتریك زانستانە، واتە بە بەڵگەو سەلماندنی تاقیگەرانە ئەم بۆچوونە ئایینییە ڕەت دەداتەوەو ئەوە رادەگەیەنێت كە زەمین چەقی گەردوون نییەو خۆریش بە دەوریا ناسوڕێتەوە، بەڵكو زەمین بە دەوری خۆردا دەگەڕێت.

شۆڕشی پیشەسازیش بە پاڵپشتی شۆڕشی زانستی گۆڕانكارییە كۆمەلاّیەتیو ئابوورییەكانی لەگەڵ خۆیدا پەیداكردو دەستەلاّتی چینی سەرمایەدارو ڕژێمی نەتەوەپەرستانەی ڕەخساند كە لە ئاكامدا ئەو دەستەلاّتە وەكو دیاردەیەكی ڕامیاریو ئابووری شێوازی ئیمپریالیستیو گرێی خۆ بە زل دانانو ڕەگەزبازی لەناو كەلتوری ئەوروپادا دامەزراند.

لە مەیدانی فەلسەفەدا، تازەگەری ئەو شێوازی بیركردنەوەیە دەگرێتەوە كە لەگەڵ ڕێنە دێكارت (1591-1650) و فەرانسیس باكۆن (1561-1625)دا سەریهەڵداو دەستەلاّتو برستی زانینی ڕاستەقینەو لە گومان بەدەری گەڕاندەوە سەر هۆشی مرۆڤو لەوە زیاتر خۆی بە بیروباوەڕی ئایینییەوە وابەست نەكردو پەڕتووكو تێكستە ئایینییەكانیشی نەكرد بە سەرچاوەی ڕاستەقینە. لەم ڕووەو كانت لە نووسراوەكەیدا لەسەر تەنویر (What is Engihtenment? 1784) تازەگەری بە ئازادكردنی هۆشو

بیرکردنەوەی مرۆڤ دادەنێتو کۆنەگەریش بە کۆیلایەتیو ژێردەستیو بیرتەسکی دەداتە قەڵەم:

"تەنویر ئاگاهاتنەوەیە لە ناتەواوی بوون، ناتەواویش بێ توانای تێگەیشتنو ژێردەستەییە. ئەم ناتەواوییە لە دەرەوە بە سەرماندا نەسەپێنراوەو دەستکردی خۆمانە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە توانای تێگەیشتنمان نییە. ناتەواوی بوونمان لەوەدایە کە ئێمە داوا لە کەسانی تر دەکەین بیرمان بۆ بکەنەوەو بڕیارمان بۆ بدەن. ئاڵای تەنویر کەوابوو لێرەدا ئەمەیە .Sapereaude ئازا بەو مێشکی خۆت بۆ بیرکردنەوە بەکاربهێنە"[3].

فەلسەفەی تازەگەری هەرچەندە گۆڕانکارییەکی مەزنی لە سەردەمی خۆیدا خوڵقاندو دژی دەستەڵاتی فەلسەفەی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست یاخی بوو، ئەوا ئەمڕۆ ئەو هێزو توانایەی نەماوەو لە ڕێگای گەشتەکەیدا، لەگەڵ سەرهەڵدانیەوە تاکو ئەمڕۆ، هەرچ وزەو زەخیرەیەکی هەبوو سووتاندوویەتیو لەوە زیاتر بڕناکات. مرۆڤی سەردەم ئەمڕۆ وەکو کەسانی سەردەمی تازەگەری بیرناکاتەوەو وەکو ئەوانیش چارەسەری کێشەکان ناکات. تازەگەری، ئەگەر بە چاوی ئەمڕۆوە تەماشای بکرێت، ئەوا ڕەنگی تازەگەری پێوە نامێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤی ئەمڕۆ لە قۆناغێکی نوێتردا دەژیو باوەڕو بۆچونی لە پێشتریشی هەیە کە ئەگەر هاتوو لەگەڵ باوەڕو بۆچوونەکانی تازەگەریدا بەراورد کران ئەوا تازەگەری لە ئاستیاندا تازەوگەر نییە، چونکە ئەو قۆناغەیان بڕیوەو خۆیان گەیاندووەتە قۆناغێك لەودیو یان لە پاش تازەگەرییەوە کە بە پۆست مۆدێرنتی دادەنرێت.

واژەی پۆست مۆدێرنتی، بۆ یەکەم جار، ڕۆدۆلف پانویتز Rudolf Pannwitz لە ساڵی 1917 لە پەڕتووکەکەیدا لەسەر کەلتوری ئەوروپا

بۆ فەلسەفەی فردریك نیتشەی بەکارهێناوە. بە ڕای ئەم زانایە نیتشە یەکەم فەیلەسوفە کێشەکانی تازەگەری ڕەت دەداتەوەو سەردەمێکی نوێترو جیاواز لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە کایەوە[4]. لە ساڵی 1939 بیرنارد ئێدینگس بێڵ Bernard Iddeings Bell سەردەمی پۆست مۆدێرنتی بە ئیفلاس بوونی ڕژێمو باوەڕی عیلمانیو Secularism و ژیانەوەی بیروباوەڕی ئایینی داناوە[5] کە هەندێك لە زانا موسوڵمانەکانی ئەمڕۆش وەکو ئەکبەر ئەحمەد، لە بۆچوونەکەی (بێڵ)ەوە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەلەف بە دیاردەیەکی پۆست مۆدێرن دادەنێت. کە بە ڕای من ئەم بۆچوونە بنچینەیەکی لۆژیکمەندانەی نییەو تەنیا خاڵێکی لێکچوون لە نێوان پۆست مۆدێرنتیو سەلەفیەتدا هەبێت ئەوەیە کە هەردووکیان مۆدێرنتی بە دوژمنی خۆیان دادەنێن.

بزووتنەوەی تازەگەری تووشی بەرگریو ڕەخنەلێگرتن لە زۆر لایەنەوە بوو، لە سەردەمی تازەگەریدا تاکو ئەمڕۆش کەشیشەکانو پیاوانی ئایینی دژی تازەگەرینو هەروەها زانایانی وەکو ژان ژاك ڕۆسۆ (1712-1778) و یۆهان گۆتفرید فۆن هێردر (1744-1803) لەگەڵ پێشەوایانی تازەگەریدا هاوڕا نەبوون. ڕۆسۆلاری لە پێشکەوتنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا نەبوو، تەنیا لەگەڵ ئەو خاڵەدا ڕێنەدەکەوت کە پێشکەوتن لە سەردەمی تازەگەریدا بە ڕۆڵی ماکینەو پیشەسازیو ژیانی شاری دادەنرا. بە دیدی ئەم زانایە مرۆڤ چەند لە سروشتەوە نزیك بێتو ژیانی ساکار بێت ئەوەندە بەختەوەرو ئاسوودەیەو تووشی سەریەشە نابێت لەم بارەیەوە، لە یەکێك لە پەڕتووکەکانیدا دەڵێت:

(مرۆڤی شارستانیو مرۆڤی ناشارستانی جیاوازییان لەوەدایە کە ئەوەی بۆ یەکێکیان مایەی بەختەوەریو ئاسوودەییە، ئەوا بۆ ئەوی تریان خەمو خەفەتە. مرۆڤی ناشارستانی هەوای سەربەستیو ئاسوودەیی هەڵدەمژێت،

دەیەوێت ئازاد بێتو لەژێر باری کارکردندا نەژی.. مرۆڤی شارستانیش، هەمیشە کاردەکات، ئارەق دەرێژێت، ماندوو دەبێت بە دوای کاردا وێڵە)(6).

هەروەها، ڕۆسۆ لە پەرتووکی ( 1762Social Contract)دا باشتر ئەم لایەنە تاریکەی تازەگەری ڕوون دەکاتەوە، لەو باوەڕەدایە کە زەبرو زۆری سیستەمی تازەگەری سەربەستی مرۆڤ زەوت دەکاتو داموو دەستگایەکی کۆیلایەتی نوێ دهێنێتە ناو کۆمەڵەوە. زانایانی سەر بە بزووتنەوەی ڕۆمانسیەتیش لەگەڵ چۆنیەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ، لەسەردەمی تازەگەریدا، ناڕێك بوون، تازەگەری، بە گوێرەی ئەمان بەها جوانو بەرزەکان لەناودەباتو بواری ئازادی (خۆ)یی تاکەکان دەبەستێت. ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیرییەی تازەگەری دایمەزراندووە، دەبێت هۆکارێك بۆ خەفەکردنو نامۆکردنی خۆیی مرۆڤ لە ڕەسەنییەتی خۆی.

پۆست مۆدێرنتی شوناسو خسڵەتێکی تایبەتمەندی نییە تاکو بە بێ ترس پەنجەی بۆ درێژ بکەین، بەڵام بێ مشتومڕ هەموو ئەو بیروباوەڕو دەستگایانەی ئەمرۆی شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە کە لە تازەگەری ناڕازینو دەیانەوێت لەوە زیاتر بەرەو پێشەوە بڕۆن. بۆ نموونە، نەفرەت کردن لە کەلتوری ئیمپریالیزم، ڕەگەزپەرستی، باوەڕهێنان بە فرە کەلتورو پلورەلیزم، لەناوچوونی دەستگای خێزان، ئازادی ئافرەت، داواکردن بۆ ماڤی هۆمۆسێکسوەلیزمو زۆری تریش دیاردەکانی پۆست مۆدێرنتین، لە فەلسەفەشدا، ئەم واژەیە لە لایەن زاناو فەیلەسوفو فەرەنسا وەکو ئیمانۆکل لیڤیناس **Emmanucl Levinas** و گیڵس دیلویز **Gilles Deleze** و ژاك دێریداو **Jacqeuce Derrida** و ژان فرانسیس لیۆتارد **Jcan- Francdis Lyotard** لە ساڵەکانی شەستەوە بەکارهێنراوە. ئەم زانایانەی ناومان هێنان، بە ڕابەرانی پۆست- سترەکچرەلیست ناسراونو خۆیان لە فێرگەی سترەکچرەلیست یان بونیادگەری دووردەخەنەوەو

باوەڕیان بە بوونی تاکە بنکە یان سترەکچەرێك بۆ واقع نییە. لیڤیناس لە کۆلێجی جوەکان لە پاریس مامۆستای فەلسەفە بوو، لە ساڵی 1928دا ئامادەی لێکچەرەکانی هایدیگەر لە فرایبۆرگ دەبوو، لە نزیکەوە هوسرڵو هایدیگری دەناسیو لەژێر کرتێکردنی فینۆمینۆلۆجی هوسرڵو ئۆنتۆلۆژی هایدیگردا بیردەکاتەوە. دێریداش وەکو ئەلبێرت کامۆ لە جەزائیر لەدایك بووەو لە فەرەنسا خوێندوویەتی، ئێستاش لە زانکۆی کالیفۆرنیا مامۆستایە. بیروباوەڕی دێریداش Deconstrution مۆرکی فەلسەفەکەی هوسرڵو هایدیگری بە ئاشکرا پێوە دیارە.

بە تێکڕا فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرنتی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێك دەکەونو هاوڕان:

یەکەم: ڕەتدانەوەی گەڕان بە شوێن بنەڕەتی واقعدا.

دووەم: باوەڕنەکردن بە بوونی زاتێکی سەربەخۆو لەلاشە بەدەر وەکو ناوەڕۆکی گیانەکی (دیکارت) لە پشت هەموو تاقیکردنەوەکانی مرۆڤەوە.

سێهەم: باوەڕنەکردن بە بەهای ڕەوشتی بەرزو هەمەکی کە بۆ هەموو شوێنو کاتێك دروست بێت.

چوارەم: ناسینو تێگەیشتن لە مانای هەموو بەهاو دەقو چەمکێك لە نێوان بونیادی کەلتوورو مێژوودا.

ئێستاش لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەدا باسی ئەوە دەکەین کە چۆن فەلسەفەکەی مارتن هایدیگر گوڕو هێزی پۆست مۆدێرنتی هەیەو چۆنیش بە یەکێك لە فەلسەفە زیندووەکانی پاش تازەگەری دادەنرێت.

مارتن هایدیگر (1889-1976) فەیلەسووفێکی ئەڵمانەو هەرچەندە خۆی حاشا لەم مەسەلەیە دەکات، بەڵام بە یەکێك لە ڕابەرانی فەلسەفەی بوونخوازی Existentialism دادەنرێتو کارێکی زۆری کردۆتەسەر بیروباوەڕی ژین پۆل سارتەریش. ئەم فەیلەسوفە لە شاری مێسکرش

Messkirch لە دایکبووەو لە زانکۆکانی ماربۆرگو فرایبۆرگ مامۆستای فەلسەفە بووە. کە نازییەکان دەستەڵاتیان پەیداکرد، هایدیگر بوو بە یەکێك لەوانو کرا بە سەرۆکی زانکۆی فریبۆرگ، بەڵام پاش ساڵێك لە ساڵی 1934 وازی لە کارەکەی هێناو زانکۆشی بەجێهێشتو دەوڵەتیش لەسەر ئەم کارەی سزای دا.

لە ساڵی 1927دا هایدیگر یەکەم شا بەرهەمی فەلسەفی خۆی بە ناوی بوونو کات Sein und Zeitوە بلاوکردەوەو بەو نیازەوە کە وەڵامی ئەو پرسیارە هەرە گرنگە بداتەوە، ئایا بوون چی مانایەکی هەیە؟ کە ئەمرۆ کارێکی زۆری کردۆتە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی لە پاش سەردەمی تازەگەرییەوە لەسەر بوونی مرۆڤ دامەزراون.

بە دیدی هایدیگر، بیروباوەڕی فەلسەفی ئەوروپا تووشی دوو شکستو کەموکورتی هاتووە:

یەکەم: بۆچوونە میتافیزیکییەکان، هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوەو گەڕان بە دوای بنۆسێکی هۆشەکی بڵندو لە ماتەر بەدەرو نەناسراو یان نادیار مرۆڤی ئەوروپای تووشی بێهودەییو هەستکردن بە ئیفلاس بوون کرد. لەبەر ئەم هۆکارەش مرۆڤی ڕۆژاوا ڕووی کردە زانستو لێکۆڵینەوە لەسەر سروشتو لەم تۆژینەوەیەشەوە هەر گەڕانو بۆچونێك زانستانە نەسەلمێنرایە ئەوا مۆری خورافاتو پاشکەوتوو یان بێکەڵکیان لێدەداو لە مۆزەخانەی مێژوودا دایاندەنا.

دووەم: فەیلەسووفەکان لە پاش ئەرستۆوە خۆیان لە ڕاستەقینەی بنەڕەتی (بوون) دوورخستەوەو زیاتر بە لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتە بەردەستەکییەکانەوە خەریکبوون[7].

لە سەرەتاوە هایدیگر لەو کەلتورە کلاسیکییە فەلسەفییانە یاخی دەبێتو وەکو نیتشەش ڕەفزی میتافیزیك دەکاتو گەشتەکەی لە

ویستگەیەکی نوێو جیاوازەوە دەستپێدەکات. ڕەفزکردنی میتافیزیك ئەوە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لەمە زیاتر کاتی خۆی بە دوای گەڕان بە شوێن بنووسێکی خۆشەکیو دوورەوە بە فیڕۆ نەدات، چونکە مەسەلەو کێشەی بنەڕەتی بوون لە ئاستی ئەو بنۆسە بەرزەدا نییە، بەڵکو (بوون خۆی کە لە پێستی لەشمان زیاتر لە ئێمەوە نزیکەو ئێمەش بەشێکین لە ئەو، سەرچاوەو بنەڕەتی هەموو ڕاستەقینەیەکە[8]. (بوون) جیهانی بەرزی فۆڕمە هەمەکییەکانی ئەفلاتونو(9) بنۆسە بێ بنۆسەکەی ئەریستۆو نومینەکەی کانت نییە کە لەودیو تواناو برِستی تاقیکردنەوەکانی ژیانمان بێتو هۆشی مرۆڤیش نەتوانێت دەستی خۆی پێبگەیەنێت. ئەو ڕاستەقینە بەرزەی ئەم زانایانە باوەڕی پێدەهێنن دوورو شاراوەن. بە دیدی ئەفلاتون، بە تەنیا فەیلەسوفەکان، نەك هەموو کەسێك، ئەو دەستەڵاتەی دراوەتێ کە فۆڕمە هەمەکییەکانی ئەو جیهانە بناسێتو کانتیش لەو باوەڕەدایە کە هۆشی مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە نومینەو خسڵەتەکانی بدۆزێتەوە[10]. بوون لە ڕێگای دیاردەکان (فینۆمینە) خۆی دەردەخاتو بێجگە لە دیاردەکانی هیچی تر نییەو هیچ دیوێکی شاراوەو ناوەڕۆکێکی نادیارو بەرزی نییە. نهێنییە شاراوەکانی بوونیش ئەو دیاردانەن کە هێشتا خۆیان دەرنەخستووە. بۆ نموونە، ئەمڕۆ ئاووهەوا خۆشەو باران ناباریێت. ئەنجا باران وەکو دیاردەیەکی بوون، ڕاستەقینەیەکی بەرزو شاراوەی نیە کە زانینی مرۆڤ پەی پێنەبات، بەڵکو دیاردەیەکە کە تاکو ئێستا یان هێشتا خۆی دەرنەخستووەو دەشێت پاش ماوەیەکی تر خۆی دەرخات. بوون کاتییەو دیاردە دیارو نادیارەکانیشی لەناو بازنەی ئەو کاتییەتەدا دەسوڕێنەوە، دێنو دەڕۆن، سەرهەڵدەدەنو ون دەبن. ئەوەی هەیە بوونەو ئەوەی نییەو لە داهاتوودا پەیدا دەبێت هەر بوونە تاکو ئێستا خۆی دەرنەخستووە. بوونیش وەکو ڕاستەقینەیەکی ئۆنتۆلۆژی لە بنۆس بە

دەرەوە هێزێکی هۆشەکی دەرەکی نەیخولقاندووە. بەم شێوەیە، لەم تۆژینەوە ئۆنتۆلۆژییەوە خۆمان لە بۆچوونە میتافیزیکییەکەی ڕابەرانی فەلسەفەی ئایدیالیستی دەپارێزین‌و ڕەسەنییەتی بوونیش ناگەڕێنینەوە سەر بنۆسێکی دوورو لە بنۆس بەدەر کە هۆشی مرۆڤ نەتوانێت خۆی لە قەرەی بدات.

هایدیگر، لە سەرەتای گەشتەکەیەوە دژی فەلسەفەی تازەگەری دێکارت ڕادەوەستێت‌و لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بوونی مرۆڤ (Dasein) دەبەستێتەوە بە ڕوانین‌و بۆچوونێکی هەرە جیاوازو ناکارتیزییانە[11]. ئەم وەکو دیکارت بوونی مرۆڤی لە جیهان دابین ناکات‌و بە ناوەڕۆکێکی گیانەکی دانابێت. واژەی (Dasein) بە زمانی ئەڵمانی لە دوو وشە پێکهاتووە: (Da) واتە لێرە یان لەوێ‌و (Scin) بوون: ئەمەش واتە بوون لێرە، لەناو جیهاندا. بوونی مرۆڤ جیهانییەو بەبێ جیهان نابێت. دەبینین ئەم تۆژینەوەیە زیاتر لە بەشی سێهەمی پەڕتووکی یەکەمی بوون‌و کاتدا Scin und zeitدا خۆی دەسەلێنێت‌و (بوون- لە- ناو- جیهان)دا دەبێت بە شا مەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ بوونی مرۆڤ[12]. لەم مەرجە ئۆنتۆلۆژییەشەوە مەرجەکانی تر وەکو (بوون- لەگەڵ) و (نیگەرانی) و.. هتد دەردەچن. بە کورتییەکەی گرنگی ئەم مەرجە ئۆنتۆلۆژییانە لەوەدایە کە پێویستە بوونی مرۆڤ لەناو بونیادی جیهان‌و کۆمەڵ‌و مێژوودا بناسرێت‌و ئەو هەرگیز لەم مەرجانە جیانابیتەوەو دابین ناکرێت. بوونی مرۆڤ ناوەڕۆکێکی گیانەکی یان مۆنادی فەلسەفەکەی لایبنز نییە سەربەخۆ بێت‌و پەیوەندییەکی ترازاوو سوکەڵەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا هەبێت. بوونی مرۆڤ بەبێ جیهان‌و کۆمەڵ نابێت‌و نییە. دازاین Dasein کە زیاتر مانای (بوون) دەگرێتەوە نەك ناوەرۆکی مرۆڤ Esscnce، وەکو بابەتە بەردەستەکییەکان (مێزو کورسی) خاوەنی ناوەرۆکێکی بەسەرا سەپێنراو نییەو یان ناوەرۆکێکی لە

پێشتری نییە کە هێزێکی دەرەکی میتافیزیکی بڕیاری لەسەر دابێتو پەیدای کردبێت! ناوەڕۆکی مرۆڤ لە بوونیدایە،

"ناوەڕۆکی دازاین لە بوونیدایە. ئەم بوونەوەرە، هەرچ خسڵەتێکی هەبێت ئەوا وەکو خسڵەتەکانی بابەتە بەردەستەکییەکان نەگۆڕو چەسپاو نین، بەڵکو کۆمەڵێك خسڵەتی گونجاوە کە گۆڕانکارییان تێدا ڕوودەدات"[13].

مرۆڤ دێتە جیهانەوە، خاوەنی ناوەڕۆك نییەو خۆی لە ئەنجامی بیرکردنەوەو کارکردنو هەڵسوکەوتەکانیدا ناوەڕۆك بۆ خۆی پەیدا دەکاتو دەبێت بە نووسەرو خاوەنی ژیانی خۆی. مرۆڤ هەرچییەك بێت، ترسنۆك یان ئازا ئەوا خۆی ئەو هەڵوێستەی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو کردوویەتی بە بەشێك لە ناوەڕۆکی خۆی. بێگومان پەیداکردنی ناوەڕۆكو هەڵبژاردن لەناو بۆشاییدا ڕوونادەنو مرۆڤ هەرچییەك بکاتو هەرچۆن بژی ئەوا ڕاستەوخۆ لەناو جیهانو کۆمەڵدایەو لەگەڵ دەوروبەریدا هەڵسوکەوت دەکات. ئێمە ناتوانین بە بێ جیهانو کۆمەڵ بیر لە بوونی مرۆڤ بکەینەوەو بوونی مرۆڤیش بەڵگەیەکی لۆژیکمەندانەیە بۆ سەلماندنی بوونی جیهانو کۆمەڵ بە ڕێگای ئۆنتۆلۆژیدا. ئێمە حاشا لەوە ناکەین کە مرۆڤ دەتوانێت بە تەنیا بژیو دەستەو ئەژنۆ لە سوچێکدا بەبێ کەسانێك ژیان بگوزەرێنێت، بەڵام با ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە هەڵبژاردنی ژیانی تەنیایی (هەرچەندە کاتییە) بەڵگەو سەلماندنی بوونی کەسانی ترە، چونکە تەنیایی پاشگەزبوونەوەیە لە کەسانی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەتا کەسانی تر نەبن ئێمە ئەو هەڵوێستە هەڵنابژێرین.

فەلسەفەی تازەگەری باوەڕی بە ڕاڕەوی دووانەکی هەیە، خۆی مرۆڤو جیهانی دەرەوە بە دوو شێوازی ناکۆكو جیاواز دادەنێت. جیهان لە ئاستی خۆی مرۆڤدا دەکات بە هێزێکی نەناسراوو هەڕەشەکەر لە بوونی مرۆڤ،

لەبەرئەمەشە هانی مرۆڤ دەدات بەسەر ئەو لایەنە بەهێزو هەڕەشەکەرەدا زاڵ بێتو بیکات بە موڵکی خۆیو سوودی لێوەربگرێت. هایدیگر بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، جیهان بە هێزێکی هەڕەشەکەر دانانێتو مرۆڤی لێوە دەرناهێنێت. جیهان، جگە لەوەی کە شامەرجێکی ئۆنتۆلۆژیی بوونی مرۆڤە، نیشتمانی پیرۆزیشە، ئەو ماڵە پاکو جوانەیە کە تیایدا لە دایك دەبینو تیایدا گەشە دەکەینو تیاشیدا دەمرین. جیهان هەڕەشە لە بوونمان ناکات چونکە ئێمە بەشێکین لە جیهانو بوونمان جیهانییە.

پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و جیهان بە تەنیا لەسەر زانین (ئەپستمۆلۆژی) نەوەستاوەو پێش لە زانین مرۆڤ بە نیگەرانەو (Care) خەمخواری جیهانە. پەیوەندی زانین یان ئەپستمۆلۆژی پاش نیگەرانی دەکەوێت. خۆ ئەگەر مرۆڤ نیگەران نەبێتو بە تەنگ جیهانەوە نەیەت ئەوا هەوڵی ئەوەش نادات ئەپستمۆلۆژیانە بیناسێتو لێی بکۆڵێتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەپستمۆلۆژی یان پەیوەندییەکەی بێ بناغەو پووچەڵە بەڵکو تەنیا پەیوەندی نییەو مرۆڤ لە ڕێگای ترەوە کە لە زانین گرنگترە پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا دەبەستێت.

بە هەمان شێوەو بە گوێرەی بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی بوونی کەسانی تر نابێت بە گرفتی فەلسەفییانە، بوونی (من) وەکو تاکێك بەڵگەیەکی پتەوو لۆژیکمەندانەیە بۆ بوونی کەسانی تر، ئەگەر کەسانی تر نەبن ئەوا منیش نابم. کۆجیتۆی بوونخوازی بوونی تاکەکەسان سەلماندنو بەڵگەیەکە بۆ بوونی کەسانی ترو هەرگیز (خۆ)ی تاك لە جیهانو کۆمەڵ دانابڕێت. هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکەسان، یان (من) و (کەسانی تر) هەندێك جار ڕواڵەتێکی ناشرینی هەیەو ئاکامەکەش دەبێت بە داگیرکردنی یەکێك لەم لایەنانە، بەڵام لەسەرو ئەمەشەوە، پەیوەندی ڕەسەنو دروست لەلای تاکە ڕەسەنەکان لەسەر باوەڕهێنان بە کەسایەتیو مرۆڤی لایەنەکەی

تر ڕادەوەستێت. من چۆن خۆم بە مرۆڤێكی ئازاد دادەنێم ئەوا پێویستە بەو چاوەوە تەماشای كەسانی تریش بكەمو هەرگیز ئەو مافەیان لێ زەوت ناكەمو وەكو بابەت بیریان لێنەكەمەوە[14]. وە نەبێت فەیلەسوفەكانی سەر بە تەنویرو تازەگەری باسی ئەم كێشەیەیان نەكردبێت. كانت لە پەرتووكی دووەمیدا Critique of Practical Reason بە ئاشكرا لەم كێشەیە دەدوێتو داوای ئەوە دەكات كە مرۆڤ وەكو كەلوپەل تەماشا نەكرێت یان وەكو ئامێر بەكارنەهێنرێت بەڵام كاتێك ڕۆژئاوا لە سەردەمی تازەگەریدا ڕۆژهەڵاتی داگیركرد ئەم كێشەیەی بە جارێك لەناوبردو، بوو بە دەستەڵاتێكی ئیمپریالیستانەو ڕەگەزپەرستانەو مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی (كەسانی تر) بە مرۆڤ كەمتر داناو مافی ئازادی لێداگیر كردن. ئەمڕۆ هەموو زانایانی پۆست مۆدێرنتیو كۆمەڵگای پۆست مۆدێرنتی باوەڕیان بەو پەیوەندییە نەرێیەی نێوان كەسانی ناو كۆمەڵ نییە.

بەهاو ڕەوشتی بەرزو سەر بە سەرچاوەیەكی میتافیزیكی یان هێزێكی دەرەكی لەناو فەلسەفەكەی هایدیگردا جێگای نابێتەوە. هەرچەندە هایدیگر لەسەر ئۆنتۆلۆژی دەدوێتو خۆی بەم كێشەیەوە خەریك نەكردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین كە ڕەتدانەوەی بەها بەرزو هەمەكییەكان دەگەڕێتەوە بۆ سەر دوو هۆكاری گرنگ:

یەكەم: بڕوانەكردن بە بنۆسێكی هۆشەكی بەرز كە لەلای ئایدیالیستەكان بە سەرچاوەی بەها بەرزو هەمەكییەكان دادەنرێت.

دووەم: پێشخستنی بوونو دواخستنی ناوەڕۆك.

ئاشكرایە كە هایدیگر باوەڕی بە بنۆسێكی هۆشەكی نییەو ڕەفزی بۆچوونە میتاڤیزیكییەكەی ئایدیالیستەكان دەكات. دژی فەلسەفەی تازەگەریش فەلسەفەكەی لەسەر سیستمی دوانەكی (هۆشو ماتەر) دانامەزرێنێت. ئەگەر هێزێكی میتافیزیكی دەرەكی نەبێت كە بەها

بەرزەکان دیاریدەکاتو بەسەر مرۆڤدا پیانچەسپێنێت ئەوا مرۆڤ خۆی دەبێت بە داهێنەری بەهاکانیو خۆی هەڵیان دەبژێرێت. فەلسەفەکەی هایدیگر تیۆرێکی ڕەوشتی نەهێناوەتە کایەوەو بەڵام ئاشکرایە کە نەك لەلای هایدیگر بەڵکو لای سارتەریش ئازادی مرۆڤ یان تواناو بڕستی هەڵبژاردن تەنیا زەمینێکە بۆ هەموو کێشەو مەسەلەیەکی ڕەوشتانە لەناو کۆمەڵدا. مرۆڤ چاکە ناکات لەبەرئەوەی چاکەکردنی فەرمانی خوایە، یان مرۆڤ خۆڕسکێکی باشی هەیە، مرۆڤ هەرچییەك بێت، هەر جۆرە ڕەوشتێکی هەبێت ئەوا لە ئاکامی هەڵبژاردنەکەیەوە پەیدا دەبێتو وابەستە بەو بارودۆخانەوە تیایدا دەژی[15].

پێشخستنی بوونو ئاڵوگۆڕکردنی کۆجیتۆ ئایدیالیستەکەی دێکارت لەلای هایدیگر نەبووە بە کێشەیەکی سەرەکی. ئەم بە ئاشکرا، لەبەر ڕۆشنایی تۆژینەوە ئۆنتۆلۆژییەکەی بوون بە بنەمای بیرکردنەوە دادەنێت. ئەگەر بوون نەبێت بیرکردنەوە یان ناوەڕۆکیش نابێت. لەبەرئەمە پێشخستنی ناوەڕۆك گوناهێکی گەورەو هەڵەیەکی ئۆنتۆلۆژییانەیە. هەتا مرۆڤ نەبێت ئەوا بیرکردنەوەشی نابێت. بیرکردنەوەش کە وابەستە بە تێگەیشتنەوە بە تەنیا لایەنی تیۆری ناگرێتەوەو تاکە پەیوەندییەکیش نییە کە جگە لەو ڕێگایەوە مرۆڤ نەتوانێت جیهان بناسێت. پێش ناسینی تیۆری، مرۆڤ پەیوەندی پراکتیکی لەگەڵ جیهاندا هەیە. بەم شێوەیە هایدیگر نەك بە تەنیا لەسەر هێڵی تازەگەری لادەدات بەڵکو کێشەکانیشی هەڵدەوەشێنێتەوە. فەلسەفەی ئەم زانایە، بگرە لە سەرەتای گەشتەکەیەوە کە بە پرۆژەی ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی دەستپێدەکات تاکو دوا لێکۆڵینەوەی لەسەر زمانو هۆنراوە، ڕەتدانەوەی بۆچوونو بیروباوەڕی تازەگەرییە.

لەم ڕەتدانەوەیەوە کە هەڵوەشاندنەوەی سستەمو سترەکچەری ئەو واقعەیە تواناو بڕستی زانینی هۆشەکی سەردەمی تازەگەری دایمەزراندووە،

بەها هەمەکییەکانی ناو کۆمەڵیش پوچەڵ دەبنەوەو ئەوەی هەبێتو مرۆڤ شوێنی کەوتبێت ئەوا بەهایەکی نسبیی ڕیلەتیڤییەو بە گوێرەی تاكو کۆمەڵو کاتو شوێن دەگۆڕێن. هایدیگر، لەم لایەنەوە، لەگەڵ نیتشەدا هاوڕایەو مردنی خواکەی لە بەناوچوونو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تازەگەری دادەنێت کە مژدەی بەرەبەیانێکی ڕووناکتری پێیە.

بە حوکمی ئەوەی (دازاین) بوونی مرۆڤ بنۆسێکی هۆشەکی نییەو ناوەڕۆکیشی پێش بوونی ناکەوێتو خۆڕسکێکی نەگۆڕی نییە، ئەوا سەربەستەو خاوەنی ژیانی خۆیەتیو نووسەری ڕۆمانی ڕووداوەکانی بوونی خۆیەتی. مرۆڤێك باوەڕی بەم بۆچوونە هەبێت ئەوا بوونێکی ڕەسەنی هەیەو خۆی ناوەڕۆك بۆ خۆی پەیدادەکاتو بریار لەسەر هەڵبژاردنی بەهاکانی دەدات. ئەم بەهایانە، وەکو بەها هەمەکییەکانی ناو خانەی بیرکردنەوەی هۆشەکی سەپێنراوو ئامادەکراو نین، وەکو جلوبەرگی حازرو دووراو نین، بەڵکو مرۆڤ خۆی لە ئاکامی هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ دەوروبەریا دەیانخوڵقێنێتو ئاڵوگۆڕیان پێدەکات[16].

هایدیگر گۆڕانکارییەکی گەورەشی لەناو هێرمنیۆتیکدا کردووە. هیرمنیۆتیك بۆ ئەم بە تەنیا تەفسیرکردنی تێکستو پەڕتووك نییە بەڵکو تەفسیرکردنی بوونی مرۆڤە یان بوونە بە ڕێگای بوونی مرۆڤدا. تاکو لە بوونی مرۆڤ نەگەین ئەوا لە مانای بوونیش ناگەین. تێگەیشتنیشی Understanding خانەیەکی هۆش نییە بەڵکو پێش مەرجێکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ بوون. ئەگەر مرۆڤ هەبێت ئەوا پێویستە توانای تێگیەشتنیشی هەبێت. تێگەیشتنیش پێش تەفسیرکردن Interpretation دەکەوێتو بەڵکو مەرجێکە بۆ ئەو. تێگەیشتنیش هەلومەرجی خۆیی هەیە، بە پێچەوانەی هوسرڵەوە، هایدیگر باوەڕی بەوە نییە کە لە ئاستی تێگەیشتنی بابەتێکدا مرۆڤ بتوانێت بە تەواوی خۆی لە

کارتێکردنی پێش بیرو پێشبڕیارەکان دوورخاتەوە. تێگەیشتن پێویستییەکی هەرە گەورەی بە زمان هەیە، زمانیش داردەستێکی تاکەکەسی نییەو شێوازێکی کۆمەڵایەتییە. هەموو چەمکێك کە بەکاردێتو ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتی هەیەو وابەستە بە مێژووەوەیە. سەرەڕای ئەمەش تێگەیشتن پەڕتووکێك یان تێکستێك فرە جۆرەو یەك شێوازو سترەکچەری نییە. هیچ تەفسیرێك دوا تەفسیر نییە. پەڕتووکێك بە چەندەها شێوە تەفسیر دەکرێت.

هایدیگر لە زۆر شوێنی تردا، هەر لە تێگەیشتنی چەمکی ڕاستەقینەو زمانەوە تاکو هۆنراوەو ڕۆڵی هۆنەر لەناو کۆمەڵو بووندا ڕەتدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی تازەگەرییەو کارتێکردنیشی بەسەر فەلسەفەی پۆست-سترەکچرەلیستەوە دیارە. لە کۆتاییدا ئەو خاڵە دیاری دەکەم کە لە سەردەمی پۆست- مۆدێرنێتیدا هایدیگر دوای نیتشە ڕابەرێکی مەزنی بیرکردنەوەی سەردەمەو فەیلەسوفێکی زیندووی پاش دۆگمای تازەگەریو لێکۆڵینەوەی زانستانەیە. بیروباوەڕی فەلسەفی ئەم زانایە هێندە چڕو دەوڵەمەندە، گەلێك لە نووسەران بە هیگڵی ئەمڕۆ دادەنێنو باوەڕیان بە تواناو هێزی بۆچوونەکانی هەیە. بەڵگەی ئەمەش لەوەدایە کە هایدیگر نەك بە تەنیا کاریکردۆتە سەر فەیلەسووفە بوونخوازەکانی پاش خۆی بەڵکو گەلێك زانای ئەمڕۆکە خۆیان بە بوونخواز ناژمێرن، مۆرکی هایدیگریان بە سەرەوەیەو ڕێز لە فەلسەفەکەی دەگرن.

## پەراوێزەکان:

1-Wcber. Max. Econorny and Socicty: An Outline of Intcpretive Society. Berkeley: University of California Press. 1978. p. 85.

2-Descartes, Rene. Meditations. Tms. F. E. Sutcliffe. London: penguin Books. 1977. p. 116.

3-Kant. Emmanuel. "What is Enlightenment?". The enlightenment: A Comprchensive Anthology. (ed). Peter Gay. Touchstone Books. 1973. p. 384.

4-Pannwiz, Ruldof. Dic Krisis der Europaeischcn Kultur. Nucrenberg: Hans Carl. 1917. p. 64.

5-Bell. Bemard Iddings. Religion for Living: A Book for post Modernists, Religious Book Club. 1939. p 45.

6-Rousseau Jean- Jacques. "Discourse on the Origin of Inequality". The Social Contract and Discourses. Trans. G. D. H. Cole. London: 1974. p. 104.

7-Heidegger, Martin. Being and Time. Trans. John Macquarrie and Edward Robinson. Blachkwell. 1997. p. 22.

8-Ibid. p. 25.

9-Burnet, John. Greck Philosophy. Macmillan. 1960. p. 256.

10-Kant. Emmanuel. Critique of pure Reason. Trans. F. Max Muller. The Anchor Books. 1960. A: 344-348, B: 402- 406.

11-واژەی کارتیزی یان کارتیزییان بۆ فێرگەی دێکارت بەکاردێت لەواژەی ئینگلیزییەکەیەوە وەرمگرتووە.

12-Heidegger, op. Cit, p. 91.

13-Ibid. p. 67.

14-Ibid. p. 161.

15-Matthewsm Eric, Twentieth- Century French Pgilisophy. Oxford University press. 1996. p. 73.

16-Inwod, Michael. Heidegger. Oxford University press. 197. p. 17.

تێبینی: مامۆستا محەمەد کەمال پەراوێزی ژمارە 2ی پەڕاندووە لە تێکستەکەداو ئێمەش خۆی چۆن بوو وامان نووسییەوە (زوروان).

## مارتین هایدیگەرو گۆڕانێکی فەلسەفی*

ڕوانینەکانی ڕێنە دێکارت دیوارێکی ئەستووری لە نێوان زاتو جیهانی دەرەوەدا بەرزکردۆتەوە. ئەگەر تەماشایەکی ئەو دیوارە بکەین، ئەبینین زاتو جیهانی دەرەوە بە دوو بابەتی جیاوازو دوور دانراون، کە بە یەکگەیشتنیان کارێکی مەحاڵە. تاکە پەیوەندییەك لە نێوانیاندا هەبێتو دێکارت بۆی داریکردبین، لە ڕێگەی زانینەوە ڕووئەداتو پەیوەندییەکی ئەپستمۆلۆجییانەیە. ئەمەش ئاکامی ئەو کێشە دوالیستییەیە، کە بڕوای بە دوو جەوهەری لەیەکنەچوو هەیە. لە لایەکەوە زات وا ناسراوە، کە جەوهەرێکی گیانەکی بێت "Res Cogitans" گۆڕانەکانی ناو کاتو شوێن کاری تێنەکەن. لە لایەکی ترەوە، جیهان بە ماتریالو دینامیکی دانراوە[1]. هەروەها دێکارت بڕوای وایە، کە زات (منعزل)ە و لە جیهان دابڕاوە تەنانەت وەکو جەوهەرێکی گیانەکی ئەتوانێ بەبێ جیهانی دەرەوە بژیو بوونی بەردەوام بێت[2].

دابڕینی زات لە جیهانو بەستنەوەیان پێکەوە لە ڕێگای زانینەوە، دوو کێشەی گرنگو بیروڕای زاناکانی دوای دێکارتی بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە. بێگومان زۆر فەیلەسووف هەوڵیان داوە چارەسەرێك بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزنەوە، بۆ نموونە فیختەو هیگڵ هەوڵو تەقەلایەکی زۆریان داوە سیستەمێکی مۆنیزمی بهێننە کایەوەو ئەو دیوارە لە نێوان زاتو جیهاندا بڕووخێنن. بەڵام دەورێکی هەرە مەزنیان داوە بە زاتو، جیهان بە بەرهەمی زات دائەنێنو بڕوایان بە واقیعیەتی جیهان بەبێ زات نییە. فیختە لەم ڕووەوە ئەڵێ، جیهانی لە زاتەوە دەرچووەو بوونێکی سەربەخۆو ڕاستەقینەی نییە. بە ڕای هیگڵیش وەکو لە کتێبەکەیدا بە درێژی باسی کردووە The Phenomenology of Mind، جیهان ڕواڵەتی زاتە. بەڵام

ڕای زانا وجودییەكان بە تایبەتی مارتین هایدیگەرو سارتەر زۆر جیاوازەو بە شێوەیەكی تر چارەسەری مەسەلەكەیان كردووە.

مارتین هایدیگەر لە كتێبە مەزنەكەیدا Sein und Zeit، لە ساڵی 1927دا بڵاوكرایەوە، ڕەفزی كێشەكانی دێكارتی كردووە. یەكەم: لەو باوەڕەدایە زاتو جیهان لە یەكتر جیانابنەوە. دووەم: پەیوەندی نێوانیان تەنیا پەیوەندییەكی ئەپستمۆلۆجییانە نییە، بەڵكە ئەو پەیوەندییەی دێكارت باسی ئەكات ئەوەندە گرنگو سەرەكی نییە. مرۆڤ پەیوەندیی پراكتیكیو عاتفیشی لەگەڵ جیهاندا هەیە.

مەبەستی سەرەكیی پرۆژەكەی هایدیگەر لەم كتێبەیدا، دۆزینەوەی مانای بوونە بە گشتی. ئەوەی بە شوێنیدا وێڵە سیستەمێكی ئۆنتۆلۆجیی بنەڕەتییە Fundamental Ontology، نەك ئۆنتۆلۆجیی بەشێك یا جۆرێك لە بوون. ئەم سیستەمە بە بنەڕەت دائەنرێت، چونكە "بوون" بنەڕەتی هەموو جۆرە بوونەوەرێكە. هەر شتێك هەبێت، جا گرنگ نییە جەوهەرێكی گیانەكی بێت یا ماتریالی، ئەبێ خاوەنی بوون بێت. "بوون" بنەڕەتو بنچینەی هەموو جۆرە ڕاستەقینەیەكە، بەبێ "بوون" ڕاستەقینەش نابێ. بەم مانا تێكڕاییو گشتگیرییە، "بوون" بنەڕەتو بنچینەی هەموو جۆرە ڕاستەقینەیەكە، بەبێ "بوون" ڕاستەقینەش نابێ. بەم مانا تێكڕایی گشتگیرییە، "بوون" ئەو بابەتە بەردەستەكییە نییە وەك كورسیەك یا درەختێك. لەبەر ئەم هۆیە "بوون" ناخرێتە بەر ڕۆشنایی لێكۆڵینەوەیەكی زانستییانەوە، تەنیا لە ڕێگەی فەلسەفەوە ئەتوانین لە ماناكەی بكۆڵینەوە(3). سەرەڕای ئەمەش با وا تێنەگەین كە "بوون" لای هایدیگەر وەك جیهانە فۆرمالیستییەكەی ئەفلاتونو نۆمینەی (كانت)ە چونكە هایدیگەر بڕوای بە ڕاستەقینەی بەرزو ترانسێندیەنتاڵی Transcendental بە چەمكێكی نەریتانەی میتافیزیكی نییە. جا ئەم

"بوون"ە چییە کە هایدیگەر بە دوای ماناکەیدا وێڵە؟ تەنانەت هایدیگەر ئەم پرسیارە لە خۆی ئەکاتو ئەیەوێ ماناکەیمان بۆ ڕوون بکاتەوە[4].

زاناکانی دوای ئەریستۆ لەو باوەڕەدا بوون کە "بوون" بەم شێوە تێکڕاو گشتییە بابەتێك نییە وەکو کورسیەك یا مرۆڤێك تا بناسرێو پێناسەیەکی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوە هەر هەوڵێ بدەین بۆ ناسینی کارێکی بێهودەیە[5].

با بزانین چۆن هایدیگەر وەڵامی ئەم زانایانە ئەداتەوە.

بە پێی لۆجیکی ئەریستۆ چەمکێك پێناسە ئەکرێ کە جنسێکی Genus لە خۆی گەورەتری هەبێت. بۆ نموونە چەمکی "مرۆڤ" جنسی لە خۆی گەورەتری هەیە، وەك "زیندەوەر" ئەگەر کەسێ لێمان بپرسێ مرۆڤ چیە؟ لە وەرامدا ئەڵێین زیندەوەرە. بەڵام زۆر شتی تریش هەن وەکو ئەسپو پشیلەو.. هتد کە ئەوانیش زیندەوەرن، ئایا جیاوازیی نێوان مرۆڤو ئەو زیندەوەرانەی تر چییە؟ لەم حاڵەتەدا ئەبێ بە دوای جیاوازییەکی جەوهەریدا بگەڕێین کە زۆر بە ئاشکرایی مرۆڤ لە زیدەوەرەکانی تر جیائەکاتەوە. ئەو جیاوازییە جەوهەرییەش تەنیا لە بیرکردنەوەو ئاگابوونی مرۆڤدایە کە زیندەوەرەکانی تر پێیان نەدراوە. پێناسەکەمان، بە ڕای ئەریستۆ، لێرەدا تەواو ئەبێ، مرۆڤ زیندەوەرێکی بە ئاگایە. ئەم دەسەتوورەش پێی ئەوترێ — Pergenus et Diffen tiam. لەبەرئەوەی "بوون" جنسی لە خۆی گەورەتر نییەو تەنیا بوونێکیشە، جیاوازییەکەی لەگەڵ بوونێکی تردا نادۆزینەوە، ناتوانین پێناسەی بۆ دابنێین. بە هەمان شێوە، ئەشێ زانایەکی ئایدیالیستی، یا بڕوادارێك بگاتە ئەو خاڵەی کە کەس نەتوانێ پێناسەی خوا بکات، چونکە خوا دوا جنسەو لە هەموو شتێك بەرزترەو ئەنجا یەك خواشە، جیاوازییە جەوهەرییەکەی لەگەڵ خوایەکی تردا نادۆزرێتەوە. هایدیگەر ئەڵێت دەستوورەکەی ئەریستۆ بۆ پێناسەکردن بەسەر بابەتەکاندا ئەچەسپێو بۆ پێناسەکردنی

ئەو چەمکانە دانراون کە جنسی لە خۆیان گەورەتر هەیە. بە هیچ جۆرێك "بوون" ناخرێتە ژێر ئەم تاقیکردنەوەیەو بە پێی دەستوورەکەی ئەریستۆ پێناسەی بۆ دانانرێن چونکە "بوون" بابەتێك نییە وەك بابەتەکانی دەوروبەرمانو لەویش گەورەتر هیچ جنسێك نییە[6].

وەك وتمان: "بوون" بابەتێکی بەردەستەکی نییە، ماناکەشی بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفییانە ڕوون دەبێتەوە. بەڵام بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەو گەیشتن بە ڕوونکردنەوەی ماناکەی پێویستە خاڵێکی دەستپێکردنو سەرەتا بۆ خۆمان دیاری بکەین تا لەوێوە بە مەڵبەندی نیازمان بگەین. هەڵبژاردنی ئەو سەرەتایە ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، ئەبێ بەهاو گرنگیی خۆی هەبێت، هایدیگەر بوونی مرۆڤ Dasein هەڵدەبژێرێ بۆ سەرەتای گەشتە ئۆنتۆلۆجییەکەی، چونکە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە لە بوونی خۆیی "بوون" بە گشتی ئەکۆڵێتەوەو ئەیەوێ دەرگای نهێنییەکانی بکاتەوە[7]. ئەم هەڵوێستە خاسییەتێکی ئۆنتۆلۆجی ئەدات بە مرۆڤو ئەیخاتە سەر پلەیەکی بەرزتر لە زیندەوەرەکانو بوونەوەرەکانی تر. جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەورەێکی تر بە دوای نهێنیەکانی بووندا وێڵو سەرگەردان نییە. مرۆڤیش ئەو گەشتەی، کە هایدیگەر کردوویەتی بە پرۆژەیەکی فەلسەفی، لە بوونی خۆیەوە ئەخاتە ڕێ. ئێمە بەشێکی گرنگی بوونین، پێش ئەوەی لە بوون بگەین ئەبێ لە بوونی خۆمان بگەین، پێش ئەوەی بزانین بوون چییە، ئەبێ لە مانای بوونی مرۆڤ بکۆڵینەوەو لەوێوە بەرەو کێشە گەورەکە بکەوینە ڕێ. با بزانین بوونی مرۆڤ چییە؟ ئەو مەرجانە چین کە مرۆڤ ئەکەن بە مرۆڤ؟

پێش ئەوەی وەرامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، با ئەو خاڵە ڕوون بکەینەوە کە لەناو بیری زۆر کەسدایە. لە سەرەتاوە باسی هەڵوێستە وەستاوەکانی هایدیگەرمان بەرامبەر دێکارت کرد. کەچی لێرەدا جارێکی تر

وەك دێكارت بوونی مرۆڤی كردووە بە سەرەتا بۆ گەشتە فەلسەفییەكەی. تۆ بڵێی هایدیگەر گەڕابێتەوە سەر ڕاڕەوە ئایدیالیستییەكەی دێكارت؟ ئاشكرایە هایدیگەرو وجودییەكانی تریش وەكو كیركیگاردو سارتەرو مارسێلو یاسپرز لە زاتی مرۆڤەوە دەستپێدەكەن. بەڵام زات بۆ ئەمان گەلێك لە زاتەكەی دێكارت جیاوازە. زات بۆ دێكارت (منعزل)ە و لە جیهان داپچڕاوە، جەوهەرێكی میتافیزیكییە Res Cogitans خاوەنی خۆڕسكێكی نەگۆڕە، كە پێش وجودی ئەكەوێت لەم جیهانەدا. واتە: پێش ئەوەی مرۆڤ، لە دایك ببێت هێزێكی مەزنی نادیار جەوهەری مرۆڤ دیاری ئەكاتو بڕیاری لەسەر ئەدات. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئایدیالیستییەو، هایدیگەرو وجودییەكانی تر بڕوایان بە بوونی مرۆڤ وەكو جەوهەرێكی نەگۆڕو پێدراو نییە. مرۆڤ، بۆ هایدیگەر، ڕووداوەو خۆی جەوهەر بۆ خۆی هەڵئەبژێرێو بڕیاری لەسەر ئەدات. مرۆڤ هەرچییەك بێت، ترسنۆك یا شۆڕشگێڕ، بۆرژوا یا چەپڕۆ، هەڵوێستێكە خۆی هەڵیبژاردووەو ئەتوانێ بیگۆڕێ. جەوهەری كۆمەڵێ سیفاتی نەگۆڕو چەسپاو نین، بەڵكو ئەو سیفاتانەن لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ناو هەڵوێستەكانیەوە دروست بوون. جەوهەری تەواو نەبووە، بەڵكە بەرەو تەواوبوون ئەڕوا. لەبەرئەوەی كەلەبەرێكی گەورە (مردن) لە بوونیدایە، جەوهەری مرۆڤ ناگاتە بەرزتین نهۆمو پلەی كەماڵ.

با جارێ واز لە مەسەلەی مردن بهێنینو بگەڕێینەوە سەر پرسیارەكەی پێشومان، ئایا بوونی مرۆڤ چییە؟ هایدیگەر كۆمەڵێ مەرجی ئۆنتۆلۆجیی بۆ داناوین، پێیان ئەوترێ Existentials كە ئەبن بە بنچینە بۆ بوونی مرۆڤ. ئەگەر مرۆڤ هەبێت ئەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێ. گرنگترین مەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ مرۆڤ كە لە سەروو مەرجەكانی ترەوەیە بوونە لەناو جیهاندا- In- der welt- sein .[8] ئەمەش ئەوەمان

پێڕادەگەیەنێ، بە پێچەوانەی کۆجیتۆکەی دیکارتەوە، کە زاتی مرۆڤ بەبێ بوونی لە جیهاندا، وجودی نییە. لە لایەکی ترەوە، ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هایدیگەر بڕوای بەوە نییە مرۆڤ لە شوێنێکی ترەوە هاتبێتە ئێرە، یا فڕێ درابێتە سەر ئەم ئەستێرەیە، مرۆڤ سەر بەم جیهانەیە. جیهان نیشتمانی ڕەسەنی مرۆڤە. ئەم خاسیەتەش وا لە زات ئەکات کە کاتی بێتو ژیانی هەمیشە بەردەوام نەبێت. بوونی مرۆڤ ڕووداوێکی کاتییە Zeitlicheit بەرەو چاڵی مردن ڕەوت ئەکات[9]. لە یەکەم ساتی لەدایکبوونو هەناسەدانمان لە بەردەم مردندا قوت ئەبینەوەو ئەبین بە نێچیری، بەبێ ئەوەی بزانین کەی لەناو ئەچین.

مردن هەڵوێستێکی مرۆڤانەیەو بە ئاگاوە بەرەو ڕووی ئەبینەوە. تا مردن، جەوهەری مرۆڤ هەمیشە ئەگۆڕێو هەوڵی تەواوبوون ئەدات. لەبەرئەوەی ژیان کاتییە، مرۆڤ بایەخ بە بوون ئەداتو نیگەران ئەبێت. ئەمەش لە کاتێکا بە ئاشکرایی دەرئەکەوێ کە ئەوەی گەرەکمانەو خۆشمان ئەوێ، لە دەستمان دەرئەچێت یا ئەزانین کە نەفەسکورتە. ئەگەر بوونی ئێمە کاتی نەبووایەو نەمردینایە، بێگومان هەڵوێستمان لە ئاستی بووندا و نیگەرانیمان بۆ بوونو کەسانی تریش شێوەو فۆرمێکی تری وەرئەگرت.

"بوون —لەناو- جیهاندا"- In- der walt- sein زاراوەیەکی لێکدراوەو لە دوو بەش پێکهاتووە، "بوون-لەناو" و "جیهان". هایدیگەر، لە شیکردنەوەی ئەم زاراوەیەدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چەمکی زاراوە فەلسەفییەکان زۆرجار بە پێی چۆنیەتی بەکارهێنانیان ئەگۆڕێ. ئەم زاراوەیەش کاتێ بۆ بوونی مرۆڤێك یا بوونی بابەتێکی بەردەستەکی بەکاریدێنین، ماناکەی گەلێك جیاوازە. کاتێ (لەناو) ژوورەکەمدا دائەنیشم زۆر کەلوپەل لە چواردەورمن. بۆ نموونە: کورسیو مێزەکە، کتێبەکان.. هتد. ئاشکرایە لە ڕووی زمانەوانییەوە کە دوو ڕستەی وەکو: "من لەناو

ژورەکەدام" و مێزەکەش لەناو ژوورەکەدایە" ئەوەندە جیاوازییان نییەو هەردووکیان شوێنی دوو بابەتی وەکو (من) و (مێزەکە)مان پیشان ئەدەن. بەڵام وشەی (لەناو) کە بۆ هەردوو بابەتەکە بەکار هاتووە ماناکانی جیاوازن، چونکە هەرگیز بوونی (من) لەناو ژوورەکەدا وەك بوونی مێزەکە نییە. مانای (لەناو) بۆ بوونی مرۆڤ "جێنشین" بوونە کە بە ئینگلیزی ئەڵێن: dwelling. (من) لەناو هەر شتێکدا بم، تیایدا جێنشینی ئەبم‌و بە ئاگاوە نیگەرانیشی ئەکەم. ئەمەش زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ ئاگاییم‌و بیرکردنەوەم. کاتێ لەناو ژوورەکەدام، ئەزانم لە کوێدا ئەژیم، بەڵام کورسیەکە ئەو هەستە ناکات.

بەشی دووەمی زاراوەکە (جیهان) دیسانەوە، بۆ هایدیگەر و وجودییەکان شوێنێکی فیزیکی نییە کە زاناکان جارێك بە بێسنوورو بێپایانی دائەنێن‌و جارێکی تریش بە مەحدودو کەمنەفەس. (جیهان) نیشتمانی مرۆڤە، خاکێکی پیرۆزە، گۆڕانی بارودۆخەکانی ڕاستەوخۆ کار ئەکەنە سەر دەروونمان‌و تووشی هەڵچوون‌و داچوونی عاتیفیمان ئەکەن. بە تێکڕا، هایدیگەر سێ مانای جیهانی بۆ لێکداوەتەوە:

یەکەم: جیهانێکە پڕە لە کەلوپەل‌و لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان ئەهێنین. ئەمەش مانایەکی پراکتیکی ئەدا بە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ‌و جیهان.

دووەم: جیهان ئەو شوێنەیە تیایدا ئەژین یا دەوروبەرە Environment.

سێیەم: بە مانایەکی فراوانتر جیهانی مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونمان. بەبێ جیهان ئێمەش نابین.

لە لێدانەوەی ماناکانی جیهاندا، هایدیگەر جارێکی تر ئەیەوێ ڕەفزی بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییەکەی دیکارت بکاتەوە. مانای یەکەمی جیهان وەك شوێنێك پڕبێت لە کەلوپەلی بەکارهێنان Equipments لایەنێکی

پراکتیکیمان بۆ دیاری ئەکات کە بە ڕای هایدیگەر لە لایەنە ئەپستمۆلۆجییەکە گرنگترەو پێشی ئەکەوێ. بۆ نموونە هەموو ڕۆژێ بە پاندانەکەم ئەنووسمو سێ چوار جاریش بە کلیل دەرگای ژوورەکەم ئەکەمەوە. ئەم هەڵوێستە پرکتیکییە ژیانی ڕۆژانی هەموومانی داگیرکردووە بەبێ ئەوەی هەموو جارێك کە بابەتەکان بەکارئەهێنین، ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئایا پاندان چییە؟ کلیل چییە؟ چۆن بیانناسینو چۆن جەوهەرەکەی بدۆزینەوە؟ بڕوا ناکەم کەس هەبێت کە نامەیەك بۆ هاوڕێیەکی ئەنووسێ یا لە دەرەوەی وڵاتەوە تەلەفۆن بۆ خۆشەویستێکی ئەکات لە پێشا بکەوێتە مشتومڕ لەگەڵ خۆیداو دەستبکات بە لێکدانەوەی مانای "نامە" یا "تەلۆفۆن"و بە شوێن جەوهەرەکانیدا بگەڕێت. ناڵێم ئەمە کارێکی خراپە، بەڵام پەیوەندییە پراکتیکییەکەمان یا بەکارهێنانی تەلەفۆنەکە پێشترە Prior لە لێکدانەوەی ماناو جەوهەری تەلەفۆن. تەنانەت زانایەکیش کە لە ئازمایشگایەکی کیمیادا کاردەکاتو لوولەیەکی شووشە بۆ تاقیکردنەوەکەی بەکاردێنێ، ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات کە لوولە یا شووشە چییەو چۆن دروستبووە.

لەم بۆچوونەوە هایدیگەر دوو جۆر بابەتمان پێشان ئەدات: ئا- بابەتێك لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین وەك پاندان، کلیلو تەفەفۆن.. هتد. ئەمانە بابەتی (بەردەستن) "Zuhandenheit" و سوودیان لێ وەردەگرینو بەهای پراکتیکییان هەیە. بێ –ئەو بابەتانەی لێیان ئەکۆڵینەوە بەهای دیمانەکییان هەیە "Vorhandenheit"[10].

بوون لەناو جیهاندا دەستنیشانی "شوێن" مان بۆ دەکات. ئەتوانین بڵێین کە بوون لەناو جیهاندا بوونە لەناو شوێندا. شوێنی مرۆڤ، جارێکی تر لە مانای گشتیی شوێن جیا ئەکرێتەوە. وەکو زاراوەی (لەناو)، مانای (شوێن) لە بوونێکەوە بۆ بوونێکی تر دەگۆڕێت، زۆرجار لەگەڵ هاوڕێیەکدا

شانبەشان دائەنیشنین، بەڵام لەبەرئەوەی گوێ بە بوونی نادەین‌و حەز لە هاوڕێیەتی ناکەین، زۆر دوورە لێمانەوە، یەکێکی تریش کە خۆشمان ئەوێ‌و سەدەها میل دوورە، وا ئەزانین لەگەڵیا ئەژیت. پێوانی دووری‌و نزیکی ئەگەڕێتەوە بۆ نیگەرانیمان (Care) یا هایدیگەر ئەڵێ "Fursorge" کە یەکێکە لە مەرجە ئۆنتۆلۆجییەکان بۆ بوونی مرۆڤ.

بوون – لەناو- جیهاندا ئەمانگەیەنێتە کێشەیەکی هەرە گرنگترو مەرجێکی تری ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی مرۆڤ. "من" وەکو زاتێك تاکە کەسێك نیم لەناو جیهاندا، زۆر کەسی تر وەکو من لێرەن هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر بە بوون هەیە. بوونی کەسانی تر "mit-sein" مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی من. وەك چۆن ناتوانم بەبێ جیهان هەبم، ئاوهاش بوونی من بەبێ بوونی کەسانی تر نابێت. ئەگەر مرۆڤ هەبێت مەرجە ئەو مرۆڤە لەناو کۆمەڵدا بێت. لێرەدا هایدیگەر مەسەلەی سەلماندنی بوونی کەسانی تری بۆ چارەسەرکردووین کە لەلای زۆر فەیلەسووف وەك دیکارت‌و زانایانی سەر بە ڕاڕەوی هەستەکی بووە بە مەسەلەیەکی گرنگ، چونکە ئەم زانایانە کەسانی تریان لە دەرەوەی زات، وەك بابەتێکی هەستەکی یا هۆشەکی داناوە کە بوونیان بەستراوە بە هەستکردن‌و دەرك کردنی ئێمەوە. لەلای هایدیگەر بوونی کەسانی تر مەسەلەیەکی ئەپستمۆلۆجی نییەو کەس ناتوانێ گومان لە بوونیان بکات، چونکە مەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونمان. هەروەها ئەگەر کەسانی تر لە دەوروبەرمان بن یان نا، هەست بە بوونیان بکەین یا نا، گرنگ نییە ئەوەی بوونی ئێمەو ئەوان پێکەوە ئەبەستێ نیگەرانییە (care) نەك هەستکردن. مرۆڤێکی کورد، بۆ نموونە، چەندەها ساڵە دەربەدەرەو کەسوکاری نەبینیوە، بەڵام خەمیان ئەخوات‌و نیگەرانیان ئەبێت.

هەڵوێستی زات لە ئاستی کەسانی تردا دوو فۆرم وەردەگرێ: یا کەسانی تر بوونی داگیر ئەکەنو کەسایەتیی خەفە ئەکەنو حوکم بەسەر هەموو هەڵسوکەوتێکیا ئەدەن. ئەمەش لە خۆیدا نامۆیی "Alienation" و بێخۆییە. یا، تاك وەکو زاتێك خاوەنی خۆیەتی، بە ئاگایە، لاسایی خەڵکی ناکاتەوەو خاوەنی هەڵبژاردنو بڕیاردانی خۆیەتی. بێخۆییو نامۆیی ژیانی زۆربەی خەڵکی داگیرکردووە. لە یەکەم ڕۆژی ژیانی تاکێکەوە کۆمەڵ خوو و ڕەوشتی خۆی بەسەریدا ئەسەپێنێو ئەو تاکە نوێیە وەك کەسانی تر بیرئەکاتەوەو لاسایی ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان ئەکاتەوە. ئەم نامۆییە ئەوەندە بارێکی گرانە، کە کەم کەس ئەتوانێ بە ئاگا بێتەوەو ڕێگای ژیانی تایبەتی بۆ خۆی دەستنیشان بکات، زۆرجاریش مرۆڤ حەزئەکات بە نامۆیی بژی تا لە لێپرسینەوەکانی ژیانی ڕاکاتو بیانوو بۆ خۆی بدۆزێتەوەو تاوانەکان بخاتە ئەستۆی کۆمەڵەکەی. یاخیبوون لەم جۆری ژیانە ڕەفزکردنی کۆمەڵ نییە، بەڵکە خۆناسینەوەیە لە ڕێگای سەربەستیو هەڵبژاردنەوە[11]. بە ڕای هایدیگەر مرۆڤی (خۆناس) داهێنەرو بە ئاگایەو زیاتر لە مێژووی گۆڕانەکانی کۆمەڵەکەیدا دەور ئەبینێ.

ئەم دوو فۆرمەی ژیان ناکۆكو دژوارن، ناتوانین لە هەمان کاتدا بە نامۆیی بژینو خۆناسیش بین. یا مرۆڤ نامۆیە یا بەئاگایی ئەژیو خاوەنی هەڵبژاردنو بڕیاری خۆیەتیو لاسایی کەسانی تر ناکاتەوە. تەنانەت بەکارهێنانی زمان یا وشە لەلای زاتێکی خۆناس ئەبێت بە (تەعبیر) لە ڕاستەقینە، ئەوەی ئەیڵێت یا هەرچیەك بنووسێ دۆزینەوەو کەشفی ڕاستەقینەیە. هەموو هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەچوونە بۆ خۆتەواکردنو گەشەکردن.

## پەراوێزەکان:

*مارتن هایدیگەر Martin Heidegger یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی ئەم سەدەیە، لەس الی 1889 لە ئەڵمانیا لە شاری Messkirch لەدایك بووە. لە سەرەتاوە تیۆلۆجی خوێندووە. دوایی ڕووی کردۆتە دنیای فەلسەفە لەژێر دەستی هاینریك ڕیکارت Hein-rich Richert و ئەدمۆند هوسرەل Edmund Hussrelدا خوێندوویەتیو لە زانکۆی فرایبۆرگ مامۆستای فەلسەفە بووە. لە ساڵی 1927دا یەکەم بەرهەمی فەلسەفیو گرنگترین کتێبی "بوونو کات Sein und Zeit" بڵاوکرایەوە. لە ساڵی 1976لە فرایبۆرگ کۆچی دوایی کردووە. ئێستا بەرهەمەکانی لە پەنجا بەرگدا کۆکراونەتەوە.

1-Descartes, Rene, Medutations Second Mieditation, New York; Penguin Books, 1968. p. 105.

2-هەمان سەرچاوە.

3-Heidegger, Martin, Being and Time, translated by John Macquarrie & Edward Robinsonm, Blackwell Publisher, 1992. Section 2, p. 21.

4-هەمان سەرچاوە.

5-هەمان سەرچاوە.

6-هەمان سەرچاوە، Section 4,p. 24

7-"Dasein" زاراوەیەکی ئەڵمانییە لە دوو بەش پێکهاتووە "Da" واتە لەوێ، "sein" واتە بوون. وشەکەش بە گشتی واتە (بوون- لەوێدا). بۆ یەکەم جار هایدیگەر ئەم زاراوەیەی بۆ بوونی مرۆڤ لەوێدا یا لەناو جیهاندا بەکارهێناوە.

8-هەمان سەرچاوە Section 4,p.155

9-هایدیگەر بڕوای بە دوو جۆر کات هەیە. کاتی یەکەم بەستراوە بە ژیانی مرۆڤەوەو پێی ئەڵێ Zeitlich keit، کاتی دووەم کاتێکی فیزیکییە Temporalitat.

10-هەمان سەرچاوە Section 115,p.150.

11-هەمان سەرچاوە Section 268,p.312.

## نامۆیی Alienation

"ئەم دڵەی من لە هەردوو دنیا بێگانەی کردم، تامی ئاشنابوون ئەبێ چەند خۆش بێ!!"

محەمەد ئیقبال

نامۆیی وەکو کێشەیەکی بایەخدار لێکدانەوەی ماناکەی بە پێی فێرگەو ڕێڕەوە فەلسەفییەکان ئەگۆڕێ بۆ سۆفییەکی خواناس ئەشێ ونبوون‌و نوقمبوون بێ لەناو حەزو خواییشی ئەم جیهانەدا کە لە پەروەردگار دوورمان ئەخاتەوە. بە پێچەوانەی بۆچوونی سۆفییەکیشەوە، لەلای زانایەکی بێبڕوا ئەو ژیانەی سۆفییەك هەڵیئەبژێرێ‌و بڕوای پێی هەیە، جۆرێکە لە نامۆیی‌و واز لەخۆهێنان.

هەموو ئەو فەیلەسووفانەی لەم کێشەیە دواون هەر لە هیگڵ‌و مارکسەوە بۆ هایدیگەرو سارتەر، بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە. هەر یەکە بە جیا هەوڵی داوە بیخاتە ژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکەی. بێگومان شتێکی ئاشکرایە کە نامۆیی لە هەموو سەردەمێکدا تووشی مرۆڤ هاتووە، بەڵام وجودییەکان زیاتر لێی ئەدوێن‌و مۆرکی نامۆیی ئەنێن بە سەردەمەکەمانەوە. ئەمەش کارێکی بێهودەو بێمانا نییە. لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی‌و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سەرمایەداری‌و هەروەها دوو جەنگی جیهانیدا مرۆڤ تووشی نامۆیی‌و ڕەشبینی بووە. لە لایەکی ترەوە ئەمەش بەستراوە بە ڕووخاندنی بنەمای بیروباوەڕە میتافیزیکییەکانی شارستانییەتی ڕۆژاوا کە لە سیستەمە فەلسەفییە یاخیبووەکەی فرێدریك نیتشەدا ڕەنگی داوەتەوە. فەلسەفەی نیتشە شۆڕشێکە دژی میتافیزیك، کاتێ ئەڵێ "خوا مردووە" مەبەستی مردنی ئەو سیستەمە میتافیزیکییەیە

کە لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە ئاسمانی بیروباوەڕی ئەورووپای داگیر کردبوو. دوای ڕووخانی سیستەمە میتافیزیکییەکە مرۆڤ بە جۆرێکی نوێو جیاواز پێناسە کرا. بە بوونەوەرێکی بێخاوەنو تەنها دانرا کە جەوهەری خۆی دروستی ئەکاتو خۆیشی مانا ئەدات بە ژیان. بێگومان، دەربازبوون لە کۆتو زنجیری ئەو سیستەمەو خۆ بە خاوەن زانین لەلای زۆر کەس بە تایبەتی ئەوانەی لە ئاستی ڕووداوەکانی ژیانیاندا بێهێزن، ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە. مرۆڤێك کە فێربووبێ بۆ هەموو کارێکی، پشت بە هێزێکی دەرەکی ببەستێ، ناتوانێ خۆی بە خاوەنو داهێنەری کارەکانی دانێ یا وەکو سوپەرمانەکەی نیتشە سەربەست بێو لە لێپرسینەوە نەترسێ. ئەبینین لێرەدا بیروباوەڕی نیتشە کە پێی ئەوترێ نیهیلیزم Nihilism گەلێك لە بیروباوەڕو نیهیلیزمە نێگەتیفەکەی شۆپنهاوەری مامۆستایەوە دوورە. لەلای نیتشە، مرۆڤ چارەنووسێکی ڕەشی بۆ دانەنراوە، بەڵکە وەکو هێزێکی سەربەست هیچ تواناو دەستەڵاتێکی دەرەکی ناتوانی بوونی داگیرکات، یا جەوهەری بۆ دروستکات. جیهان، جیهانی مرۆڤە، مرۆڤ مانا بە بوونی خۆیو جیهان ئەدات(1).

وەك لە پێشەوە باسمانکرد، مانای نامۆیی ئەکەوێتە سەر زەمینەی بیروباوەڕمان لە ئاستی واقیعدا. زاناکان ڕای جیاوازیان هەیە. جا پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی ئەو نامۆییە بکەین کە وجودییەکان لێی دواون، گەشتێکی کورت بەناو فەلسەفەکەی هیگڵو مارکسدا ئەکەین تا بزانین چۆن باسی نامۆییان کردووەو پەیوەندیی بیروڕای وجودییەکان لەگەڵ ئەم دوو زانایەدا چییە. بۆ هیگڵ، نامۆیی کێشەیەکی هەرە گرنگی فەلسەفەیە، وەیا کاری فەلسەفە لە بنەڕەتدا لەناوبردنی نامۆییە چونکە هۆشو بوون لە یەك جیابوونەتەوەو نامۆن، ئەبێ هەوڵ بدەین جارێکی تر بە یەکتریان بناسێنینەوە تا ببنەوە بە یەك، هۆش لێرەدا هۆشی منو تۆ نییە، بەڵکە

هۆشێکی ڕەها (مطلق) یە کە لە نەژاددا سەرچاوەی بوونەو بوون لەمەوە پەیدابووە. جیابوونەوەی هۆش‌و بوون ئاکامێکی ناخۆش‌و تاڵی هەیەو هۆشی تووش نامۆیی کردووە یا لە ئاستی بووندا بووە بە بێگانەیەك[2]. بۆ نموونە هیگڵ لەم بارەیەوە ئەڵێ "هۆش ئەیەوێ لەناو هەموو شتێکدا، لە ئاسمان‌و لە زەویدا خۆی ببینێ، ئەیەوێ بگاتە ئەو بڕوایەی کە هیچ شتێك جگە لە خۆی لەناو بووندا یا لە دەرەوەی بووندا نییە"[3] گەیشتن بەم بڕوایە کارێکی ئاسان نییە، چونکە بڕوایەکە کە چارەسەری نامۆییەکەمان بۆ ئەکات‌و هۆش‌و بوون ئاشنا ئەکاتەوەو وەکو هیگڵ ئەڵێ کۆتاییش بە پەیام‌و کاری فەلسەفە دێ‌و لەوە زیاتر کۆمەڵ پێویستی بە فەلسەفە نابێ‌و شارستانییەتیش ئەگاتە دواپلەی گەشەکردن‌و پێشکەوتن، دوای ئەوە هیچ گۆڕانێك ڕووناداو کۆتایی بە مێژوو دێت.

گەیشتن بە دوا قۆناغ‌و لەناوبردنی ژیانی بێگانەیی، بە دوو ڕێگەدا دێتە ئاکام، ڕێگای دیمانەکی Theoriticalوە ڕێگای پراکتیکی Ptractical، لەم دوو ڕێگایەدا هۆش ڕەفتاری دیالێکتیکییە، بوون بە دژ دائەنێ‌و ڕەفزی سەربەخۆییەکەی ئکات‌و ئەیکات بە بەشێك لە خۆی. ئەگەر سەرنجێکی وردی سیستەمە دیالێکتیکییەکەی هیگڵ بدەین، ئەبینین گۆڕانەکان لە دوو جۆر جووڵان پەیدا بوون، (جیابوونەوەو یەکگرتنەوە) یان (بێگانەبوون‌و ئاشنابوونەوە). ئەم دوو جووڵانە پەیوەندییەکی لۆگیکییان پێکەوە هەیەو لە یەکتر جیانابنەوە، ئەگەر جیابوونەوە نەبێ یەکگرتنەوەش نابێ.

ڕێگای دیمانەکی کە پێی ئەوترێ دیالێکتیکی هۆشەکی Dialectic of Consciousness بنچینەی دیمانەی زانیاریی هیگڵە. لێرەدا هۆش بە هۆی زانینەوە بوون ئەناسێتەوەو ئەیکات بە موڵکی خۆی. بۆ ئەم کارەش پلە بە پلە لە زانینە هەستەکییەکانەوە بۆ زانینی هۆشەکی ئەڕوا تا ئەگاتە ئەو باوەڕەی کە بوون (بیر)ەو بیریش تەنیا لەناو هۆشدایەو موڵکی هۆشە.

کەموکوڕیی ئەم ئاکامە لەوەدایە کە یەکگرتنەوە لەگەڵ بووندا دیمانەکییەو هۆش نەیتوانیوە لە واقیعی دەرەوەیدا ڕەفزی سەربەخۆییو بێگانەبوونی بوون بکات. ئەمەش پێویستی بە ڕێگای دووەم هەیە، ڕێگای پراکتیکی یا دیالێکتیکی کارکردن Doalectic of Labour. لەم جووڵانەدا ئارەزوو یا حەز ئەبێ بە هێزی پاڵپێوەنەرو بە هۆی ئارەزووەوە هۆش بەرەو بوون ئەجووڵێو هەوڵی داگیرکردنی ئەدات[4]. هۆش وا خۆی دەرئەخات کە حەزی لە بوونەو ئەیەوێ بیکات بە بەشێك لە خۆی. بۆ گەیشتن بەم خواییشە، هۆش بە چەند قۆناغێکدا تێئەپەڕێ، لێرەشدا جیاوازیی چینایەتی پەیدا ئەبێو ئەمجا بە هۆی شۆڕشی بۆرژوازییەوە ناکۆکیی نێوان چینە دژوارەکان وەکو (کۆیلەو خاوەن کۆیلە) نامێنێو بە ڕای هیگڵ شارستانێتیی ئەوروپا ئەگاتە دوا پلەی پێشکەوتن[5].

پەیوەندیی نێوان کۆیلەو خاوەن کۆیلە، یان چینە دژوارەکانی ناو کۆمەڵ دوو فۆرمی نامۆیی ئەهێننە کایەوە. فۆرمێکیان نامۆیی کۆمەلایەتییە کە لە ئەنجامی داگیرکردنی زاتی کۆیلەکەوە پەیدا ئەبێتو چینەکانی کۆمەڵ نەك وەکو دوژمن بەڵکە وەکو بێگانە دەڕواننە یەکتری. خاوەن کۆیلە بە چاوێکی مرۆڤانەوە تەماشای کۆیلەکە ناکاتو بە یەکێك لەو کەلوپەلانەی دائەنێ کە لە بەردەستیا هەن. فۆرمی دووەمی نامۆییش زەوتکردنی بەروبوومو بەرهەمی کۆیلەکەیە لە لایەن خاوەنەکەیەوە. بەرهەمی کۆیلە تەعبیر لە زاتی کۆیلە ئەکاتو منداڵی زاتێتی، بەلام لە کۆمەڵێکی چینایەتیدا کۆیلە ناتوانێ خۆی بکات بە خاوەنی بەرهەمەکەی. لێکدانەوەکەی هیگڵ لێرەدا، واتە فۆرمی دوەمی نامۆیی کۆیلە کە بەرهەمەکەی کارێکی فرە مەزنی کردۆتە سەر بیروباوەڕی مارکسو دیمانەی نامۆیی کارل مارکس لەم زەمینەوە سەریهەڵداوە. نامۆیی چینی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا نامۆیی کۆیلەیە لە بەرهەمەکەی.

جیاوازییەك بەدی بکرێت لە نێوان بۆچوونەکانی هیگڵو مارکسدا ئەوەیە کە ئەم دوو زانایە لەسەر هۆی پەیدابوونی جیاوازیی چینایەتی ڕێکناکەون. هیگڵ وا لە مەسەلەکە تێگەییشتووە کە (ترس) ئەبێتە هۆ بۆ ڕووخانی هێزی مرۆڤو سەرشۆڕکردن لە ئاستی لایەنە بەهێزەکەدا. ئەوانەی لە مردن ئەترسنو غەریزەی ژیان بەسەریاندا زاڵە، ناوێرن خۆیان بخەنە ناو جەنگی مانو نەمانەوە لە ئەنجاما سەربەستییەکەیان ئەدۆڕێننو تەسلیم ئەبن. (ترس)، کە زیاتر هۆیەکی سایکۆلۆجییە، لەلای مارکس بێمانایەو هۆی سەرهەڵدانی چینەکان لە کۆمەڵدا ئەگەڕێنێتەوە بۆ بنەمایەکی ماتەریالیو دامودەزگای موڵکییەتی تایبەتی Private Ownership.

نامۆیی تاریکی ئەخاتە دڵی مرۆڤەوە. کەسێك خاوەنی زاتی خۆی نەبێو سەربەستییەکەی لێسەنرابێت، ژیانیشی لەلا بێماناو بێناوەڕۆکە. مرۆڤی نامۆ لاشەیەکی بێگیانە، چاوی بە کەسدا هەڵنایەت، تەنانەت لە خۆشی بێگانەیە یا وەك وجودییەکان ئەڵێن نامۆیی تووشی گێژبوونو ڕشانەوەمان ئەکات. وەکو نەخۆشێکی تا بەرز تامی هەموو شتێك لەسەر زمانمان تاڵ ئەکات. لێرەدا مارکس نەهاتووە باسی ئەم لایەنە شعورییەمان بۆ بکات. بە حوکمی ئەوەی فەیلەسووفێکی ماتەریالیستییە، لە دورگەیەکی جیاوازەوە تەماشای مرۆڤی کردووەو تەنیا نامۆیی چینی کرێکاری لە بەرهەمەکەیەوە بینیوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نامۆییەش پەنای بردۆتە بەر کۆمەڵێکی ناچینایەتی یا سۆسیالیستی. بێگومان چارەسەرکردنی نامۆیی چینی کرێکار لە ڕێی سۆسیالیزمەوە ئەنجامێکی سەرکەوتووانەی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانین دڵنیا بین لەوەی سۆسیالیزم ڕەگوڕیشەی نامۆیی لە بندا هەڵئەکێشێو مرۆڤ لەو کۆمەڵگایەدا تووشی نامۆیی نابێ. بڕوا ناکەم زۆر لە زانا مارکسییەکان وەکو جۆرج لۆکاش، کارل کۆرش، ئادەم شاف، هێربێرت مارکۆز، تەنانەت کالاکۆڤسکی چاو لە ئاستی ئەو نامۆییەدا

داخەن کە لە نێوان دەوڵەتو گەلدا یا زۆربەی نووسەرانو هونەرمەندانی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالیندا تووشی بوون.

وجودییەکان لەو نامۆییە ئەدوێن کە بە هۆی زەوتکردنی سەربەستییەوە پەیدا ئەبێ. لێرەدا هایدیگەر باسی جۆرێکی تری نامۆیی بۆ کردووین کە پێی ئەڵێم نامۆیی فەلسەفی. بە ڕای هایدیگەر فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە دوای ئەریستۆ وازی لە ڕاستەقینە مەزنە فەلسەفییەکە (بوون = Sein) هێناوەو خۆی بە بابەتە بەردەستەکییەکانەوە خەریك کردووە. ئەمەش بۆتە هۆی نامۆیی فەلسەفە لە بوونەوە[6]. چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نامۆییە گەڕانەوەمانە بۆ لێکدانەوەی مانای بوون، چونکە بوون بنچینەی هەموو بوونەوەرێکە. شاکارە فەلسەفییەکەی مارتین هایدیگەر (بوونو کات) کە لە ساڵی 1927 بڵاوکرایەوە، پرۆژەیەکە بۆ گەیاندن بەو مەبەستە.

نامۆیی لای وجودییەکان نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە، ج با بزانین چۆن پەیدا ئەبێت. هایدیگەر لە هەمان کتێبدا دەستەیەك مەرجی ئۆنتۆلۆگیی بۆ بوونی مرۆڤ داناوە. ئەمەش ئەوە ئەگرێتە کە هەموو مرۆڤێك ئەبێ ئەم مەرجانەی تێدا بێت ئەگەرنا پێی ناوترێ مرۆڤ. یەکێك لەو مەرجانە بوونە لەناو کۆمەڵدا (Mit- Sein) یا بوون لەگەڵ کەسانی تردا. کەس نییە بەبێ کۆمەڵ بژی یا بەبێ کەسانی تر لە وجودا بێت. ژیانیش لەناو کۆمەڵدا نیگەران بوونو خەمخواردنی کەسانی ترە. نیگەرانی (Fursorge) مەرجێکی ئۆنتۆلۆگییە بۆ بوونی مرۆڤ، واتە ئەگەر مرۆڤ هەبێ ئەوا ئەبێ خەمخۆری کەسانی دەوروبەری بێت. ئەم جۆرە پەیوەندییە ویژدانییە دوو فۆرمی هەیە: هەندێ جار نێگەتیڤەو هەندێ جاریش پۆزەتیڤە. ئەگەر نیگەران بوون سەربەستی داگیرکات ئەوا ئەبێ بە نێگەتیف. بۆ نموونە نیگەرانبوونی دایکوباوك بۆ منداڵەکانیان، سەربەستیی منداڵەکان زەوت

ئەکات، ڕێگا بە منداڵەکانیان نادەن کە ڕێی بیرکردنەوەو هەڵبژاردنی خۆیان هەبێت.

بمانەوێو نەمانەوێ لە ژیانی ڕۆژانەدا دێینە ژێر باری کارتێکردنی کۆمەڵەوەو لەگەڵیدا خەریکی زۆرانبازیینو ئەمانەوێ لە دەستی دەرچین. کۆمەڵ بەهاو نەریتو بڕوای خۆی بەسەرماندا ساغ ئەکاتەوە. ئێمەش یا وەك جەنگاوەرێك یاخی ئەبینو بەها بۆ خۆمان دائەهێنین، یا ئەکەوینە ژێر باری کارتێکردنەکەو- تەسلیم ئەبینو ئەوەی خەڵکی لێمان داوا ئەکەن جێبەجێی ئەکەین، وەك ئەوان هەڵسوکەوت ئەکەین، ئەخۆینو ئەخەوین، ئەبین بە پارچەیەك لە ماکینە گەورەکە، لەگەڵ جووڵانو وەستانی ئەودا ئێمەش ئەجووڵێینو ئەوەستین. مرۆڤ لەم جۆرە نامۆییەدا وەکو کوێرێك وایە خەڵکی دەستی ئەگرنو ئەیپەڕێیننەوە. ژیانی لاسایی کردنەوەیە، خاوەنی هیچی خۆی نییە وەیا وەکو هایدیگەر ئەڵێ بوونی ساختەو نارەسەنە (Inauthentic)[7]. چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نامۆییە ئاگابوونەوەو ناسینی زاتە. خۆناسینەوەش لەم حاڵەتەدا پێویستی بە ڕوودانێك هەیە تا لەناو خەوی بێئاگاییو خۆونبووندا ڕامانچڵەکێنێ. ئەو ڕووداوە بە ڕای هایدیگەر مردنە. جا با بزانین مردن چۆن بە ئاگامان ئەکاتەوە؟

(مردن) تاقیکردنەوەیەك نییە کەسانی تر بتوانن لەگەڵماندا بەشداریی تێدا بکەن. هەرکەسە مردنی خۆی هەیە. دروستە وەکو ئالبێرت کامۆ ئەڵێ: "مردن ڕووداوێکی گشتییەو هەموو ئەمرین"، بەڵام کەس بۆ کەس نامرێ یا کەس ناتوانێ مردنی کەسێکی تر ڕاگرێ، یا تۆزقاڵێکی لێ کەمو زیاد کا. مرۆڤ بە تەنیا ڕووبەڕووی مردن ئەبێتەوە. کاتێ بەم جۆرە لە ئاستی مردندا ڕائەوەستین کەسایەتیو زاتی خۆمان ئەدۆزینەوە. (مردن) تاقیکردنەوەیەکە هەتا پێیدا نەڕۆین نازانین چییە. کە ناسیشمان ناتوانین

باسی بکەین. مردن کۆتایی بە بوونمان ئەهێنێ. هەتا ئەو ڕۆژەی ئەمرین بوونمان یا جەوهەرمان تەواو نابێو لە گۆڕاندایە. مردن تەواوی ئەکاتو کۆتایی بە گۆڕانەکانی ئەهێنێ.

سارتەر زانایەکی وجودیی ترە کە نەك بە تەنیا لە کتێبە فەلسەفییەکەیدا (بوونو نەبوون) کە لە ساڵی 1943دا بڵاوکرایەوە، باسی نامۆیی کردووە، بەڵکە زۆربەی کارە ئەدەبییەکانیشی وەکو ڕۆمانەکانو شانۆگەرییەکانی بۆ ئەم کێشەیە تەرخان کردووە. سارتەر لە باتی نامۆیی زاراوەیەکی تایبەتی بۆ داتاشیوینو پێی ئەڵێ بڕوای خراپ (Bad faith) یا درۆ لەگەڵ خۆکردن، خۆ هەڵخەڵەتاندن(8).

درۆ لەگەڵ خۆکردن لە ئەنجامی لاوازیو خۆدزینەوە لە لێپرسینەوەکانمان پەیدا ئەبێ. مرۆڤێك ئەوەندە بەهێز نییە تا چاکەو خراپەی هەڵسوکەوتی ژیانی بگرێتە ئەستۆی بۆ ئەوەی لەو لێپرسینەوەیە ڕابکات، وەکو کورد ئەڵێ، دەستی ئارداویی خۆی بە شانی کەسانی تردا ئەسوێو خەڵکی یا کۆمەڵ یا کەسێکی تر تاوانبار ئەکاتو لۆمەی ئەخاتە سەر. ئەمەش بیانوو دۆزینەوەیەو لەم حاڵەتەدا مرۆڤ واقیعێك ئەهێنێتە کایەوە کە لە حەقیقەتدا وجودی نییە، بەڵام پەنای ئەباتە بەرو بڕوای پێئەکات. زۆر جار گوێمان لێ ئەبێ خەڵکی ئەڵێن گوایە ئەوەی ڕوویداو بەسەرماندا هات لە چارەمان نووسرابوو، یا بەڵای خوایە، یا کەسانی تر پاڵیان پێوەناین ئەو کارە بکەین. تەنانەت ئەبینین فرۆیدو ئەوانەی سەر بە ڕاڕەوی فێرگەی فرۆیدن لە ئانالیتیك سایکۆلۆگیدا. زۆر جار دافیعی کارەکانمان ئەگەڕێننەوە بۆ (لاشعور) کە مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریدا نییە. لە ئەنجامدا مرۆڤ ئەتوانێ بە تاوانبارکردنی لاشعووری، خۆی لە هەموو لێپرسینەوەیەك بدزێتەوە. ئەمەش بووە بە خاڵێکی سەرەکیی جیابوونەوەو ڕێکنەکەوتنی وجودییەکانو فرۆید لەگەڵ یەکتردا.

سایکۆلۆگیی وجودییەت مرۆڤ بە ئاگاوە ئەکات بە خاوەنی هەڵوێستو کردەوەکانیو لە ئاستی هەموو کارێکیدا بە لێپرسراو دایئەنێ. حەز ئەکەم لێرەدا نزیکبوونەوەیەك لە نێوان سارتەرو هیگڵدا ڕوون بکەمەوە. ئایدیۆلۆجییەتی کۆیلە کە هیگڵ لە کتێبی The Phenomenlogy of Mindدا باسی کردووە ئەو بڕوا خراپەیە کە سارتەر لێی دواوە. هیگڵ لەو باوەڕەدایە کە کۆیلە لە ئەنجامی کارکردنو چەوساندنەوەی جارێکی تر بە ئاگا ئەبێتەوەو بڕوای بە سەربەستی ئەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی غەریزەی ژیان هێشتا بە سەریدا زاڵەو نەیتوانیوە حەقیقەتی مردن بناسێو لەوە ئەترسێ بمرێ، ئامادە نییە دژی خاوەنەکەی خۆی بخاتە مەیدانی جەنگەوەو داوای مافی خۆی بکات. بۆ ئەو مەبەستە بە دوای بیانوودا ئەگەڕێو خۆی لە بەرپرسیارییە مێژووییەکەی ئەدزێتەوە. بۆ ئەمە بیروباوەڕێك (ئایدیۆلۆگی) ئەهێنێتە وجودەوە کە لەم ڕووەوە یارمەتیی بدات. یەکێکیش لەو ئایدۆلۆگییانە کە هیگڵ باسی کردوون، ئایینە. لەم ڕووەوە هیگڵ وای بۆ چووە کە ئایین کۆیلە دروستی کردووەو ئایدیۆلۆگیی کۆیلەیە. ئەگەر تەماشای نیتشە بکەینەوە، ئەبینین لەگەڵ هیگڵدا ڕێك ئەکەوێو لەم ڕوانگەیەوە پەلاماری ئایینی مەسیحیی داوە. بەڵام مارکسییەکان ڕایان جیاوازەو بە پێچەوانەی هیگڵو نیتشەوە ئایین بە کارامەو داردەستی چینی چەوسێنەر دائەنێن. بە ڕای کۆیلەیەکی بڕوادار یا خاوەن ئایدیۆلۆگیی ئایینی ئەوەی لەم ژیانەدا هەیە نادروستو نەفەسکورتە. حەقیقەتو ژیانی بەرزو سەربەستیو یەکسانی لە جیهانی گیانەکیدایە. جا لەم دنیایەدا مرۆڤ کۆیلە بێ یا خاوەن کۆیلە بێ، سپی بێ یا ڕەش، هەژار بێ یا دەوڵەمەند، گرنگ نییەو نابێ خەمی بۆ بخۆین، چونکە لە ئاستی پەروەردگاردا کەس خاوەنی کەس نییە. لێکۆڵینەوەکەی هیگڵو سارتەر بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستو بیرکردنەوەیە وەك یەکن. کۆیلەکە

ناتوانێ داوای سەربەستییەکەی بکاتو خۆی لە لێپرسینەوە مێژووییەکەی سەرشانی ئەدزێتەوە، لەبەر ئەوە پەنا ئەباتە بەر جۆرە بیرێك کە لە واقعیشدا نییەو خۆی دایتاشیوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەزانێ ساختەیە، بڕوای پێهێناوە.

ڕاکردن لە لێپرسینەوەکانمان بە دوو جۆر تووشی بڕوای خراپمان ئەکات:

یەکەم: درۆ لەگەڵ خۆکردن جەوهەرمان ئەشارێتەوە یا شوێنی بڕواو بەهای کەسانی تر ئەکەوین، ئەوەی خەڵکی ئەیانەوێو حەزی لێ ئەکەن ئێمە پێی هەڵئەسینو جێبەجێی ئەکەین. بوونمان بۆ کەسانی ترە. لێرەدا سارتەر نموونەی ژان ژینێی نووسەری فرانساامان بۆ ئەهێنێتەوە. ژان ژینێ بەبێ دایكو باوك لەناو خێزانێکی بێگانەدا گەورە بوو. لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستی کرد بە دزیو خەڵکی بە دزیان دانا. ئەمیش شوێن قسەی ئەوان کەوتو ژیانی دزێتیو خراپیی بۆ خۆی دانا تا لە ئەنجامدا گەیشتە زیندان. لە زینداندا لە ڕێگەی خوێندنەوەو نووسینەوە توانیی زاتی ڕەسەنی خۆی بدۆزێتەوەو لە دەست نامۆیی یا درۆ لەگەڵ خۆکردن وەکو دزێك ڕزگار ببێت.

دووەم: بڕوای خراپ لەو کاتەدا پەیدا ئەبێ کە مرۆڤ خۆی بە بابەتێك دائەنێو هەموو سیفاتێکی مرۆڤانە لە بوونی خۆی ڕائەماڵێ. ئەمەش لە ڕێگای لەشمانەوە ڕوو ئەدات. لەم جۆرە نامۆییەدا مرۆڤ وەکو لەش یا بابەتێکی بەردەستەکی خۆی پیشان ئەدات، چونکە بابەتەکان وەکو مرۆڤ بە ئاگاو سەربەست نینو ناتوانن بە تاوانبار یا بە لێپرسراو دایاننێین.

چارەسەرکردنی نامۆیی بە تێکڕا لەلای وجودییەکان ئەکەوێتە سەر هەوڵدانی خۆمانو گەڕانەوەمان بۆ زات لە ڕێگای ئاگابوونەوەو بڕواهێنان بە سەربەستی. مرۆڤی نامۆ، لەهەر کۆمەڵگایەکدا بژی، ژیانی کۆیلایەتیو

بەندییە. مرۆڤی خۆناس ناکەوێتە ژێر باری کارتێکردنی دەوروبەرو لاسایی کەسانی تر ناکاتەوە. بە ئاگاوە ڕووبەڕووی واقیع ئەبێتەوە، سەربەستە، خاوەنی زاتی خۆیەتیو گوێی لە دەنگی ویژدانێتی. با لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێین کە خۆناسین، بەم جۆرەی باسمان کردووە، دوورەپەرێزی لە کۆمەڵەوە نییە. وەك لە سەرەتاوە وتمان کە نیگەران بوونو بوون لەناو کۆمەڵدا دوو مەرجی سەرەکین بۆ بوونی مرۆڤ. لەم بۆچوونە وجودییەوە خۆناسین ئەبێتە بنەمای هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵدا، هاریکارییەك کە لەسەر بنچینەی ئاگاییو سەربەستی دامەزراوە، نەك لەسەر بناغەی داگیرکردنو چەوساندنەوە.

## پەراوێزەکان:

1-ڕەشبینییەکەی شۆپنهاوەر لە کتێبی The World as Will and idea، کە لە ساڵی 1818دا بڵاوکرایەوە بە ئاشکرا باسکراوە. تەنانەت شۆپنهاوەر لەو باوەڕەدایە کە خۆکوشتنیش ناتوانێ تۆزقاڵێ لەو تاریکییە کەم بکاتەوە.

2-نامۆیی لەلای هیگڵ پێی ئەوترێ بێگانەبوون، لە وشەی Entfremdungی ئەڵمانییەوە هاتووە.

3-Hegel: The Philosophy of Mind, Oxford University Press, 1969. p. 2.

4-Hegel: The Phenomenology of Mind, New York, Harper and Row Publishers, 1967. p. 229.

5-لە ژمارەکانی پێشووی مامۆستای کوردا، لەژێر ناوی (ئۆنتۆلۆجیی زات) باسی دیالێکتیکی کارمان کردووە، بە پێویستم نەزانی جارێکی تر لە سەری بدوێم. بڕوانە مامۆستای کورد، ژمارە 14، بەهاری 1992. ژمارە 16 ساڵی 1993.

6-Heidegger, Martin: Being and Time, Oxford, Blackwell, 1962, Section 3, p. 22.

7-Ibid, section 126, p. 163.

8-Sartre, Jean- Paul: Being and Nothingness, Methuen, 1957, p. 86.

## هیومو ڕاڕەوی گومانکاری

شێوەو ناوەڕۆکی فێرگەیەکی فەلسەفی یا سیستەمێکی بیروباوەڕ بە گۆڕانی چەند کێشەیەك زۆرجار قەوارەی جیاواز بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. ئەو کێشە گرنگانەی داڤید هیوم، فەیلەسووفی فێرگەی هەستەکی، پەنجەی بۆ ڕاکێشاون بنچینەی سیستەمی زۆر بیروڕای میتافیزیکیو ئایینیو تەنانەت زانستیانەشی کەمهێز کردووەو کارێکی زۆریشی کردۆتە سەر تێڕوانینی زۆر فێرگەی فەلسەفیی سەردەم بە تایبەتی فەلسەفەی ئەنەلەتیكو لۆجیکی پۆزەتیڤیزم. جا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە زانایانی سەر بەم فێرگانە دەقاودەقی بیروباوەڕەکانی هیومیان لە سیستەمی فەلسەفەکەیاندا دووبارە کردۆتەوەو هیچی نوێیان نەهێناوەتە کایەوە. گومانی تێدا نییە کە ئەم زانایانە بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییەکەو لۆجیکی هیومیان بە دوو شاکارو هەوڵدانێکی نایاب داناوە. بەڵام لە ئاستی زۆر کێشەو ئەنجامی فەلسەفەکەی هیومدا هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان هەیە. بۆ نموونە بە ڕای کارل پۆپەر زۆر بیروڕای هیوم هەن زیاتر سایکۆلۆجیانەنو ڕەنگو بۆی فەلسەفەیان پێوە دیارنییە[1]. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر دیراسەی ئەپستمۆلۆجییەکەی هیوم بکەینو لە ڕوانگەی فەلسەفەکەیەوە کێشەو مەسەلەی زانستەکان هەڵسەنگێنین، دەکەوینە ناو تەمو مژەوەو بڕوا بە هیچ ناکەین. ئاشکرایە زاناکان لە زانیارییە هەستەکییەکانەوە دەست بە گەشتەکەیان دەکەن، لەو بابەتانە دەکۆڵنەوە کە لەبەر دەستدانو بینراون، بەڵام هەرگیز لێرەدا ناوەستنو بەرەو دوورگەیەکی دوورتر ڕێ دەکەن، جیهانێك دەدۆزنەوە کە هەست کردنمان پەی پێنابەن. کتێبەکەی بەردەستم وەکو بابەتێکی هەستەکی بەرگی شینەو پەڕەکانی سپییەو ڕەقەو

قورسە.. هتد، ئەم سفاتانە لە ڕێگای ئەزموونی هەستەکییەوە بە من گەیشتوون لە هەمان کاتدا مامۆستایەکی فیزیك دەڵێ: کتێبەکە لە چەندەها ئەتۆمی وردو نەبینراو پێکهاتووەو ئەتۆمیش خاوەنی ئەلەکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆنە. ئەلکترۆن بنەڕەتەو نە ڕەنگی شینەو نە پەڕەکانیشی سپییە. کتێبەکە بۆ مامۆستای فیزیك زۆر سفاتی هەیە کە من ناتوانم لە ڕێگای هەستکردنمەوە بیاندۆزمەوە.

ئێستا ئەگەر بێینەوە سەر ناوەرۆکی باسەکەمان تاکو بزانین کێشە ئەپستمۆلۆجییەکان لای هیوم چۆنن و چۆنیش دەبنە هۆی لاوازکردنی بناغەی بیروباوەڕی میتافیزیك.

جۆن لۆك لە ڕاڕەوەکەیدا سێ خاڵی سەرەکی بۆ دروستبوونی زانیارییەکانمان دیاری کردووە (هۆش، جیهانی دەرەوەی هۆش، بیرەکان)، ئەمجا هەرچ جۆرە زانیارییەکمان هەبێت لەم سێ خاڵەدا کۆدەبنەوە. من وەکو (هۆش) هەستم بە بوونی کتێبەکە (جیهانی دەرەوەی هۆش) کردووە (بیر)ی کتێبەکە لە لام دروست بوو، ئەگەر یەکێك لەم لایەنانە لە وجوددا نەبن زانیاریش پەیدا نابێ. بارکلی. فەیلەسووفێکی تری فێرگەی هەستەکی، بڕوای بە بوونی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەوە نییەو بە کۆمەڵێ سفاتی هەستەکی- هەمەکییان دادەنێ[2]. ئەم هەڵوێستە ئایدیالیستییەی بارکلی گەلێ لە هەڵوێستی هیگڵەوە نزیکە، تەنیا جیاوازییان ئەوەندەیە سیفاتەکان لای هیگڵ هۆشەکەی — هەمەکین Non- Sensuos Universals[3].

هیوم بە پێچەوانەی بارکلییەوە ڕەفزی بوونی ڕاستەقینەی هۆش دەکات، بەڵگەکانی بارکلیی تاکو ڕادەیەك بەکارهێناوە تاکو دژی ئایدیالیستییەکان و بارکلی ڕاوەستێ. بەهەرحاڵ، ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازە، ڕەفزکردنی بوونی جیهانی ماتریال لە لایەکەوەو ڕەفزکردنی هۆش لە لایەکی ترەوە

دەرگای مەسەلە ئانتۆلۆجییەکانمان بۆ دەخەنە سەر پشتو ئەو پرسیارەمان لەبەر دەمدا قوت دەکاتەوە کە ئایا بوون ئایدیایە یا ماتریالە؟ بەڵام نامانەوێ لێرەدا پەلاماری ئەم مەسەلە گرانە بدەین.

ئەگەر بیروباوەڕەکانی هیوم بە تەواوی بسەلمێنین ئەوا هیچ زەمینەیەك بۆ میتافیزیك نامێنێتەوە، ئەوەش لە خۆیدا مەسەلەیەکی هەرە گرنگەو بە پێچەوانەی باسۆنەوە کارێکی بێهودەیە یا زمانەوانی نییە[4]. حەز دەکەم ئەوەش دووبارە بکەمەوە کە ڕەخنەکانی هیوم تەنیا ئاراستەی میتافیزیك نەکراون بەڵکو لە زۆر شوێندا هیوم هەوڵی داوە زانستەکانیش لەژێر مۆرکی کێشە هۆشەکییەکاندا ڕزگارکات، لەبەر ئەمەشە هیوم بە توندی پەلاماری زۆر بیروباوەڕی زانستیی داوە کە لە دواییدا باسیان دەکەین.

لایەنی پۆزەتیڤی لەفسەفەی هیوم.

هیوم کە یەکێکە لە پێشەوایانی فێرگەی هەستەکی لەو باوەڕەدایە زانیارییەکانی مرۆڤ لە ڕێگای هەستکردنەوە پەیدادەبن. هەروەها بیرە زگماکییەکان کە دیکارتو شاگردەکانی بڕوایان پێی هەیە نادروستن. هەستکردن تەنیا کلاوڕۆژنەیەکە مرۆڤ دەتوانێ لێوەی تەماشای جیهان بکاتو دەوروبەری بناسێ. هەستکردنیش دوو جۆرە، ئینطباعەکان، دووەم: بیرەکان[5]. ئینطباعەکان Imprerssions پێش بیرەکان دەکەون ئەگەر ئەمان نەبن هیچ بیرێك دروست نابێ. هیچ بیرێك بە بێ ئینطباعەکەی نییە. ئەگەر بیرێکمان هەبوو ئینطباعەکەی نەدۆزرایەوە ئەوا ئەو بیرە نادروستو ناماقوولە. بیری ڕەنگی سوور لە ئینطباعی ڕەنگی سوورەوە پەیدا بووە، ئەگەر من ئەو ڕەنگەم نەدیبێ نازانم چۆنەو جیاوازیی لە ڕەنگەکانی تر چیە.

ئینطباعەکان Imprerssions و بیرەکان Ideas دەکرێن بە دوو بەشەوە: ئینطباعو بیری ساکار وەکو ڕەنگی سوور، و لێکدراو وەکو ئینطباعو

بیری مێز کە لە چەندەها ئینطباعو بیری سکار (ڕەنگو شێوەو ڕەقیو.. هتد) پێکهاتووە[6]. زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئینطباعی بیرە ساکارەکان بدۆزینەوەو هەمیشە لە یەك دەچن، ئینطباعی ڕەنگی سوور هەمیشە بیری ڕەنگی سوور دروست دەکات. مەرج نییە ئەم لەیەکچوونە لە نێوان ئینطباعو بیرە لێکدراوەکاندا هەمیشە پێویست بێت. زۆر بیری لێکدراومان هەیە (شاخی ئالۆون، ئەسپی باڵدار) لە هیچ ئینطباعێکی لێکدراوە نەگەیشتوون بە ئێمە، کەس نییە شاخی ئاڵتوونو ئەسپی باڵداری دیبێت. ئەی کەوابوو ئەم جۆرە بیرانە چۆن پەیدا بوون؟ ئەگەر تەماشای بیرە لێکدراوەکان بکەین دەبینین لە چەند بیرێکی ساکار وەکو "شاخ" "ئاڵتوون" "ئەسپ" "باڵدار" پێکهاتوون. ئەم بیرانەش دەگەڕێنەوە سەر ئینطباعەکانیان. لە هیچ شوێنێکا ئەسپی باڵدار نییە، بەڵام هەموو یەکێ لە ئێمە ئەسپو باڵی دیوەو لە ڕێگای ئەندێشەمانەوە بەستوومانن پێکەوەو بیرێکی لێکدراومان لێ دروستکردووە.

وەکو وتمان، ئینطباعەکان بیرەکان دروست دەکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بیرەکان دەکەونە ژێر حوکمی ئینطباعەکانەوە، ئەگەر یەکێك هەنگوینی نەخواردبێو کەس باسی هەنگوینی بۆ نەکردبێ ئەوە نازانێ تامی هەنگوین چۆنە[7]. لێرەدا دەگەینە دوو سەرئەنجامی گرنگ:

یەکەم: هیچ بیرێك بەبێ ئینطباعەکەی نابێ ئەگەر هەبوو ئەوا ناماقووڵە.

دووەم: ئینطباعەکان دەبنە هۆی مەحکووم کردنو مەحدوود کردنی بیرەکانمان.

بە پێی سەرئەنجامی یەکەم ماقووڵیو ناماقووڵیی بیرەکان دەگەڕێنەوە بۆ بونی ئینطباعەکانیان هەر ئەمەشە دەمانگەیەنێتە سەرئەنجامی دووەمو دیوارێکی ئەستوور بە چواردەوری زانیارییەکانی مرۆڤدا بەرزدەکاتەوەو

ڕێگە نادات مرۆڤ خۆی بگەیەنێتە دوورگە دوورو نەدۆزراوەکان. ئەم بۆچونەی هیوم کارێکی زۆری کردۆتە سەر بیروباوەڕەکانی کانت Kant بە تایبەتی مەسەلەی جیاکردنەوەی نۆمینە لە فینۆمینە، یا جیهانی نەزاندراو لە جیهانی بەردەستەکی. بێگومان فەلسەفەکەی هیوم نائومێدییە بۆ زانا میتافیزیکیو ئایینییەکان. هەروەها بنچینەی زۆر بیروباوەڕی زانستیانەش لەق دەکات، لەم ڕوانگەیەشەوە هیوم ڕەخنە دەکاتە سەر هەندێ بیروباوەڕی زانستیانە وەکو یاسای هۆیەکی.

## ڕەخنە لەسەر بوونی هۆش.

بە بڕوای زانا ئایدیالیستییەکان هۆش جەوهەرێکی سەربەخۆیەو بە جەستەوە بەند نییەو هیچ هێزێکیش نایفەوتێنێ، لەناوچوونی جەستەش نابێتە هۆی تێشکاندنی هۆش. ڕەخنەکانی هیوم بۆ سەر ئەم بیروباوەڕە ئایدیالیستییە دەکرێن بە چەند بەشەوە.

بەشی یەکەم:

پەیوەندیی بە کێشە ئەپستمۆلۆجییەکەوە هەیە، وەکو (مەحکومکردنو مەحدودکردنی بیرەکان لە لایەن ئینطباعەکانەوە. ئەمجا ئەگەر بڕوامان بە بوونی هۆش وەکو جەوهەرێکی سەربەخۆ هەبێ ئەوا پێویستە بیرەکەی لە ئینطباعەکەیەوە پەیدا بووبێت، بەڵام ئینطباعی هۆش لە هیچ کونو کەلەبەرێکی دنیادا نییەو نادۆزرێتەوە، کەوابوو بیری هۆش ناماقووڵە.

ئەم ڕەخنەیە تاکو ڕادەیەك سەرکەوتووانەیە. بەڵام دەتوانین ڕەخنەی لێبگرین. خۆ ئەگەر بڕوامان هەبێ کە هەموو بیرێك لە ئینطباعەکەیەوە پەیدا بووە، ئایا بیری ئینطباع لە چ ئینطباعێکەوە هاتۆتە کایەوە؟ لێرەدا هیوم وەڵامی پرسیارەکەمانی لا نییە. ڕەددانەوەی زانا ئایدیالیستییەکان ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ ئامێرێکی بێهەستو گیانەو هیچ جیاوازییەکی

لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکدا نییە. هیوم بڕوای بە هۆش هەیە، بەڵام ئەو هۆشە بە کلافەیەك ئینطباعو بیرو هەستکردنی دادەنێ کە هیچ دەزوویەکی ئەفسانەوی گرمۆڵەی نەکردووە، "بەش بە حاڵی خۆم کاتێ بە ناخما شۆڕدەبمەوە جگە لە کۆمەڵێ هەستکردن بە خۆشیو ناخۆشی، گەرماو سەرما، تاریکیو ڕووناکی، ڕەقیو نەرمی هیچ شتێکی تر نادۆزمەوە، هەرگیز خۆم بە بێ ئەم هەست کردنانە نابینم"(8). پێویستە ئەو پرسیارە ئاراستە بکەین کە ئایا کلافەیەك هەستکردن دەتوانێ چاکەو خراپە لە یەکتر جیابکاتەوە؟ ئایا دەتوانێ سەمفۆنیەکانی بیتۆڤن بنووسێو پەیکەرەکانی مایکل ئەنجلۆ داتاشێ؟ مەبەستم لە پرسیارەکە پشتگرتن لە تیۆرە ئایدیالیستییەکە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەو باوەڕەدام کە بۆچوونەکەی هیوم پێویستی بە دەستکاری کردن هەیەو هەویرەکەشی لەوە زیاتر ئاو دەکێشێ. هەروەها هیوم لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا: A Treatise of Human Nature بەرپێچی ڕەخنەکەی دەداتەوەو دەڵێ: ئاشکرایە بیر یا ئنطباعی هۆش ڕاستەوخۆ پێمان دەگاتو هەمیشە لەگەڵماندا حازرە(9). ڕاکەی هیوم گەلێك لە ڕاکەی دیکارتو جۆن لۆکەوە نزیکە، لەوەش دەچێ کە هیوم بڕوای بە Intution حەدەس (حدس) هەبێ. زۆرجاریش وا دەردەکەوێ کە هیوم هۆشو کارەکانی هۆشی لە یەك جیا نەکردبێتەوە. بۆئەوەی زیاتر لەم خاڵە بگەین حەز دەکەم کارکردنی هۆش وەکو هەستکردن ڕوون کەمەوە.

هەموو هەستکردنێك دوو شێوەی هەیە. شێوەی یەکەم ناسینی بابەتەکەی بەردەممانە وەکو کتێبەکە. دووەمیش هەستکردنە بە زاتی خۆم لە ئاستی بابەتەکەدا وەستابێ بۆ نموونە کە دەڵێم "کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە" ئەم پرۆپۆزیشنە دوو ڕاستەقینەمان بۆ دەردەخات، یەکەم بوونی کتێبەکە لەسەر مێزەکە، یا زانینی من لەو بارەیەوە، دووەمیش

هەستکردن بەوەی کە (من) وەکو زاتێك ئاگاداری ئەو ڕاستەقینەیەم. ئەمجا هەستکردن بە بوونی کتێبەکە لەسەر مێزەکە بە ئاسانی دەخرێتە پرۆپۆزیشنی "من دەزانم: کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە. هەستکردن، هەستکردنە بە شت، بەبێ زات یا بە بێ (من) ئەو شتە هەستی پێناکرێ‌و ئەگەر شتەکەشی نەبێ تافیکردنەوەکەی من دروست نابێ، زات‌و بابەت لە هەستکردندا هەمیشە پەیوەندییەکی دیالێکتیکییان هەیە. من خاوەنی کلافەی بیرەکان، ئنطباعەکانم، من برسێتی نیم بەڵکە برسیمە، من ئاگایی نیم بەڵکو بە ئاگام، من خۆشی نیم بەڵکو هەست بە خۆشی دەکەم. ڕاستە ئەمانە لە ناخی مرۆڤدا ڕوودەدەن بەڵام ئەو ناخە چییە کە ڕووداوەکان تیایدا دروست دەبن؟

کەموکووڕیی فەلسەفەکەی هیوم تەنیا لەوەدا نییە کە مرۆڤی بە بێ زات داناوە بەڵکو سەرەڕای ئەوەش هێزو توانای زانینی خنکاندو، ڕێگەمان نادات خۆمان بهاوینە جیهانی ئەو دیو ئنطباعەکانەوە. تەنانەت تووشی حاڵەتێکمان دەکات کە نەتوانین باسی داهاتووشی بکەین، "کەس ناتوانێ دڵنیامان کات کە سبەینێ خۆر هەڵدێ، چونکە سبەینێ نەهاتووەو ئنطباعەکەیمان نییە، ئەگەر سبەینێش هات ئەوا دەبێ بە ئەمڕۆ" جا ئەگەر زانستەکان شوێن بیروباوەڕی هیوم بکەون، هەرگیز ناتوانن باسی داهاتووی گەردوون‌و کۆمەڵمان بۆ بکەن.

ڕاڕەوی دووالیزم لە میتافیزیکدا هۆشی مرۆڤ لە سیفاتە ماتریالییەکان دادەماڵێ‌و لەژێر یاسای گۆڕان‌و کات‌و شوێنی دەردەهێنێ. هەروەها، هۆش وەکو بابەتێکی ناماتریالّ گۆڕانەکانی لەشی تۆزقاڵێ کاری تێناکەن‌و هەمیشە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. هیوم لەو باوەڕدایە ئەگەر هۆش هەبێ‌و جەوهەرێکی نەگۆڕو هەمیشەیی بێت ئەوا پێویستە بیری ئەو جۆرە جەوهەرە لە ئینطباعەکەیەوە پەیدابووبێ کە نەگۆڕو هەمیشەییە، بەڵام

هیچ ئنطباعێك نییە ئەم جۆرە سیفاتانەی هەبێ، کەوابوو بیری جەوهەری نەگۆڕ لە هیچ ئینطباعێکەوە پەیدانەبووەو ناماقووڵە[10].

لە سەرەتاوە باسمانکرد کە هەستکردن دوو جۆرە: ئینطباعەکانو بیرەکان. ئینطباعەکان هۆن بۆ بیرەکانو بیرەکان لە منداڵدانی ئینطباعەکاندا لەدایك دەبن. هەروەها پەیوەندیی نێوانیان کاتو شوێنی تایبەتی هەیە لە هەمان کاتیشدا پێویستە بیرەکانو ئینطباعەکانیان لە یەکتری بکەن، ناتوانین بڵێین کە ئینطباعی کتێبەکە لەسەر مێزەکە بیری ئەسپمان لا دروست دەکات. جگە لەم پەیوەندییانە کە دەبن بە یاساکانی تداعی[11] Association بۆ بیرکردنەوە، هیچ پەیوەندییەکی تر لە نێوان بیرەکانو ئینطباعەکانیاندا نییە. لە لایەکی ترەوە یاساکانی تەداعی ناتوانێ هەموو جۆرە بیرێك پێکەوە ببەستن. گومان لەوەدا نییە کە ئینطباعەکان هۆ بن بۆ بیرەکان، هەموو لەگەڵ هیومدا ڕێکدەکەوین کە ئینطباعی ڕەنگی سوور بیری ئەو ڕەنگەمان لا دروست دەکات، مەسەلەکە لەوە قووڵترو بەش بە حاڵی خۆم ئەو پەیوەندییە (هۆیەکی) لە نێوان بیرەکاندا نادۆزمەوە. بۆ نموونە لە ژوورەکەمدا دانیشتووم خەریکی نوسینی ئەم بەرهەمەم. کتێبەکانی سەر مێزەکەو پەڕەکانو پاندانەکەم دەبینم. لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئاسمانو هەورەکانی ئاسمان دەکەم، ئەگەر زیاتر لە پەنجەرەکە نزیك بمەوە خەڵکەکەی سەر شەقامەکەش دەبینم. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵی ئینطباعو بیری ئاڵۆزاو لام دروست بوون. ئاشکرایە بیرەکان لە ئینطباعەکانیانەوە پەیدابوون. واتە ئینطباعەکان بوون بە هۆ بۆ بیرەکان، یاخود ئینطباعەکانو بیرەکان پەیوەندییەکی هۆیەکیان هەیە، بەڵام هەمان پەیوەندی لە نێوان بیری کتێبەکانی سەرمێزەکەو پەڵە هەورەکانی ئاسمانو خەڵکی سەر شەقامەکەدا نادۆزمەوە، لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەم شتانە لەناو زاتی مندا ڕوویان داوە. ئەم کۆمەڵە بیرانە

پێویستییان بە دەزوویەك هەیە تاکو پێکەوە بیانهۆنینەوە، بەڵام هیوم بڕوای بە هیچ پەیوەندییەك جگە لە تداعی نەهێناوە.

## هیوم‌و زانست:

لە کۆنەوە زاناکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە هەموو شتێك یا هەموو ڕووداوێك هۆیەکی هەیەو لە خۆیەوە سەرهەڵنادات. ئەمەش بووە بە یەکێك لە یاسا گرنگەکانی زانست بە ناوی یاسای هۆیەکییەوە کەزانستەکان تەفسیری جیهانی پێدەکەن. ئەگەر بڵێین دووکەڵ بەبێ ئاگر نابێ ئەوا ئاگر دەبێ بە هۆ بۆ دووکەڵ‌و دووکەڵیش ئەنجامە. ئەگەر ئاگر هەبێ دووکەڵیشی دەبێ، هۆ بەبێ ئەنجام نییەو ئەنجامیش بەبێ هۆ نابێ ئەمەش پێی دەوترێ پەیوەندیی پێویست Necessary لە نێوانیاندا.

لێرەدا سێ خاڵی گرنگ دەستنیشان دەکەین.

یەکەم: هۆ بەبێ ئەنجام، ئەنجام بەبێ هۆ نییە.

دووەم: پەیوەندی نێوانیان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت.

نابێ ئەنجامێك بەبێ هۆ هەبێ.

لە بنەڕەتدا ڕەخنەکانی هیوم ئاراستەی ئەم سێ خاڵە کراون، لە پێش هەموویاندا ئاراستەی خاڵی سێهەم کراون‌و یاسای هۆو ئەنجام دەگەڕێننەوە بۆ تەفسیرێکی زاتی‌و سەر بە یاسای تداعی وەیا شتێکە پەیوەندیی بە ئەندێشەی مرۆڤەوە هەیە.

ڕەخنەی یەکەم:

زانیارییەکانمان (بە ڕای هیوم) هەستەکین‌و بیرەکانمان لە ڕێگای ئینطباعەکانیانەوە پێمان دەگەن. بیری (هۆ) Cause کە لە لامانەو ڕووداوەکانی پێ تەفسیر دەکەین پێویستە لە ئینطباعەکەیەوە هاتبێ، بەڵام ئینطباعی ئەو بیرە لە هیچ شوێن‌و هیچ هەستکردنێکا نییە. ئەگەر یاری بە

دوو تۆپی بلیارد بکەین، تۆپی یەکەم لە جێگای خۆیەوە بەرەو تۆپی دووەم دەجولێ، بەری دەکەوێ جوولان لە تۆپی دووەمیشدا دروست دەکات. لێرەدا جولانی تۆپی یەکەم بووە هۆ بۆ جوولانی تۆپی دووەم. لەم نموونەیەدا دەکرێ بە ئاشکرا جولانی تۆپەکانو ڕەنگو شێوەیان ببینین، بەڵام هەستکردنەکانمان بە هیچ جۆرێك (هۆ)مان پێڕاناگەیەنن، کەوابوو ئەو بیرە چۆن پەیدا بووەو لە کوێوە هاتووە؟ هیوم جارێکی تر بەڵگەی لەسەر ڕەتدانەوەی بڕواکردن بە هۆش، دووبارە کردۆتەوە، مادام ئینطباعی هۆ نییە، ئەوا بیرەکەشی پوچەڵو ناماقووڵەو ئەندێشەی مرۆڤ هێناویەتییە کایەوە، هەڵەیە کە لە ئەنجامی نزیکبوونی ڕووداوەکان لە یەکترەوە پەیدابووە. بە ڕای من لێرەدا هیوم خۆی تووشی هەڵەیەکی لۆجیکی کردووە، هۆیە ڕستەڤینەکانی Propter Hoc لە هۆیە ساختەکان Post Hoc جیانەکردۆتەوە[12].

ڕەخنەی دووەم:

کێشەی فەلسەفییەکان لەلای هیوم دوو بەشن. بەشێکیان نەگۆڕاون Facts Necessary وەکو کێشە ماتماتیکیەکان 3 + 2 = 5 بەشەکەی تریان کە زیاتر پەیوەندی بە هەستکردنەوە هەیەو دەکەوێتە ژێر حوکمی گۆڕانو کاتو شوێنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یا لە کاتو شوێنێکەوە بۆ کاتو شوێنێکی تر دەگۆڕێن. بۆ نموونە کە دەڵێم ئەمڕۆ هەوا گەرمە، لەوانەیە بۆ من گەرم بێو بۆ یەکێکی تر سارد بێ یا لە شوێنی من گەرمەو لە شوێنێکی تر ساردە، یا ئەمڕۆ گەرمەو سبەینێ ساردی دەکات، بە ڕای هیوم پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجام سەر بە کێشەکانی بەشی دووەمەو گۆڕانیان بە سەردا دێت، چونکە ڕووداوەکان هەستەکین، ئەمجا پێویستە پەیوەندی نێوانیشیان هەستەکی بێت، هەموو بابەتو ڕووداوێکی هەستەکیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. دەگەر لەو بڕوایەدا بین کە

A دەبێت بە هۆ بۆ B دەتوانێ ببێ بە هۆ بۆ شتێکی تریش یا ئەگەر ئەمڕۆ هۆ بێت بۆ ئەم بابەتە ئەوا سبەینێ دەبێ بە هۆی بۆ بابەتێکی تر. بە ڕاکەی هیوم ئەگەر ئاگر هۆ بێت بۆ سووتاندن، ئەوا ناتوانین بڵێین هەمیشە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو لە داهاتووشدا دەبێ بە هۆ بۆ سووتاندن. جۆن ستیوارد میل کە فەیلەسووفێکی ترە تاکو ڕادەیەك لەگەڵ هیومدایە بەڵام بەوە ڕازی نییە کە بیری ئەندێشەی مرۆڤی هێنابێتە کایەوەو شتێکی بێ بناغە بێت. ئەمیش لەو باوەڕەدایە کە یەك هۆ دەتوانێ چەندان ئەنجام پەیداکات، یا ئەنجامێك چەند هۆیەکی هەبێ. ئەم تیۆرییەش کە پێی دوترێ Pluralty of Causes زیاتر بۆچوونێکی ئەرستۆیانەیە، تەنیا جیاوازییان لەوەدایە کە لە لای ئەرستۆ ئەنجامێك پێویستی بە چوار هۆ هەیە، بەڵام لای هیومو میل چەندەها ئەنجام دەگەڕێنەوە بۆ سەر یەك هۆ یا ئەنجامێك لە حاڵەتێکدا خاوەنی زۆر هۆیە. مەرج نییە گەرمی تەنیا لە ئاگرەوە پەیدابێت، یا ئاگر تەنیا هۆیەك نییە بۆ گەرمی[13].

ڕەخنەی سێیەم:

ئەم ڕەخنەیە لەوانی تر جیاوازترو زیاتریش لۆجیکانەیە. ئەگەر هۆو ئەنجام دوو ڕووداوی جیاواز بن ئەوا هیچ پەیوەندییەکی زەرووریان لە نێواندا نابێت. بۆ نموونە ژەهر خواردن هۆیکە بۆ مردن. ژەهر خواردنو مردن دوو شتی جیاوازنو بە یەکەوە نەبەستراون. لەم حاڵەتەدا بە ڕای هیوم مادام جیاوازن ئەوە یەکەمیان نابێ بە هۆ بۆ دووەم. ئەگەر گریمان ئەم دوو ڕووداوە لە یەك جیانابنەوە هەردووکیان یەك شتن دیسانەوە یەکەمیان نابێ بە هۆ بۆ دووەم چونکە هەردووکیان یەك شتنو یەکەمو دووەممان نییە. لەهەر دوو حاڵەتەکەدا: ئەگەر هۆو ئەنجام جیاوازبن، یا یەك شت بن، پەیوەندییان بە یەکەوە نییە.

بەم شێوەیە هیوم لە بۆچوونێکی ئەپستمۆلۆجییانەوە خۆی گەیاندووەتە دوورگەی گومانکاریو زانیارییە میتافیزیکییەکانی بە ناماقووڵ داناوە. لە هەمان کاتیشدا لەو باوەڕەدایە کە زۆر زانیاری زانستی وەکو بیرو یاساکانی هۆو ئەنجامو ڕاکێشانو هێزو.. هتد لە فابریکی ئەندێشەی مرۆڤەوە هاتوونەتە دەرێو ماڤێ موضوعیەتیان پێوە نییە. هیوم بە تەنیا خۆی تووشی گومان نەکردووە بەڵکو زانیارییەکانیشی خستۆتە چوارچێوەیەکی تەسکەوەو بیرکردنەوەی مرۆڤی مەحدوود کردووە.

زانکۆی کەراچی 1984

## پەراوێزەکان:

1-Popper, Karl, Conjectures and Refutations, Oxford, 1966. p. 55.

2-Berkeley, The Principles of Human Knwledge, Oxrofd, 1977. p. 50.

3-Stace, W. T. The Philosphy of Hegel, Dover Publications, London, 1955. p. 85.

4-Basson, David Hume, London, 1958. p. 29.

5-Hume, David: A Treatise of Hume Nature, Clarendon Press, Oxford, London. 1970. Book One. P. 1.

6-Ibid.

7-Ibid, p. 5.

8-Ibid. p. 252.

9-Ibid, Book Two, p. 317.

10-Ibid, p. 254.

11-Ibid, p. 261.

12-Post hoc یەکێکە لە هەڵەکانی لۆجیکی ئیندەکشن. زۆرجار ئەو ڕووداوانەی دوای یەکتر دەکەون بە هۆو ئەنجام دادەنێین، بۆ نموونە پەڕینەوەی پشیلەیەکی ڕەش‌و ڕوودانی کارەساتێکی ناخۆش دەبەستین بە یەکەوە بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هۆیە ڕاستەقینەکان ناودەبرێ Propter hoc.

13-ئەرستۆ بڕوای بە چوار هۆ هەیە کە هەرچواریان پێکەوە بابەتو ڕووداوەکان دروست دەکەن بەڵام میل لەو بڕوایەدایە کە یەك ئەنجام لە چوار هۆ زیاتری هەبێ‌و لە هەمان کاتیشدا تاقە هۆیەك دەتوانێ بەبێ یاریدەی هۆکانی تر ئەنجامێك پێکبهێنێ.

## شیعرو فەلسەفە
## لێکۆڵینەوەیەك لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەفلاتون‌و هایدیگەردا

پەیوەندییەکانی نێوان شیعرو فەلسەفە لە دوو شێوازی دژوەستاوو جیاوازدا لێکدەدرێنەوە. لە لایەکەوە نێگەتیڤانەو لە لاکەی دیکەوە پۆزەتیڤانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت‌و دووری‌و نزیکیان لە یەکدییەوە دەخرێنەڕوو. لە لایەنی یەکەمیاندا، کە لەناو بیروباوەڕی ئەفلاتوندا خۆی دەنوێنێ. شیعر لە خانەیەکی نزمتری بیرکردنەوەدا دانراوەو پەیوەندییەکانی بە فەلەسەوە پچڕاوە. لە لایەنی دووەمیاندا، بە تایبەتی لە فەلسەفەی مارتن هایدیگەردا شیعرو فەلسەفە هاوتەراز کراون‌و بوون بە دوو پرۆژەی ئاگامەندانەی ئاگامەندی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی بوون. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان شیعرو فەلسەفە لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕکانی ئەم دوو فەیلەسووفەداو دەرخستنی ڕۆڵی شیعرە لە سەردەمی تەکنەلۆجی ئەمڕۆداو کاریگەرێتی شیعر بۆ چارەکردنی بە نامۆبوون‌و نارەسەن بوونی، بوونی مرۆڤ.

تێگەیشتنمان لە واتای هونەر، لە قۆناغەکانی گەشەکردنی بیردا، پەیوەندی بنەڕەتی بە بۆچوونی میتافیزیکییەوە هەیە. ئەو بۆچوونە ڕاستەوخۆ کاریگەرێتی بەسەر چیەتی‌و چۆنیەتی هونەرەوە تۆمار دەکات. هیگڵ گوتەنی: میتافیزیکی ئەو تۆڕەیە هەموو شتێکی پێوە دەئالێ[(1)]. بۆچوونی میتافیزیکی، هەرچ شێوازێك وەرگرێت، یان لە هەرچ سەرەتایەکەوە گەشتەکەی بخاتەگەڕ، لەوێوە ڕۆشنایی دەهاوێتە سەر واتای هونەرو پردی پەیوەندییەکانی لەگەڵدا هەڵدەبەستێز کاریگەرێتی

میتافیزیك بەسەر هونەرەوە دەمانگەیەنێتە ئاکامی دانانی میتافیزیك بە پێشمەرجێکی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی واتای هونەر. بۆیە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکانی ئەفلاتونو هایدیگەردا لەسەر کێشەی پەیوەندی نێوان شیعرو فەلسەفە دەبێت ئاوڕێك لە تێڕوانینە میتافیزیکییەکانی ئەم دوو فەیلەسووفە بدەینەوە.

ئەفلاتون (427-347 پ ز) پێشەوای ئەو فەیلەسووفانەیە لەسەر هونەر بە گشتیو شیعر بە تایبەتی نوسیبێتی. لە دایەلۆگی (کۆمار)دا پاش سەپاندنی سانسۆرێکی ئادیۆلۆجی، شیعر دەخاتە ناو بەرنامەی پەروەردەو فێربوون بۆ دەستەی فەیلەسوفە دەستەڵاتمەدارەکەو ڕێگەنادات شاعیرێك لەگەڵ بۆچوونە میتافیزیکیەکانی ئەودا هاوڕا نەبێ لەناو کۆمارەکەدا بژی. لەبەر ئەم هۆکارە بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی نێگەتیڤانەی ئەفلاتون پێویستە بۆ سیستەمە میتافیزیکیەکەی بگەڕێینەوەو لەوێوە هەوڵ بدەین بیروڕای ئەفلاتون لەمەڕ شیعرو بەڵگەکانیشی دژی ناوەڕۆکی شیعر لە چەند خاڵێکدا ڕوون بکەینەوە.

لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا (بوون) ئایدیاو eidos کۆپی ئایدیایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئایدیاو کۆپی دوو شتی جیاوازنو یەکەمیان سەرچاوەی دووەمەو لەویش ڕاسترە. جیاوازیو ناسازی ئایدیاو کۆپی دوو لاینی (بوون) لەناو دوو نهۆمی ئۆنتۆلۆجیدا دادەنێو نهۆمی ئایدیاکان لە ژوورو نهۆمی کۆپیەکان لە خوار ڕادەگرێ. پەیوەندی نێوان دوو نهۆمەکەش لەم دابەشکردنە ئۆنتۆلۆجیەدا زەروریو نازەروریشە. ئایدیا بۆ بوونی پێویستی بە کۆپیەکەی نیە، بەڵام (کۆپی) پێویستی بە ئایدیایەو بەبێ ئەو نابێت. بۆ نموونە پۆستەری (گۆرنیکا)ی پیکاسۆ، کە بە نرخێکی هەرزان لە بازاڕ دەکرڕێت، کۆپی تابلۆ ڕەسەنەکەیە. بوونی پۆستەرە لە چاپدراوەکە، وەکو کۆپی بەو بوونی تابلۆ ڕەسەنەکەوە گرێدراوە، بەڵام بوونی تابلۆ

ڕەسەنەکە بۆ کۆپیەکانی ناگەڕێتەوە. دەشێ ئەم نموونەیە واتایەکی تەواوو پڕی جیاوازی ئۆتۆلۆجی نێوان ئایدیاو کۆپی دەرنەخات، چونکە ئایدیا وەکو تابلۆ ڕەسەنەکە. بوونێکی ئەستویی نیەو هەمەکیە. کۆپیەکان، بە پێچەوانەی ئایدیاکەوە ئەستوویینو وەکو ئەم کەسەو ئەم مێزەو ئەم درەختە هەندەکینو لەژێر کاریگەری کاتو شوێنو گۆڕانکاریدان ڕێدەگوزەر بەڵام ئایا ئایدیا چیە؟ لە چی ڕوویەکەوە سەر بە نهۆمێکی ئۆنتۆلۆجی بەرزو جیاوازە.؟

ئەفلاتون لە بەشی چوارەمی دایەلۆگی (کۆمار)دا لەسەر زاری سوکراتی مامۆستای هەوڵیداوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لە واتای (دادپەوەری) بکۆڵێتەوە. ئایا دادپەروەری چیە. هەرکەسێك لە ئێمە وەڵامی خۆی بۆ پرسیارەکە هەیە. بەڵام وەڵامەکان بۆچوونی تاکەکەسەکان دەردەخەنو ڕێژەیینو پەیوەندییان بە تێگەیشتنی هەریەمکێك لە ئێمەوە هەیە. ئەوەی بۆ من دادپەروەری بێت، دەگونجێ بۆ کەسێکی دیکە دادپەروەری نەبێت. لە ئاکامدا واتایەکی هەمەکی دادپەروەری مسۆگەر ناکەین، کە هەموو تاکەکان لێی ڕازی بنو هەمیشەش دروست بێت. بۆ ئەفلاتون هۆکاری سەرلێشوانو ماندووبوونمان بە شوێن واتای هەمەکی دادپەورەریدا وابەستە بە بیرکردنەوەی میتافیزیکیمانەو. ئێمە وا دەزانین ئەوەی (لێرە) هەیە ڕاسەتەو (زانین)یشمان لە بارەیەوە تەواوو دروستە. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە کە بە (دۆگمای ناو ئەشکەوت) ناسراوە لە بەشی جەوتەمی دایەلۆگی (کۆمار)دا لە (میتافۆری ئەشکەوتدا) باسکراوە(2). دۆگمای ناو ئەشکەوت بیرکردنەوە لە داکەوتی دەرەوەی ئەشکەوتەکە دادەبڕێو لەو ڕاستییەی دووردەخاتەوەو ئەوەی لەناو ئەشکەوتەکەدایە، وەکو ئەم شتەو ئەو شتە بۆ ئەفلاتون ڕاستی نین. لێرەدا ئەو پرسیارانە خۆیان دەسەپێنن، ئگەر ئەم شتەو ئەو شتە ڕاست نەبن، ئایا ڕاستی چیە؟ چۆن بزانین لە

دەرەوەی ئەشکەوتەکە ڕاستیەك هەیە، کە هێشتا پێی نەگەیشتووین؟ ئایا دتوانیە لە ئەشکەوتەکە دەرچین؟ خۆمان لەم دۆگمایە ڕزگاربکەین؟ فەلسەفەی ئەفلاتون خۆی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە خەریك کردووەو هەوڵی شکاندنو ڕووهخانی دۆگمای ناو ئەشکەوتی داوەو جیهانێکی دیکەی لە دەرەوەی ئەشکەوت بۆ ئاماژەکردووین، کە بە جیهانی ڕەسەنو نەهۆمی ئۆنتۆلۆجی ئایدیاکانی دادەنێت. مرۆڤی تاكو ئەم شتەو ئەو شتە بەشێکن لە داکەوتی ناو ئەشکەوتەکەو ساختەن، لەناو کاتو شوێندان، هەندەکینو گۆڕانکارییان تێدا ڕوودەدات. ئەوەی ئەمڕۆ جوانە لە داهاتوودا ناشرینە، یان بۆ کەسێك جوانو بۆ کەسێکی دیکە ناشرینە. ئەو جوانیەی لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدایە، کە ئدیایای جوانیەو سەرچاوەیەکی ئۆنتۆلۆجی هەموو شتێکی جوانی ناو ئەشکەوتەکەیە، هەمەکیو نەگۆڕە. دادپەروەری، جوانی، پاکژی، بەختەوەری، خۆشەویستیو زۆر چەمکی دیکەش، بەو شێوەیەی ئەفلاتون واتاکەی ڕوون دەکاتەوە لێرە یان لەناو ئەشکەوتەکە پەیدا ناکرێنو فۆرمی هەمەکینو خاوەنی پێکهاتی ئۆنتۆلۆجی خۆیانن گەیشتن بەم باوەڕەش لە ئەنجامی بیرکردنەوەی هۆشەکیو دامەرزاندنی زانینی هۆشەکیدایە، کە بە تەنیا فەیلەسوفەکان دەتوانن بەکاریبهێنن[3]. کەسێك خاوەنی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە نەبێت لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا بە (ڕاستی) ناگات. ئامانجی فەلسەفەش لەم بۆچونەوە دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەیە کە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا دامەزراوە.

پاش سەرنجدانێکی کورت لە سیستەمی میتافیزیکی ئەفلاتون دێینە سەر پەیوەندی نێوان ناوەڕۆکی شیعرو لەم پێگەیەوە بۆچوونی ئەفلاتون بۆ شیعر ڕووندەکەینەوە.

بە دامەزراندنی سەربەخۆییەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ئایدیا، ئەفلاتون ئاماژە شێوەیەك لە (ڕیالیزم)مان بۆ دەکات. ئایدیا، لەم فەلسەفەیەدا ئەو چەمکە هەمەکیە نیە لە ئاکامی ڕووتکردنەوەی خەسڵەتە هەندەکیەکانی بابەتە هەندەکیەکان لەناو بیرکردنەوەدا سەریهەڵدابێت، شتێکە هەیەو لە جیهانی دەرەوەی ئەشکەوتەکە یان جیهانی بەرزدا هەڵواسراوە. ئایدیای جوانی، بۆ نموونە بوونی ئۆنتۆلۆجی خۆی هەیەو هەموو شتە جوانەکانی ناو ئەشکەوتەکەش کۆپی ئایدیای جوانین. ئەگەر، وەکو فەیلەسوفێك بمانەوێ بە دوای جوانیدا بگەڕێین پێویستە کاتی خۆمان بە شتە جوانەکانی ناو ئەشکەوتەکەوە بە فیڕۆ نەدەین، چونکە شتە جوانەکان کۆپین یان ساختەن. (جوانی) هەمەکیو نەگۆڕ لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا پەیدا دەبێت، کە نە ئەم شتەو نە ئەو شتەیە، بەڵکو ئایدیای (جوانی)یە. بۆچی ئەفلاتون دەستەڵاتی ناسینی جونی نەداوە بە شاعیر؟ ئەگەر شاعیر یان هونەرمەندێك جوانی نەناسێ، کێ دەیناسێ؟ ئایا جیاوازی نێوان شیعرو فەلسەفە چیە؟ دەرچوون لە ئەشکەوتەکەو گەشیتن بە ئایدیای جوانی لە دەرەوەو بە بیروڕای ئەفلاتون پێویستی بە ئەپستمۆلۆجی هۆشەکیو زانینی هۆشەکی هەی. هۆش، بە پێچەوانەی هەستکردنو عاتیفەوە خۆی لەگەڵ ئەم شتەو ئەو شتە ماندوو ناکاتو دەیەوێت ئایدیکان بناسێت. بێجگە لەمە، هۆش دەستەڵاتێکی بەرزو پەرەسەندووە کە بە فەیلەسوف بەخشراوەو شاعیری لێبێبەش کراوە. فەیلەسوف، نەك شاعیر، ئەرکی دۆزینەوەی ڕاستی پێدراوەو تەنیا کەسێکە بتوانێت لە ئەشکەوتەکە ڕزگاربێو خۆی بە جیهانی بەرز بگەیەنێت.

ئەفلاتون لە چەند دایەلۆگدا باسی هونەرو شیعری کردووەو بیروباوەڕەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە[4]. لە دایەلۆگی (ئایۆن)دا، کە کورتترین دایەلۆگی ئەفلاتونەو لە قۆناغی سەرەتایی بیرکردنەوەی

فەلسەفیانەیدا نوسیویەتی، ئەفلاتون شیعر بۆ سەرچاوەیەکی چاكو یەزدانی گەڕاندۆتەوەو لبە ئیلهامێکی پیرۆزی داناوە.

سوکرات: بەڵێ ئایۆن، من تێدەگەم. ئەو بەهرەیەی هۆمەر هەیەتیو تۆ بە هونەری دادەنێیت ئیلهامی یەزدانیەو پیرۆزەو شاعیر دەجولێنێ. وەکو ئەو بەردەیە (بورەپیرس) ناوی دەنێ موگناتیسو هەروەها بە بەردی هیراکلیەش ناسراوە. ئەو بەردە نەك زنجیرەی ئەڵقەیەك ئاسن بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، هێزی ڕاکێشان بە ئەڵقەی زنجیرەکانیش دەدات تاکو ئاسن بەلای خۆیاندا ڕاکێشن.. سەرچاوەی هێزی موگناتیسی لەناو ئەڵقەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ بەردەکە(5).

لەبەرئەوەی دایەلۆگەکانی قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی ئەفلاتون لەژێر کاریگەری فەلسەفەی سوکراتدا نوسراونو بیروباوەڕی سوکراتیان باسکردووە. پێناسکردنی شیعر بەم شێوە پۆزەتیڤە لە بۆچوونی ئەفلاتونەوە دوورەو دەشێ پێناسو بیروڕای سوکرات بێت. ئەفلاتون لە دایەلۆگەکانی پاش ئەم قۆناغە سەرەتاییە، وەکو لە دایەلۆگی (کۆمار) و (فیدرۆس) و (پرۆتاگۆراس)دا هەڵوێستی بەرنبەر شیعر لەگەڵ بیروباوەڕەکەیدا لە دایەلۆگی (ئایۆن)دا ناکۆکە دژ وەستاوە. هەروەها لە دایەلۆگی (کۆمار) و (فیدرۆس)یشدا شیعر دەخاتە ژێر سانسۆری ڕژێمی ڕامیاریو سیستەمی ئەخلاقیەوە. نایەوێ شیعر لەگەڵ ژیانی ڕامیاری کۆمارەکەیدا ناکۆك بێتو دژی ئەو ڕاستیە بوەستێت ئەفلاتون بانگەشەی دەکات(6). ئەمەش نەك بە تەنیا تەسککردنەوەی بواری هونەرییە، ڕێگەگرتنیشە لە سەربەستی بیرکردنەوەو پێشخستنی کەژێکی سازگار بۆ داهێنانو ڕۆشنبیری. پەرەسەندنی هونەرو فەلسەفە پێویستی بە لەناوبردنی هەموو کۆسپو پاڵەپەۆستیەکی ڕامیاریو ئەخلاقی هەیە. سانسۆر هۆکاری ڕواندنی دەستەڵاتی داهێنانی هونەری ڕەسەنەو لە

خاچدانی سەربەستی بیكردنەوەیە، كە سوكراتی مامۆستای ئەفلاتون لە پێناویدا گیانی داناوە.

بە تێكڕا بەڵگەكانی ئەفلاتون دژی شیعر لە چوار خاڵی سەرەكیدا كۆدەكەینەوە:

خاڵی یەكەوم. لە هەموویان گرنگترەو بەلگەیەكە دژی هەموو شێوە هونەرییكان دەخرێتە گەڕ، وابەستە بە سیستەمی میتافیزیكی ئەفلاتونیەوەو بیردۆزەی ئایدیاوە. بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم خاڵە، جارێكی دیكە دەگەڕێینەوە بۆ میتافۆری ئەشكەوتو داكەوتی ناو ئەشكەوتەكە. وەكو باسكرا شتەكانی ناو ئەشكەوتە بە تاكە كەسەكانیشەوە لەم سیستەمە میتافیزیكیەدا هەندەكینو لەژێر كاریگەری گۆڕانكارییەكانداو ساختەن. هەریەكێك لەم شتانە كۆپی یان ساختەی ئایدیاكەیەتی، كە لە جیهانی دەرەوەی ئەشكەوتەكەدایە. بۆ نموونە، تابلۆی پۆستاڵەكانی ڕوشدی ئەنوەر كۆپی ئەو پۆستاڵانەیە لە دوكانێكدا دەفرۆشرێنو ئەوانیش كۆپی ئایدیای پۆستاڵن، كە لە جیهانی ئایدیادا نەگۆڕەو هەمیشەییە. لەم بۆچوونەوە تابلۆ هونەرییەكەی ڕوشدی ئەنوەر كۆپیكردنی كۆپی ئایدیای پۆستاڵەكانەو لەبەرئەوەی كۆپی ساختەیەو ڕاست نیە، تابلۆ هونەرییەكەی ئەم هونەرمەندەش لاساییكردنەوەیەو لە ڕاستیەوە دوورە.ڕوشدی ئەنوەر نەیتوانیوە خۆی لە دۆگمای ئەشكەوت ڕزگابكاتو ئەو ڕاستیەمان پێبناسێنێت لە دەرەوەی ئەشكەوتەكەدایەو پێشمەرجێكی ئۆنتۆلۆجیشە بۆ شتەكانی ناو ئەشكەوتەكە یا پۆستاڵەكانی ناو دوكانو ئۆردوگای سەربازان.

شیعریش لە داهێنانی تابلۆیەكی شیعریدا، وەكو تابلۆی هونەری شێوەكاری، خۆی بە شتەكانی ناو ئەشكەوتەكەوە گرێداوە لەبەر ئەم هۆكارە، بە بیروڕای ئەفلاتون (هەموو شیعرێك، لە شیعرەكانی هۆمەرەوە لاساییكردنەوەو دەربڕیە لە بابەت شتەكانەوەو لە ڕاستیەوە دوورە)(7).

شیعر باسی (ئایدیا)کانمان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە بۆ ناکاتو مامەڵە لەگەڵ شتەکانو ڕووداوەکانی ناو ئەشکەوتەکە دەکات، کە ئەوانیش ساختەنو کۆپی ئایدیاکانن.

خاڵی دووەم لەمەڕ سەرچاوەی شیعرنووسینو ورووژاندنی عاتیفە دەدوێت. لە ئەپستمۆلۆجیای ئەفلاتوندا (هۆش) دەستەڵاتێکی پێدروە بە فەیلەسوفو سەرچاوەی زانینی هۆشەکیو دۆزینەوەی (ڕاستی) یان ئایدیاکانە. بێجگە لە زانینی هۆشەکی، کە ژوور زانینی هەستەکیو بابەتەکانی دەکەوێتو توانای شکاندنی دۆگمای ئەشکەوتی هەیە، هیچ دەستەڵاتێکی زانینی دیکە لە بوونی مرۆڤدا نیە خۆی بە ئایدیا بگەیەنێت. شیعر لێرەدا جارێکی دکە خۆی لە فەلسەفە جیادەکاتەوەو دەکەوێتە ناو خانەیەکی نزمتر چونکە پەنا بۆ زانینی هۆشەکی ناباتو زادەی )عاتیفە)یە. عاتیفەش ناتوانێت ڕاستی دەربخات.

خاڵی سێیەم پەیوەندی نێوان عاتیفەو بابەتەکەی دەردەخات. بە گوێرەی بیروباوەڕی ئەفلاتون مادامەکی عاتیفە سەرچاوەی شیعرەو بابەتی عاتیفەشو شتەکانو ڕوداوەکانی ناو ئەشکەوتە، ئەوا بە پێچەوانەی فەلسەفەوە، شیعر زانینمان سەبارەت بە ڕأستی ناداتێ[8].

لە خاڵی چوارەمدا دۆگمای ئەشکەوتو خۆبەستنەوە بە عاتیفەوە ڕێگە بە شیعر نادات دەستەواژەیەکی هەمەکی، وەکو دەستەواژەیەکی ماتماتیکی 2 + 2= 4 پێکبهێنێ. داکەوتی ناو ئەشکەوتو عاتیفە لە ژێر حوکمی گۆڕانکارییەکانی ناو کاتو شوێندانو زانینمان لە بارەیانەوە هەمان خەسڵەت وەردەگرێو گۆڕانکاری تێدا ڕوودەدات. هەروەها شیعر زادەی عاتیفەو باری دەروونی شاعیرەو وابەستە بە هەلچوونو داچونی عاتیفەی شاعیرەوە. شاعیریش تاکە کەسەو ئەوەی باسیدەکات لە زاتی تاکەکەسی

ئەوەە دەردەچێو نابێت بە دەربڕینێکی نەگۆڕو هەمەکی، چونکە سەرچاوەکەی نەگۆڕو هەمەکی نیە(9).

بۆچوونەکانی ئەفلاتون هەرچەندە لەگەڵ بۆچوونی ئێمەدا ناکۆکن، لە دوو ڕووەوە بە ڕیالیستانە دادەنرێن. لە ڕوویەکەوە ئایدیاکان (وەکو جوانیو خۆشەویستیو دادپەروەریو پاکژیو بەختەوەریو.. هتد) بوونێکی ئۆنتۆلۆجی سەربەخۆیان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا هەیەو ئەمەش بە ڕیالیزمی ئەفلاتونی ناوزەد دەکرێ. لە ڕوویەکی دیکەوە هونەر بۆ ئەم فەیلەسوفە ڕەنگدانەوەی داکەوتی ناو ئەشکەوتەکەیە. ئەوەی شاعیرێك باسیدەکات دیاردەو ڕووداوێکی بەردەستەکی ناو ئەشکەوتەکەیەو شتێك نیە لە واقعدا نەبێت. لەبەرئەمە هەموو بەرهەمێکی هونەری دەربڕینێکی ڕیالیستانەی داکەوتی ناو ئەشکەوتەکەیە، یان ئەفلاتون گوتەنی لاسایی کردنەوەیە.

پاش ئەفلاتون هەندێك لە فەیلەسووفەکان هەوڵیان داوە بۆچوونەکانی ئەفلاتون ڕەت بدەنەوەو پردێکی پەیوەندی لە نێوان شیعرو فەلسەفەدا هەڵبەستن. بۆ نموونە هیگڵ (1770-1831) هونەری بە قۆناغێکی گرنگی گەشەکردنی بیری شارستانیەت داناوە. لەناو فەلسەفەی دیالیکتیکی ئەم فەیلەسوفەشدا ئامانجی هونەر هەوڵدانی ئاگامەندییە، بە ڕێگەیەکی دیالێکتیکی، بۆ خۆدەربازکردن لەژێر پاڵەپەستۆی کاریگەری ئەستودا. چەند هونەر بتوانێ بەم کارە هەستێو خۆی بە شوێنو ئەستووەوە نەبەستێتەوە ئەوەندە سەرکەوتووانە خۆی دەردەخاتو لە جیهانی (ئاگامەندی ڕەنها) نزیك دەبێتەوە. بۆ ئەمەش لە هونەری شێوەکاریدا تابلۆ لە پەیکەر بەرزترەو مۆسیقاو شیعریش لە تابلۆ زیاتر لە جیهانی ئاگامەندییەوە نزیکنز شیعر لەم بۆچوونەی هیگڵدا بیرکردنەوەی لەژێر

کاریگەری شوێنو ئەستو دەرباز کردووەو وشە بووە بە دەنگو دەنگیش بە وشە[10].

هیگڵ بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ بۆچوونەکەی ئەفلاتون بکاتو ڕەخنەی لێبگرێت، جێگایەکی تایبەتی لە فەلسەفەکەیدا بۆ شیعر دانا پاش هیگڵ فردریك نیتشە (1844-1900) ڕاستەوخۆ پەلاماری ئەفلاتونو نەریتی هۆشەکیەتی داوە، کە سوکراتو ئەریستۆش پەیڕەوییان کردووە نیتشە لە پەرتووکەکەیدا (لەدایکبوونی تراجیدیا) نەریتی هۆشەکیەکی بە سەرچاوەی کەلتووری (ئەپۆلۆ) داناوە، کە پەنا دەباتە بەر پێکهێنانی زانینی هۆشەکیو بەها هەمەکیەکان. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە کەلتوری (دایۆنۆسیس) کانیاوی ویستو حەزو ئارەزووەکانە. (دایۆنۆسیس) کە یەکێکە لە خواکانی ناو ئەستوورەی یۆنانیەکان، بانگەشەی نەریتی ویستگەری دەکاتو حەزو ڕابواردنو خواردنەوەو سەما لەناو تەوەرەکەیدا کۆدەکاتەوەو هاندەری پەرەسەندنی هونەرە. فێرگەی هۆشەکی، کە سوکراتو ئەفلاتونو ئەریستۆ لەو قۆناغەدا نوێنەرایەتیان کردووە، بوارەکانی ویستو حەزو ئارەزووەکانی تەسك دەکاتەوەو سنوورەکانی تەلبەند دەکات[11].

لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە ئەفلاتون بە هەڵەدا نەچووە شیعر بەرانبەر بیرکردنەوەو زانینی هۆشەکی بە ناکۆكو نەگونجاو دبنێت. بەڵام هاوکات، نیتشە لەو باوەڕەدایە، کە شیعر لە فەلسەفە نزمتر نیەو ڕاستی بوونیشی لە (ئایدیا)وە گۆڕیوە بۆ (ویستی هێز).

پاش نیتشە، هایدیگەر ڕاستەوخۆ بۆچوونەکانی ئەفلاتونی خستۆتە ژێر نەشتەری ڕەخنەکاریو هەوڵی داوە پەیوەندییەکی ناوەڕۆکی (جەوهەری) لە نێوان شیعرو فەلسەفەدا دابمەزرێنێت. هونەر بووە بە (هێزی ڕزگارکەر)

بۆ مرۆڤی سەردەمو ڕێگەچارەیەك بۆ دەربازبوون لەناو زەلکاوو قوڕاوی تەکنەلۆجیا[12]. بۆ تێگەیشتن لەم بۆچوونە پێویستە ئاوڕێك لە بیروباوەڕی ئۆنتۆلۆجیانەی هایدیگەر بدەینەوەو لەو سۆسەیەوەو لە تێڕامانە ئۆنتۆلۆجیەکانیەوە لەمەڕ ناوەڕۆکی تەکنەلۆجیا لە ناوەڕۆکی شیعر بگەینو ڕۆڵیشی، وەکو (هێزی ڕزگارکەر) ڕوون بکەینەوە. لە تێڕامانە ئۆنتۆلۆجیەکانی هایدیگەردا (بوون) و (دیاردەی بوون) ڕاستیو بنەڕەتی هەموو شتێکن. ئەوەی هەیە بوونە، کە لە چەند فۆرمێکدا خۆی دەردەخاتو دەبێت بە دیاردە فرە جۆرەکان. چی ڕاستیەکی دیکە لە ژوور بوونەوە نیەو سەردەمێکی لە پێشتریشی بۆ دانەنراوە. ئەمەش، کە بۆچوونێکی یەکانەکی (Monism) ئۆنتۆلۆجیانەیە ڕەتدانەوەی بوونی ئایدیا بەرزەکانی دەرەوەی ئەشکەوتەکەی ئەفلاتۆنەو باوەڕ بە ڕاستیەك لە دەرەوەی بوونو جیهاندا ناهێنێت.

مرۆڤیش دەکات بە بوونەوەرێکی جیهانی، کە لێرەدا ڕسکاوەو لێرەشدا لەناو ئەم ئەشکەوتەدا کۆتایی بە داستانی بوونی دێت. بوونی ئەو، وەکو هەبووەکان، بە ئەشکەوتەوە بەستراوەو ڕاستی بۆ ئەو لەناو ئەشکەوتەکەدایەو ئەشکەوتەکەش بێ دەرەو هیچ شتێك لە دەرەوەیدا نیە. بوون —لەناو- جیهاندا، ئەو جیهانەی بە ئەشکەوت لای ئەفلاتون ناوزەد کراوە، پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجیە بۆ بوونی مرۆڤ. لە ئاکامدا دەگەینە ئەو باوەڕەی بەرهەمی هونەری، لە هەرچ فۆرمێکدا بێت، تابلۆیەکی هونەری شێوەکاری بێت یان کۆپلە شیعرێك، ئەو بەرهەمە ڕاستی بوون دەردەبڕێو کۆپیکردنو لاساییکردنەوە نیە، چونکە ڕاستی لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا بە ئاسمانەوە هەڵنەواسراوە.

(بوون)، وەکو ڕاستیەکی میتافیزیکی لە بنەڕەت بەدەر، بە گوێرەی بۆچوونی هایدیگەر، لە قۆناغە جیاوازەکانی سەردەمی پەرەسەندنو

گەشەکردنی مێژووی بیرکردنەوەدا جیاجیا واتاکەی لێکدراوەتەوە. ئەو ڕاستیە بۆ ئەفلاتون بوو بە ئایدیاکانو لە جیهانێکی بەرزو دووردا دانراو تەنیا فەیلەسووفەکانیش ڕێگەیان پێدرا بیانناسن. بۆ ئەریستۆ جیهانی بەرزی ئایدیاکان بوو بە جۆرێك لە بوونو، وەکو جولێنەری یەکەم یان سەدەمێکی لە سەدەم بەدەر (Causa sui) پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهانی خوارەوەدا گرێداو ئەم لێکدانەوەیەش لەناو بیروباوەڕی ئایینی سامیەکاندا بوو بە (خوا)یەکی بە دەستەڵاتو داهێنەرو بەڕێوەبەری جیهان. بۆ هیگڵیش بوو بە هۆشێکی ڕەهاو غایەدەر بە مێژوو، دواجاریش، نیتشە بە نیازی داکوتانی دوا مێخ بە تابووتی میتافیزیکدا ئەو ڕاستیەی بە (ویستی هێز) دانا. مێژووی بیرکردنەوە، لە سەردەمی ئەفلاتونەوە تاکو نیتشە، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ڕاستی بوون نەناسراوەو ئەو ڕاستیە، هەر جارە بەشێکی جیاوازی (هەبوو) دانراوە.

(لەبیرچوون)ی بوونو گەڕانەوەی ڕاستی بوو بۆ (هەبوو)ەکان، یان بە (هیچ) دانانی بوون لەم قۆناغانەدا، لە سەردەمی ئەفلاتونەوە تێگەیشتنێکی نیهێلیستانە یان هیچگەری هێناوەتە کایەوە. (بوون) نەناسراوەو توێژینەوە فەلسەفیەکان خۆیان بە هەبووەکانەوە ماندووکردووە[13]. سەردەمی ئێمەش، کە مۆرکی میتافیزیکی نیشتەی بە سەرەوەیە بە سەردەمی تەکنەلۆجیا ناسراوە. واتای بوونیش لەبەر ڕۆشنایی تەکنەلۆجیادا یان تەکنەلۆجیانە لێکدراوەتەوە. بیرکردنەوەو نەریتی میتافیزیکی زاڵبووی سەردەم تەکنەلۆجیانەیەو ڕەگوڕیشەی لەناو (لەبیرچونی بوون)دا داکوتاوەو میراتێکە لە ئەفلاتونەوە بەجێماوە. سەرباری لەبیرچوونی بوون یان وازهێنانی لە بوون بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانە خۆی بە توێژینەوەی زانستانەوە بەستۆتەوەو لەناو بەستێنێکی زانستانەو مامەڵە لەگەڵ ڕاستیدا دەکات. توێژینەوەی زانستانەش بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکەی یان

دیاردەیەکی هەبوو ڕوودەکاتە فاکتۆرەکانو پێکەوەگرێدانی ئەزموونەکانی ناو تاقیگەکان. لەم پرۆسەی توێژینەوەیەدا بیرکردنەوە زۆربەی کات خۆ بە کۆکردنەوەو هەڵسەنگاندنی فاکتۆرەکانەوە خەریکدەکاتو دەستەڵاتی (داهێنان)ی دەخاتە پەراوێزەوە. لە تۆژینەوەی زانستانەدا بیرکردنەوە ڕۆڵی گەڕۆكو تۆژەر دەبینێ نەك داهێنەر.

مەبەست لە ڕوونکردنەوەی شێوازی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانە دەرخستنی (ناوەڕۆك)ی تەکنەلۆجیایەو ئاماژەکردنە بۆ خسڵەتە بنەڕەتیەکانی ئەم نەریتە زاڵبووەی سەردەمەکەمان. بێجگە لە پەنابردنە بەر توێژینەوەی زانستانەو تاج خستنە سەر ماتماتیك، بیرکردنەوەی تەکنەلۆجی خۆی لە بابەتەکەشی جیادەکاتەوە. بیرکردنەوەو بابەت بە دوولایەنی دژوەستاوو جیاواز بەرانبەر یەکدی ڕادەگرێت. لەم وەستانە نەدا بابەتی دەرەوەی بیرکردنەوە دەبێت بە بێگانەو دەرەکیو هێزێکی هەڕەشەکەرو ڕێگر. بیرکردنەوە خۆی ئامادە دەکات بۆ داگیرکردنی ئەو هێزە بێگانەو هەڕەشەکەرەو هەوڵدەدات بیکات بە موڵکی خۆی. داگیرکردنی جیهانی دەرەوەی بیرکردنەوە لە لایەن بیرکردنەوەوەو لەناوبردنی بەرهەڵستکاری بابەت، لە قۆناغی سەردەممدا خۆی گەیاندۆتە پلەیەك، کە هاوبیرانی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانەو شوێنکەوتوانی تازەگەری (Modernity) بە پێشکەوتن لە قەڵەمی دەدەن. بەڵام ئایا (ناوەڕۆکی) بیرکردنەوەی تەکنەلۆجی چیە؟

پاش ڕوونکردنەوەی دوو خەسڵەتی گرنگی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە کاتی ئەوە هاتووە ناوەڕۆکی بدۆزینەوەو لەوێوە بیناسین. لە بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانەدا چیای پیرەمەگرون کانی ئاسنو بەردەو ئاوبەندی دەربەندیخان سەرچاوەی وزەی کارەباو دارستانەکانیش زەخیرەی تەختەن. بوون لەم بیرکردنەوەیەدا بووە بە پاشکەوتو سامانو زەخیرەیەکی دانراو

Bestand بۆ سوودلێوەرگرتن. ئەم هەڵوێستەی تەکنەلۆجیاش لە ئاستی بووندا ناوەرۆکی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیامان وەکو (وەبەرهێنان بۆ دەخاتەڕوو).

لە سەردەممدا بۆ ئەنجامدانی (وەبەرهێنان) و سەقامگیرکردنی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانە، تەکنەلۆجیا بووە بە دەستەڵاتێکی داگیرکەرو ڕووخێنەر. تەکنەلۆجیا، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندندا بووە بە زاگەی چەکی کۆکوژو لەناوبردنی ژینگەو گۆڕانکاریی نەرێ بۆ بەردەوامی ژیان. بەڵام مەترسی گەورە، لە ڕوانگەیەکی فەلسەفیانەوە، بە تەنیا لە بەکارهێنانی چەکی کۆکوژدا نیە، بەڵکو لە مامەڵەکردنی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیا نەدایە لەگەڵ (بوون)دا و بە تایبەتی بوونی مرۆڤ. مەترسی گەورە لەوێدایە بوونی مرۆڤیش، وەکو چیای پیرەمەگرونو ئاوبەندی دەربەندیخانو دارستانەکانو بۆ وەبەرهێنان دانراوە[14]. ئەم دەستە بزێوی‌و زیادەڕۆییە بوونی مرۆڤیشی سەپاندۆتە ناو (چوارچێوە)ی ( das Ge- stell) وەبەرهێنانو خسڵەتی بوون –بە مرۆڤی لێسەندووەو نامۆی کردووە. ئەم بارودۆخەو داگیرکردنەی بوونی مرۆڤ هایدیگەر گوتەنی: سەردەمێکی تاریکی هێناوەتە کایەوەو ڕۆشنایی لە زەمین بڕیوە[15].

لەژێر بارودۆخی بیرکردنەوەو دەستەڵاتی تەکنەلۆجیانەدا هەموو شتێك بووە بە (کەلوپەل). تەنانەت ونەرو ئەدەبیش لەژێر ئەم ستەمکارییەدا، وەکو سامانێکی بازاڕی نرخیان بۆ دادەنرێ‌و دەفرۆشرێن. گەلەرییە هونەرییەکان بوون دوکانی کڕینو فرۆشتنی بەرهەمی هونەری. تەکنەلۆجیا جێگای داهێنانی هونەریشی گرتووە. هەزارەها کۆپی (گۆرنیکا)ی پیکاسۆ لە ڕۆژێکدا دەکەوێتە بازاڕەوە بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرێت. هونەرمەند لەژێر کاریگەری ستەمی تەکنەلۆجیادا بیر لە

(وەبەرهێنان) و سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانی دەکاتەوەو بەرهەمەکانی لە بازاڕدا، وەکو جوتێ پێڵاو یان گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشرێت.

وەکو باسکرا، دەستەڵاتی ستەمکاری تەکنەلۆجیا بوونی مرۆڤیشی داگیرکردووە. مرۆڤ ئەوەندە بە بەهایەو نرخی بۆ دادەنرێت تاکو لەناو پرۆسەی وەبەرهێنانەکەدا جێگایەکی سوودبەخشی هەبێت یان سوود بە سیستەمەکە بگەیەنێت. لە کاتێکدا مرۆڤ نەیتوانی ئەم کارە بە ئەنجام بداتو لە جێگای خۆی خزا، ئەوا، وەکو ئامێرێکی لەکارکەوتوو لە عەمارێکدا دادەنرێت. بەهاو نرخی ئەندازیارێك، وەکو کەمپیوتەرێکی خێرا، لەوێدایە زۆرترین سودو قازانج بۆ کۆمپانیاکەی مسۆگەر بکات. ئەندازیارو کۆمپیوتەرەکە وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێتو ئەو ڕۆژە، لە کارکردن کەوتن، یان سوودو قازانجێکی چاوەڕوانلێکەریان بە کۆمپانیاکە نەگەیاند، بە کەلوپەلێکی بێکەڵكو بێنرخ دادەنرێنو لە جێگاکەی خۆیاندا دەخزێن.

لەگەڵ خستە ناو (چوارچێوە)ی (وەبەرهێنان) و بە کەلوپەل کردنی بوونی مرۆڤدا، بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانە شێوەو ناوەڕۆکی زمانیش دەگۆڕێ زمانێکی بازاڕی، وەکو کەلتوورە بازاڕیەکەی دەهێنێتە کایەوە، کە لە گەڕان بە شوێن ڕاستیو دەربڕینی ڕاستیەوە دوورە.

لەناو مرۆڤە بە کەلوپەلکراوەکانی سەردەمی تەکنەلۆجیادا (بیرکردنەوە) و (زمان) بازاڕین. تاکە بە کەلوپەلکراوەکان لە بازاڕدا وەکو یەکدی بیردەکەنەوەو دەدوێن، یەك جۆر ڕۆژنامەو گۆڤارو پەرتووك دەخوێننەوە، حەز لە یەك جۆر مۆسیقاو گۆرانیو فیلمو شانۆگەریو بەرنامەی تەلەفزیۆن دەکەن. گەڕان بە شوێن ڕاستیدا بووە بە شوێنکەوتنی مۆدێلو نەریتی باو، داهێنانیش بە لاساییکردنەوە. زمانیش جوانەوەی دەستەواژەی یەکدیو گوتنێك هەموو کەسێك دەتوانێت بەشداری تێدا

بکات. زمانی بازاڕیو نامۆیی نارەسەنی تێگەیشتنمان دەردەخاتو جیاوازی بۆچونەکانمان لەناو بوخچەیەکدا دەپێچێتەوەو دەیانشارێتەوە. زمانێکە، کە (زۆرەملێ)ییو دەرنەخستنی ڕاستی زیاتر چی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

پاش ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانەو ستەمکاری ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت، ئایا چی هێزێك لەژێر ستەمی تەکنەلۆجیا ڕزگارمان دەکات؟

هایدیگەر لە ساڵی 1966 لە چاوپێکەوتنێکا لە گۆڤاری ( Der Spiegel)ی ئەڵمانیدا لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا گوتی (خوا ئێمە ڕزگار دەکات)[16]. مەبەستی هایدیگەر لە چەمکی (خوا) لەم دەستەواژەیەدا پەنابردنە بەر بڕواگەریو کشانەوە بەرەو بیکردنەوەی ئایدیالیستانە نیە. (خوا) ئاماژەکردنە بۆ بوونێکی خاوەن دەسەڵاتو هێزی (داهێنان)، کە لەناو بڕوای ئاینەکانو بۆچوونی فێرگەکانی فەلسەفەی ئایدیالیستانەدا بووە بە (بار)ی بوونێکی ڕەهاو لە دەرەوەی (خۆ)ی مرۆڤدا دانراوە. لەم بۆچوونەوەو لەبەر ڕۆشنایی دەستەواژەکەی هایدیگەردا، ئەگەر مرۆڤ (داهێنەر) نەبێت ئەوا لەناو (چوارچێوەی)ی (وەبەرهێنان)ی ستەمی تەکنەلۆجیادا دەبێت بە کۆیلەی سەردەمەکەیو کەلوپەلێك بۆ سوودو قازانج بەکاردەهێنرێت. ڕێگەچارەو دژوەستان بەرانبەر ستەمکاری تەکنەلۆجیاو لەناوبردنی بارودۆخی نالەباری بە کەلوپەلکردنی بوونی مرۆڤو گەڕانەوە بەرەو ڕەسەنیەتی بوون – داهێنانە، نەك لاساییکردنەوەو شوێنکەوتنی کەلتووری (بازاڕ)ی[17]. لە کاتێکدا مرۆڤ باوەڕ بە دەستەڵاتی داهێنانی خۆی دەهێنێ ڕۆڵی (خوا)یەتی وەردەگرێو خۆی دەبێت بە داهێنەری ناوەڕۆکی خۆیو ڕێگەنادات دەستەڵاتێکی دەرەکی لە دەرەوەی بوونی ئەودا ناچاری بکاتو بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی بدات. دەستەڵاتی داهێنان لە هونەرو ئەدەبدا بە تەواوی خۆی دەردەخاتو

دەكەوێتە گەڕو دەستەڵاتێكە یان ئەو (هێزی ڕزگاریكەر)ەیە لەناو تەوەری زەلكاوی بیركردنەوەو ستەمكاریی تەكنەلۆجیادا ڕزگارمان دەكات. هونەرمەندو شاعیر دەبن بەو (خوا)یەی هایدیگەر چاوەڕوانێتیو لەو باوەڕەدایە داهاتوویەكی ڕۆشن بۆ ئێمە دەخوڵقێننو پەیامە هونەرییەكەشیان دەبێت بە مەسحەفێكی پیرۆز بۆ مرۆڤایەتی.

لەم ڕووەوە، هونەرو ئەدەب بە گشتیو /شیعری بە تایبەتی/ خاوەنی ناوەڕۆكێكی تایبەتو جیاوازن لە تەكنەلۆجیا. ئەگەر ناوەڕۆكی تەكنەلۆجیا (وەبەرهێنان) بێت، ناوەڕۆكی هونەرو ئەدەب (داهێنان)ە یان دەرخستنی ڕاستی بوونە[18]. تابلۆی (پۆستاڵەكان)ی ڕوشدی ئەنوەر لاساییكردنەوەی پۆستاڵەكانی ناو ئۆردوگای سەربازی نیەو كەلوپەلێكیش نیە بۆ فرۆشتن لە بازاڕدا دابنرێت. ئەو تابلۆیە بەرهەمێكی داهێنراوو زادەی بیركردنەوەی هونەرمەندەكەیەو ڕاستیەكی بوونمان بۆ دەردەخات. شیعری (دەربەندی پەپوولە)ی شێركۆ بێكەس داهێنانێكی هونەرییەو بە زمانێكی شیعری ڕاستیەكەی دیكەی بوونمان بۆ دەردەبڕێت.

ناوەڕۆكی شیعر، بە دیدی هایدیگەر، بە پێچەوانەی بۆچوونەكەی ئەفلاتونەوە، درەخستنی ڕاستی بوونە. ناسینی ڕاستییە، كە وەكو فەلسەفە، بە زمانێكی ڕادیكاڵانە خۆی دەردەبڕێت. زمانێك، هایدیگەر گوتەنی، وەكو زمانی خواكانی ناو ئەستوورەی یۆنانیەكان، هەورە بروسكەو هەورە گرمەیەو وروژاندنی ویژدانو بیركردنەوەو عاتیفەیە[19]. لە زمانی شیعردا، وشە ناسوێو لە بازاڕی نەریتی باودا خۆی مەزات ناكات. زمانی شیعر كلیلی نهێنیەكانی بوونە، هەورەگرمەیەكە لە خەوی دۆگمای تەكنەلۆجیا ڕاماندەچڵەكێنێ توشی ئازاری ویژدانمان دەكاتو دەست دەخاتە ناو قووڵایی برینی نامۆییمانو بە ئاگامان دەهێنێتەوە. لە (مەنفا)وە بەرەو وڵات پەلكێشمان دەكات. شیعر دوژمنی مەنفاو بە خۆنەبوونە. دەنگی دەهۆڵی

جەنگێکی خوێناوییە لە پێناوی گەڕانەوە بەرەو وڵاتو بەخۆ بووندا. شیعر خەونی منداڵییە بە گەورەییەوەو گەورەییش بە منداڵیەوە.

هایدیگەر لە ڕوونکردنەوەی بیروڕاکانیدا سەبارەت ناوەڕۆکی شیعر، شیعرەکانی (هۆڵدەرلن)ی کردووە بە نموونە. دەشێ هایدیگەر لە هەڵبژاردنی شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا مەبەستی تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە باسبکرێت ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعرە لەبەر ڕۆشنایی شیعرەکانی هۆڵدەرلندا. هایدیگەر لە ڕوانگەی شیعرەکانی ئەم شاعیرەوە دەمانگەیەنێتە ئاکامی هاوتەرازکردنی شیعرو فەلسەفە. هۆڵدەرلن بووە بە پەنجەرەیەك بۆ ڕوانینو تەماشاکردنی پەیوەندییەکانی زمانو خەیاڵی شیعری بە فەلسەفەوە ئەم فەیلەسوفە لە ساڵی 1932 تاکو 1942 سێ جار لە سێ وەرزی خوێندندا لە زانکۆی فرایبۆرگ دەرسی لەسەر شیعرەکانی هۆڵندەرلن پێشکەش کردووەو شیعرەکانی ئەوی وەکو (ڕاینەو گەڕانەوە بۆ وڵاتیسەرو بیرکەوتنەوە) فەلسەفیانە شیکردۆتەوە[20].

فردریك هۆڵدەرلن (1770-1843) شاعیرێکی ئەڵمانەو هاوڕێی هیگڵو شێڵنگ بووە. لەگەڵ ئەم دوو هاوڕێیەیدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنساو گوایە بە یادی ئەو شۆڕشەوە لە دەرەوەی شارەکەیاندا (تیوبنگن) نەمامیان ناشتووەو گۆرانی شۆڕشگێڕیان وتووە. هۆڵدەلن بە نیازی بوون بە کەشیش خراوەتە بەر خوێندنی تیۆلۆجی (خواناسی)، بەڵام زوو واز لەو پلانە دەهێنێو ڕوودەکاتە فەلسەفەو شیعر. لە ساڵی 1802 لە تەمەنی 32 ساڵیدا توشی نەخۆشی (شیزۆفرینا) دەبێتو لە ساڵی 1807دا بە تەواوی شێت دەبێتو تاکو ئەو ڕۆژەی دەمرێت بە تەنیا لە ژووری سەربانی ماڵێك لە شارەکەیدا دەژی.

بە شیکردنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە هایدیگەر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکات، کە شیعرو فەلسەفە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیەو ئەوەش

دەرخستنی ڕاستی بوونە. هاوکات، شیعرو فەلسەفە میتۆدی جیاوازیان بۆ دەربڕینی ئەو ڕاستیە هەڵبژاردووە. شیعر بۆ دەربڕینی ڕاستی زمانێکی شاعیرانە بەکاردەهێنێ، زمانێك هایدیگەر گوتەنی وەکو زمانی خواکانی یۆنانیەکان هەورە بروسکەیەو بەبێ کاریگەرایەتی خۆی لەسەر بیرکردنەوەی خوێنەر ڕاناگوزەرێ. ئێمە لێرەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکەمانو مامەڵەکردن لەگەڵ بۆچوونەکەی هایدیگەردا پارچە هۆنراوەیەکی نالی (1800-1856)، هاوسەردەمی هۆڵدەرلن. دەکەین بە نموونە. نالی دەڵێت:

هەرچەندە کە عومری خدرو جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو
ئەی جامیعی دنیاوو قیامەت بە خەیاڵت
ئەو ڕۆژە کە مردی، نە ئەوت بوو نەئەمت بوو(21).

ئەم پارچە هۆنراوەیە بە دەربڕینێکی شاعیرانە کێشەیەکی هەرە گرنگی فەلسەفیانەمان سەبارەت ڕاستی بوونی مرۆڤ بۆ دەردەخات. کاتیەتی بوونی مرۆڤو هەوڵدانە ئۆقرە نەگرو بێهودەییەکەی بەرەو تەواو کۆیی لە بەردەمماندا ڕادەگرێ. لە لایەکەوە، فرە لایەنی پرۆژەکانی بوونو لە لایەکی دیکەوە کورت نەفەسی ئەم بوونە بە دوو کێشەی گرنگو ناکۆك دادەنێتو ئەگەر مرۆڤ تەمەنێکی درێژیشی (وەکو خدر) هەبێتو خاوەنی دەستەڵاتو توانای بە ئەنجامدانی پرۆژەکانیشی بێت، هێشتا ناتوانێت ڕەوتی بوونی بەرەو مردن ڕاگرێو ژیانێکی هەمیشەیی بۆ خۆی هەڵبژێرێت. مادامەکی بوونی ئەو (کات)یەو ناتەواوە، هەرگیز بە تەواو کۆیی ناگاتو هەموو پرۆژەکانی بوونی بە ئەنجام ناگەیەنێت.

لەبەرئەمە بەردەوامیو درێژەپێدانی مانەوە گۆڕانکاری لە بوونیدا بەرەو مردن ناهێنێتە کایەوە. ئەو ڕۆژەی مرۆڤ دەمرێت، وا دەردەکەوێت، کە پرۆژەکانی بوونی بە ناتەواوی جێهێشتووەو خۆی تەواو نەکردووە.

لە هۆنراوەیەکی تردا نالی دەڵێت:

لێم حەرامە دانەو و ئاوی حەماماتی حەرەم

من کە بازی دیدەبازم نەك شەوارەی دەستەمۆم[22].

(باز) باڵندەیەکە بەرزو تەنیا دەفڕێو دەستەمۆ ناکرێ. نالی لەم پارچە هۆنراوەیەدا بوونی خۆی بە (باز) شوبهاندووە. باسی تایبەتمەندیو ڕەسەنیەتی خۆی دەکاتو نایەوێ ئەو تایبەتمەندیو ڕەسەنیەتەی خۆی، وەکو تاکە نامۆ بووەکان یان کۆترە دەستەمۆکانی دەوری حەرەمی (کەعبە) ونبکاتو سورە لەسەر بەخۆ-بوونو بڕیاردان لەسەر شێوازی بوونی خۆیو بەرزو تەنیا فڕین.

دەبینی پارچە هۆنراوەکانی نالی، سەرەڕای ئەوەی ناوەڕۆکێکی فەلسەفیانەیان پێدراوە، شاعیرانە لە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەدا ڕاستی بوونی مرۆڤ دەردەبڕنو مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی کاتو ناتەواویو نامۆییو ڕەوتی بوون بەرەو مردندا دەکەن.

لەبەرئەوەی شیعر هێزێکی ڕزگاریکەرە دەنگی مرۆڤی خۆ-ناسو ڕەسەنە. ڕەسەنیەتی بوونیش —بە داهێنانەوە ڕوو لە داهاتوو دەکاتو (ئێستا) ڕەتدەکات. شیعر، وەکو پرۆژەی بوونێکی ڕەسەن ڕەوتێکی بێوەستانە بەرەو داهاتوو. شاعیریش ئەوەندە ئاوڕ لە (ڕابردوو) دەداتەوە تاکو سوودی لێوەرگرێ یان دڵنیابێت لەوەی لە داهاتوودا سەرهەڵنەداتەوە. ئەوەندەش لەناو (ئێستا)دا دەژی تاکو لەوێوە خۆی بە (داهاتوو) بگەیەنێت. شیعر داهاتوەو داهاتووش داهێنانێکی شاعیرانەیە. مرۆڤی ناو زەلکاوی

تەکنەلۆجیا، بۆ شکاندنی تەلیسمی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانە پێویستە شاعیرانە بیربکاتەوەو (داهاتوو) بکات بە زاگەی ناوەڕۆکی خۆی.

له ئاکامی ڕوونکردنەوەکانی هایدیگەرەوە لەمەڕ ناوەڕۆکی شیعرو تەکنەلۆجیا دەگەینە ئەو خاڵەی هونەر بە گشتیو شیعر بە تایبەتی، ڕێگەچارەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ستەمی تەکنەلۆجیاداو خزانە ناو (چوارچێوە)ی وەبەرهێنانەوە. هەرچەندە شیعرو فەلسەفە خاوەنی دوو میتۆدی جیاوازن بەلام له ئامانجی گەشتەکەیانداو مامەڵەکردنیان لەگەڵ زماندا هاوتەرازن. ئامانجی شیعرو فەلسەفە دۆزینەوەی ڕاستی بوونەو زمانەکەشیان ڕادیکالانە ئەو ڕاستیەمان پێدەناسێنێ.

زانکۆی مالبۆرن/ 2003

## سەرچاوە:

1-Hegel. Philosophy of Nature (Part One of the Encyclopedia of the Philosophical Sciences, edited and translated by M. J. Perty, London: George Allan and Unwin, 1970. p. 202, see also: Introduction to Lectures on the History of philsophy, translated by T. M. Knox and A. V. Miller, Oxford: Oxford University Press, 1985. p. 27.

2-Plato "The Republic". Book VIIM in the Essential Plato, translated by Jowett and M. J. Knight, New York: Quality paperback Club, 1999, pp. 265- 70.

3-Ibid., pp. 246-53

4-دایەلۆگەکانی ئەفلاۆتون لە سێ قۆناغدا نوسراون. لە قۆناغی یەکەمدا ئەفلاتون (ئەپۆلۆجیو کارمیدسو کریتۆو یۆسیفرۆو هیپیاسو لاکسو پرۆتاگۆراسو (ئایۆن)، لە قۆناغی دووەمدا (فیدۆو سمپۆزیەمو کۆمارو فیدرۆس)، لە قۆناغی سێیەمدا (یاساو سۆفستو ستەیتسمانو ملیبوس)ی نووسیوە.

5-Plato. "Ion", op.cit., p. 1128.

6-ئەم هەڵوێستەی ئەفلاتون لە هەڵوێستی ستالینستەکانو نازییەکانو فاشیستەکانو بەعسیەکان دەچێت. وەکو ئەوان هونەر بۆ خزمەتی ڕژێمی ڕامیاری بەکاردەهێنێ.

7-Plato. "The Republic", Book X. op. cit. p. 386.

8-Ibid., pp. 337- 39.

9-Ibid., p. 391, "Protagoras", op. cit., pp. 1020-23.

10-Hegel,. The Philosophy of Fine Arts, translated by Osmaston, London: 1920. p.

11-F. Nietzsche, The Birth of Tragedy, translated by Francis Golffing, New York: Anchor Books, 1956. pp. 21- 24.

12-Martin Heidgger. "The Question Concerning Technology", in Basic Writings, David Farrel Krell (ed.), London: Routledge, 1996. p. 341.

13-Martin Heidegger, An Introdution to Metaphysics, tranlated by Ralph Mannheim, Yale

University Press, 1959. p. 203. See Contibutions to Philosopgy (From Enowning), translated by Perviz Emad and Kenneth Maly, Bloomintion: Indiana University Press, 1999. pp. 77- 79.

14-Martin Heidegger. Contributions to Philosophy (From Enowning(, p. 88. See Zimmerman, Michael E. Heidegger’s Confrontation with Modernity: Technology, Politics, Art, Bloomington: Indiana University Press, 1990. p. 43.

15-Martin Heideggre. An Introduction to Metaphysics. P. 45

16-ئەم چاوپێکەوتنەی مارتن هایدیگەر لە ساڵی 1966دا سازکراو لە ساڵی 1976 پاش مردنی بڵاوکرایەوە.

17-چەمکی (بازاڕ) بۆ دوو مەبەستی پێکەوەلکاو بەکارهاتووە. لە لایەکەوە مەبەست لە نەریتی باوەو لە لایەکی دیکەوە شوێنی کڕینو فرۆشتنە.

18-Martin Hedegger. “Origin of the Work of art”, op. cit, pp. 196-7.

19-Martin Heidegger. Gesamtausgabe, Vol. 39, p. 31.

20-George Pattison. The Later Heidegger, London: Routledge, 2000. p. 162.

21-نالی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدول کەریمی مودەرسو فاتح مەلا عەبدولکەریمو محەمەدی مەلا کەریم پیاچۆتەوە، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1976. لاپەڕە 367-368.

22-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 301.

## کۆتایی (خۆ) و گەڕانەوە بەرەو ناچارەکی لە بۆچوونەکانی پاش- تازەگەرییدا

کێشەی بوونی (خۆ) یەکی سەربەخۆو لەمێژوو بەدەر، هەرچەندە دیاردەیەکی زاڵبووی نێو فەلسەفەی تازەگەرییە، ڕەگوڕیشەی لەناو زەمینەی بیری میتافیزیکی ئەفلاتوندا داکوتاوە. بۆ ئەفلاتون خۆ بووە بە (هەبوو)یەکی پڕو خۆبژێو، کە ڕووداوو پێکهاتە دەرەکییەکان ناتوانن کاریگەرێتی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن. لەم گۆشەنیگا میتافیزیکییەوە، پەیوەندییەکانی نێوان خۆو جیهانی دەرەوەی خۆ بە پەیوەندی نێوان کەسێکی ناو ئەشکەوتو دەرەوەی ئەشکەوتەکە ڕوونکراوەتەوە. داکەوتی ناو ئەشکەوتیش، وەکو دەزانین، بۆ ئەفلاتون، دۆگماو ساختەیەو پێویستە (خۆ) لەو دۆگمایە خۆی ڕزگار بکاتو هەوڵی گەیشتن بە داکەوتی دەرەوەی ئەشکەوتەکە بدات.

ئەم بۆچوونە میتافیزیکییە، پاش ئەفلاتون کاریگەرێتی بەسەر بیری فەلسەفی ڕۆژئاوادا تۆمارکردووەو بە شێوەیەکی دیارو دامەزراویش لەنێو بۆچوونی فەیلەسوفە هۆشەکیگەرایەتیەکاندا سەقامگیر بووەو بووە بە تەوەری کۆجیتۆکەی دێکارت. لە سەردەمی پاش- دێکارتەوە گەلێك لە بیریاران ویستویانە خۆیان لەژێر کاریگەرێتی نەریتی دێکارتی ڕزگاربکەنو بەرانبەری دژ وەستاون. ئەم نوسراوە ئاوڕدانەوەیەکە لە چۆنیەتی ئەو دژ وەستانە، بە تایبەتی هەوڵدانەکانی بیریارانی پاش- تازەگەری لە ڕەتدانەوەی نەریتە دێکارتیەکەدا ڕەخنەگرانە هەڵدەسەنگێنێ. لەو خاڵە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن ڕەتدانەوەی نەریتی دێکارتیو بانگەشەکردنی کۆتایی (خۆ) تووشی گرفتێکی دیکەی فەلسەفیانەمان دەکاتو چۆن بتوانین ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو گرفتە بدۆزینەوە. شیاوی گوتنە، کە بۆچوونەکانی

چەند بیریارێکی پاش-تازەگەری بنچینەکانی نەریتی دێکارتیان ڕووخاندووە، بەڵام ئایا پاش ئەم ڕووخاندنە ڕوومان نەکردۆتە بەر ڕێچکەی ناچارەکی میکانیکی؟ بۆ ڕوونکردنەوەی واتای خۆ لە فەلسەفەی تازەگەریدا، دیسانەوە، دەگەڕێمەوە بۆ میتافیزیکی ئەفلاتونو لەوێوە بنەڕەتی کێشەکە دەدۆزمەوە. ئاشکرایە، ئەفلاتون لەودیو گۆڕانکارییەکانی داکەوتی دیارەوە تەوەرێکی نەگۆڕو خاوەن ناسنامەیەکی هەمیشەیی دامەزراندووە. تەوەرێك، چی لە شێوەی فۆرمە هەمەکییە بەرزەکانداو چی وەکو (خۆ)یەکی پارێزراو، ئەمیش خسڵەتی هەمەکی وەرگرتووە. فەلسەفەی تازەگەری بە ڕابەرایەتی دێکارت لە دێرۆخەی میتافیزیکی ئەفلاتونەوە ئاوی بۆ سەر زەمینەی بیروباوەڕی ڕۆکردووەو مێتا — گوتارەکەی لەسەر هەڵبەستوە. لەم ڕوانگەیەوە (خۆ) — یەکی خاوەن دەستەڵاتی هۆشەکی خۆڕسکێکی نەگۆڕی لە بوونی مرۆڤدا قوتکردۆتەوە، کە ڕایەڵ گوتەنی وەکو ئەو خێوەیە لەناو ماکینەیەکدا خۆی شاردبێتەوە[1].

بە گوێرەی کۆجیتۆکەی دێکارت (من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم). پەیوەندییەکی نا-پێویست لە نێوان (خۆ)یە خزێنراوەکەی ناو لەشو لە لەشدا سازدراوە[2]. ئێمە لەم بۆچوونەوە (خۆ) بە (لەش) دابنێین، چونکە خۆ ناوەڕۆکێکی جیاوازەو لەشی پێدراوە. هاوکات، (خۆ) دەتوانێ لەناو لەشدا دەرچێتو بە ڕووتی بمێنێتەوە. بوونی (خۆ) بە لەشەوە گرێنەدراوەو بۆ بوونیشی پێویستی بە لەش نیە. لە سەرو ئەم پەیوەندییە نا-پێویستەوە خۆ ناوەڕۆکێکی گیانەکی نەگۆڕو خاوەنی خۆڕسکێکی تایبەتمەندە. لەبەرئەمەشە گۆڕانکارییەکانی لەش کاریگەرێتی خۆیان بەسەر (خۆ)وە ناگێڕنو ناسنامەکەشی ئالۆز ناکەن[3].

(خۆ)ی دێکارتی، وەکو ناوەڕۆکی گیانەکی Self- Substance خاوەنی چیەتی (ماهیەت) خۆیەتیو بەو چیەتیەوە پەیدابووە. ئەو شتێك نیە لەناو ڕووداوەکانی مێژوودا پێکهاتبێو بووبێت بەوەی ئێستا هەیە. ئەم بۆچوونەش بەرەو کۆلانی تەسکی ناچارەکیمان دەباتو دەستەلاتی (داهێنان) لەخۆ داگیردەکات. دروستە، دێکارت باسی خۆیەکی خاوەن دەستەلاتی هۆشەکی دەکات، بەلام ئەو خۆیە هاوکات چیەتیەکی نەگۆڕی پێدراوەو سەربەخۆیی خۆ لێرەدا، دابڕانو ڕووتکردنەوەی ئەم بوونەیە لە مێژوو نەك داپچڕانی لە پرۆگرامێکی پێشتری بەسەردا سەپێنراوو ناسنامەیەکی نەگۆڕ.

بەم شێوەیە خۆی دێکارت لە ڕووداوەکانی ناو مێژوو بەدەرە. خۆیەکی خۆ بە حەقزانەو لەناو (وەهم)ی خاوەن خۆییو سەربەستیدا هەناسە دەدات. خۆیەکە، وەکو خاوەن کۆیلەی فەلسەفەکەی هیگڵ، سەربەستی بە لەناوبردنی جیاوازییەکانو داگیرکردنی بوونی کەسانی دیکە دەبینێت. بۆ بە ئەنجامدانی ئەم کارەش خۆی فڕێداوەتە ناو جەنگێکی بەردەوامو دژی هەموو لایەنە دەرەکییەکان ڕاوەستاوە. ئەم هەڵوێستەی خۆی تازەگەری بە ئاشکرا لەناو فەلسەفەکەی هیگڵدا دەرکەوتووەو جەنگو زۆرانبازیو دژوەستان بووە بە پەیوەندییەکی پێویست لەگەڵ خۆو جیهانی دەرەوەی خۆداو تەنیا ڕێگەیەك بۆ سەلماندنی دەستەلاتو سەربەستی خۆ. خۆی تازەگەری نەك بە تەنیا سەرکوتکەری کەسانی دیکەو داگیرکردنی بوونیانە، تەنانەت (سروشت)یش بە بێگانەو دەستەلاتێکی هەڕەشەکەر دادەنێتو هەولی بەخۆکردنی دەدات. خۆی تازەگەری، لە بۆچوونی هیگڵەوە، دەبێت خۆی بەو قۆناغە بگەیەنێت، کە بە تەواوی جیاوازییەکان ڕیشەهەڵکێش دەکاتو دەستەلاتی ڕەها بە خۆی دەبەخشێو خۆی لەناو هەموو شتێکدا دەبینێت.

چەند بیریارێکی پاش- هیگڵ ڕاستەوخۆ دژی چیەتیو دەستەڵاتی خۆی تازەگەری وەستاونو بوونی ئەو خۆیە سەربەخۆو خۆبژێوەیان ڕەتداوەتەوە. فردریك نیتشە پێشەوای ئەوم بیریارانەیەو لە نەریتی دێکارتی یاخی بووە. پاش ئەم بیریارە مارتن هایدیگەرو ژان پۆڵ سارتەر هەوڵیان داوە بنچینە ئۆنتۆلۆجیەکەی خۆی تازەگەری هەڵوەشێننەوەو ڕاڤەیەکی نوێ بۆ بوونی مرۆڤ بکەن. پاش ئەمانیش بیریارانی پاش- تازەگەری، وەکو میشێل فۆکۆ (1926-1984) و ژان بۆدلیرالد (1929- ) و ژان فرانسیس لیۆتارد (1924-1998) و گلیس دیلۆز (1925-1995) و ژاك دێریدا (1930- ) و هەندێکی دیکەش لەژێر کاریگەریتی بیروباوەڕەکانی نیتشەوە هایدیگەردا بیردۆزەکەی دێکارتیان ڕەتداوەتەوە.

با ئەو خاڵەمان لەبیر نەچێت، کە نیتشەو هایدیگەر بە تەنیا کاریاننەکردۆتە سەر بیرکردنەوەی فەلسەفی بیریاریانی پاش- تازەگەری. بزوتنەوەی فەلسەفی پاش- تازەگەری (کە تاکو ئەمڕۆ مشتومڕ لەسەر هەبوویی دەکرێن) سوودی لە بیروبۆچوونی فەلسەفی بونیادگەریش وەرگرتووە. بەڵام پێش باسکردنی ئەم سوودوەرگرتنە دەمەوێ کاریگەریتی نیتشە بەسەر بۆچوونەکانی پاش- تازەگەری ڕوونبکەمەوە.

پرۆژە ئۆنتۆلۆجیەکەی نیتشە بە دوو جۆر کاڵای نیهیلێستانەی بە بەرخۆدا کردووەو لەوێوە بنچینە لە پێشتر دامەزراوەکانی هەڵوەشاندۆتەوە. لە لایەکەوە، بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی بیرکردنەوەی میتافیزیکی ڕۆژئاوا دەکاتو لەم خاڵەدا بنەچەی بوون بۆ (هیچ) دەگەڕێنێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیك ڕەتدانەوەی نەریتی زاڵبووی ئەو میراتەیە لە ئەفلاتونەوە بۆ دێکارت بە درێژایی سەدەکاندا ماوەتەوە. ئەم ڕەتدانەوەیە بووە بە سەرەتای کۆتاییەكو سەرەتای سەرەتایەك لە بیرکردنەوەی

فەلسەفیانەی ڕۆژئاوادا[4]. لە لایەکی دیکەوە، هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیك ڕاستەوخۆ کاریگەریێتی خۆی بەسەر ڕاڤەکردنی بوونی مرۆڤدا سەپاندووە ئەو بوونە بە شێوەیەکی دیکە لە واتاکەی کۆڵراوەتەوە.

هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیك لۆجیکمەندانە نیتشەی گەیاندۆتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بۆچوونە، کە ناوەڕۆکێکی سەربەخۆو لە پێشتر بۆ بوونی مرۆڤ دادەنێت. بوونی ناوەڕۆکێکی لەپێشتر یان ئەو خۆیەی دێکارت مامەڵەی لەگەڵدا کردووە پێویستییەکی ئونتۆلۆجی شێوە میتافیزیکییە دێکارتیەکەیە. بوونێکە بە زەخیرەو تفاقێکی لە پێشتر پێدراوەوە لە لایەن دەستەڵاتێکی میتافیزیکیەوە فڕێدراوەتە جیهانەوە. بێگومان، نیتشە هەوڵی نەسەلماندنی ئەو دەستەڵاتەی بە ڕێگەی لوجیك نەداوە، لە هیچ نوسراوێکیدا بەڵگەکانی بۆ نەبوونی ئەو ڕیزنەکردووە، بەڵام ڕەتدانەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەو نەریتە یان ئەو شێوە میتافیزیکییە پێویستیەکی لۆجیکمەندانەیە بۆ مسۆگەرکردنی سەربەستی‌و لەدایکبوونی (سوپەرمان)[5].

مرۆڤ، لەم بۆچوونە نیهێڵیستیەوە، خۆکەی دێکارت نیەو نیتشە بە ئاشکرا لەسەر مردنی ئەم (خۆ)یە دەنوسێ‌و دەڵێت: "خۆ نیە، هیچ بوونێك لەودیو کردەوەکانەوە نیە تاکو بەو کارانە هەستێت، ئەوەی ئێمە بە خۆی دادەنێین ئەندێشەمان پەیدایکردووە. ئەوەی هەیە کردەوەکانە نەك (بکەر)ەکەی"[6]. ڕەتدانەوەی (خۆ)، وەکو بکەرێك، ناوەڕۆکێکی گیانەکی یان خێوی ناو ماکینەکەی ڕایلْ بۆ بوونخوازەکانو بونیادگەریەکانو پاش-بونیادگەریەکانیش یان پاش-تازەگەرییەکان کێشەیەکی گرنگی فەلسەفیانەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە بیرکردنەوەی فەلسەفی ئەمڕۆماندا. گرنگێتی ئەم کێشەیە بە ئاشکرا لای فۆکۆ باسکراوەو مردنی (خۆ) بۆ ئەو لە هەڵوەشاندنەوەی نەریتە میتافیزیکییەکە بە بەهاترە[7]. هەروەها فۆکۆ لە

شوێنێکی دیکەدا لەگەڵ پەیڕەویکردنی نیتشەو دژوەستانی بەرانبەر تازەگەری (خۆ) بە (فۆرم) دادەنێتو دەیکات بە زادەی سەردەمەکەی خۆی(8).

کۆتایی خۆ یان مردنی خۆ، وەکو چەمکێك، بۆ یەکەمجار، ڕۆناڵد بارت بەکاریهێناوە. بەڵام خۆ بۆ ئەم بیریارە بووە بە نوسەرو لەوێوە بانگەشەی (مردنی نوسەر)ی ئەدەبی یان هونەری کردووە. بۆچوونەکەی بارت کاریگەرێتی خۆی کردۆتە سەر بیروباوەڕی پاش- تازەگەریو شوێنکەوتوانی پاش-تازەگەری ویستویانە بە دوای واتاکانی دەقدا بگەڕێنو نوسەریان خستۆتە پەراوێزەوە. تێشگەیشتن لە دەقێك پێویستی بە ناسینی نوسەر نیە، چونکە نوسەر، کە (خۆ)یە یان، وەکو خاوەن ناسنامەیەك پەیدا ناکرێو نیە. ئەگەر نوسەر (خۆ)یەك بێت، نیتشە گوتەنی ئەندێشەمان دایهێنابێت، ئەوا ناتوانین بیدۆزینەوە. بۆ وێنە، ئەگەر بمانەوێ لە واتای هۆنراوەیەکی (نالی) بگەین، پێویست ناکات نالی بناسین چوکە نالی بێ-خۆیەو (خۆ)ی ئەو شتێك نیە پەیدابکرێت. بەڵام هۆنراوەکە، وەکو دەق، شتێکە هەیەو دەتوانین لە واتاکەی بکۆڵینەوە.

لە فەلسەفەی بونیادگەریدا بێجگە لەوەی بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجی (خۆ)ی دێکارتی هەڵوەشاندۆتەوە، مرۆڤ کراوە بە داهێنراوو دەستکردی بونیادێکی دەرەکی دەوروبەریو ئامێری ناو کایەکانی مێژوو. بۆ ئەلسوسەرو لاکان، کە ئەم دوو بیریارانە ڕاستەوخۆ کاریانکردۆتە سەر بیرکردنەوەی پاش-تازەگەری، (تەوەر) Centre بە تەواوی لەناوچووەو (خۆ) بووە بە وەهم. تاکەکانی ناو کۆمەڵ بوون بە دانەکانی سەرتەختەی کایەی شەترەنجو بەدست کایەکەرانەوە یان بونیادە لە پێشترە دەرەکییەکەوە مەحکوم کراون. لەم بۆچوونەوەو بە بیروڕای ئەلسوسەری بونیادگەری مارکسی گۆڕنکارییە

مێژووییەکان ویستی تاکەکان پەیدایان ناکات، بەڵکو بارودۆخی بونیادە دەرەکییەکان هەڵیاندەسورێنن[9].

بۆچوونەکانی بیریارانی پاش-تازەگەری سەبارەت بوونی (خۆ) لەگەڵ بۆچوونەکانی بیریارانی بونیادگەریدا لەو خاڵە گرنگەدا بەیەك دەگەن کە بوونی (خۆ)کەی دێکارتیان، وەکو نیتشە، ڕەتداوەتەوە. هاوکات لەوێدا لە یەکدی دووردەکەونەوە، کە بیریارانی بونیادگەری چیەتی مرۆڤ بە بونیادی هەمەکیو مێتا-گوتارەکانەوە دەبەستنەوەو ئەمان بنەڕەتی مێتا-گوتار هەڵدەوەشێننەوەو هەموو ڕاڤەکردنێکیش بە ڕێژەکیو ئەگەرێکی مێژوویی دادەنێن. بە تێکڕا بۆچوونەکانی بیریارانی پاش-تازەگەری سەبارەت بوونی مرۆڤ لەم سێ خاڵەدا کۆدەکەمەوە:

1-هەڵوەشاندنەوەی خۆیەکی (تەوەر)ی لە بوونی مرۆڤدا.

2-خۆ، کلافەیەك کردەوەو هەڵوێستی جیاوازە.

3-خۆ، پێناسنامەیە، ئەگەر ناسنامەیەکیشی هەبێت، ئەوا ناسنامەکەی دەستکردی کایەکانی سەردەمەکەیەتی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم سێ خاڵەدا، دەمەوێ بڵێم بوونی مرۆڤ جێگایەکی گرنگی لە بۆچوونە فەلسەفیەکانی پاش-تازەگەریدا داگیرنەکردووە. تێگەیشتنی بۆ مرۆڤ لە دەرەوەی ئەم بوونەوە دەستپێدەکاتو کۆتاییشی پێدێتو هەرگیز بە مرۆڤیش ناگات. بۆ پاش-تازەگەری مرۆڤ شتێك نیە بخرێتە بەر ڕۆشنایی توێژینەوە. ئەو چی بێت، چیەتیەکەی لە دەرەوەی بوونیدا دامەزراوەو بریاری لەسەر دراوە. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ بابەتگەرایەتیو ڕووکردن بەرەو جیهانی دەرەوەو لەناوچوونی دەستەڵاتی مرۆڤ. (بۆدلیراڵد) گوتەنی دۆڕاندنی دەستەڵاتی (خۆ)یە بە جیهانی دەرەوە[10]. لیۆتاریدش لە ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیەدا دەڵێت:

(خۆ) دوورگە نیە: بەرهەمو دەستكردی پەیوەندییەكانە. لاو یان پیر، ژن یان پیاو، هەژار یان دەوڵەمەند، ئەو كەسە هەمیشە لەناو چەقی پەیوەندییەكاندایە. یان باشتر وایە بڵێین: ئەو كەسە لە شوێنێكدایە، كە پەیوەندی جۆراوجۆری بەنێودا تێدەپەڕێ[11].

فۆكۆ، لە نوسراوەكانی قۆناغی سەرەتای بیركردنەوەیدا، وەكو نیتشەو بونیادگەرییەكان ڕاستەوخۆ (خۆ)ی دێكارتی ڕەتداوەتەوە. بۆ ئەم بیریارە (خۆ) هەرچیەك بێت، ئەوا پێكهاتەیەكی ئەپستمەی سەردەمەكەیو تۆڕی پەیوەندییە مێژووییەكەی خۆیەتی. (خۆ) ناوەڕۆك نیە، بەڵكو پەیوەندییەكانەو پەیدابووش نیە، بەڵكو پێكهاتەیە. كەسایەتی تاكو تێڕوانینی بۆ جیهانو ڕاڤەكردنی واتای ڕاستی وابەستە بە كایەكانی ڕاستیەوە، كە لە دەرەوەی ویستو ئارەزووی تاكدا سەقامگیر بووە. بۆ وێنە، من هەرچییەك بم، چیەتی من پەیوەندییەكانی دەستەڵاتو كایەكانی ڕاستیو ئەپستمەی سەردەمەكەم فەرزیان كردووە. بابڵێین، من، ئەفلاتون گوتەنی ڕۆنوسی (ساختە) ڕاستیەكی بەرزم، كە لە جیهانێكی بەرزدا دانراوە. بەڵام بۆ فۆكۆ ئەو ڕاستیە، كە بوونی منی مەحكوم كردووە لە جیهانێكی بەرزدا نیەو تۆڕی پەیوەندییەكانو كایەكانی ناو مێژوون[12]. تۆڕی پەیوەندییەكانە منی تاك، وەكو ماسی لەناویا گیرم خواردووەو ناتوانم خۆمی لێدەرباز بكەم.

لێرەدا ئەو خاڵە گرنگەی جەختی لەسەر دەكەم سوڕانەوەی بازنەییە لە بۆچوونەكانی پاش-تازەگەرییدا سەبارەت بە چیەتی خۆ. نكۆڵی لەوە ناكرێت هەڵوەشاندنەوەی بیردۆزەكەی دێكارت دژوەستانە بەرانبەر ئەو ناچارەكیو بێ دەستەڵاتیەی لە ئاكامی ئەم بیردۆزەدا هاتۆتە كایەوە، بە تایبەتی ناچارەكییەت لەگەڵ پێخستنی ناوەڕۆكو پاشخستنی بووندا لە كۆجیتۆكەدا یەخەمان دەگرێت. بەڵام لە بۆچوونەكانی پاش تازەگەریدا

هەڵوەشاندنەوەی بیردۆزەکەی دێکارت، کە ڕەتدانەوەی (ناوەڕۆکێکی لە پێشترە) بۆ بوونی مرۆڤ، (ناوەڕۆکێکی لەپاشتر پێدراو) بۆ ئەو بوونە سازکراوە. فۆکۆ، بۆ دامەزراندنو سازکردنی ناوەڕۆکێکی لەپاشتر پێدراو لە بوونی مرۆڤدا، وەکو کانت لە بونیادێکی زەروری لەپێشتر دەدوێت، کە بۆ (خۆ) دەبێت بە بەستێنێکی بابەتگەرانەو جێگری خۆڕسکە نەگۆڕو لە پێشترەکەی دێکارت. بە بۆچوونی من، تاکو ئێرە فۆکۆ تازەگەرییانە بیر لە بوونی مرۆڤ دەکاتەوە. بۆ ئەوەی خۆی لەژێر کاریگەرێتی کانت ڕزگار بکات پەنای بردۆتە بەر هایدیگەرو لەوێوە ئەو بونیادە زەروریو لەپێشترەی کردووە بە مێژوو. لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی هایدیگەردا (خۆ) بۆ فۆکۆ هەرچیەك بێت دەستکردی مێژوویەکەیەتی. قۆناغەکانی مێژووش لە مێتا-گوتار بەدەرنو تەکنەلۆجیو ئەپستمەی جیاوازو تایبەتیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە[13] بە پێچەوانەی هایدیگەریشەوە، فۆکۆ دەستەڵاتێکی بێسنووری بە تەکنەلۆجیو ئەپستمەی قۆناغە مێژوویەکە داوە.

دەبینن لەلای فەلسەفەی تازەگەریو پاش-تازەگەری چیەتی (خۆ) لە دەرەوەی خۆدا بڕیاری لەسەر دراوەو بەستراوەتەوە بە دەستەڵاتێکی دەرەکییەوە. بۆ بیریارە تازەگەرییەکان، بۆ وێنە دێکارت، ئەو دەستەڵاتە دەرەکییە ڕاستەقینەیەکی میتافیزیکی لەمێژوو بەدەرەو بۆ بیریارانی پاش-تازەگەریش بووە بە کایە دەرەکییەکانی مێژوو. لە هەردوو شێوەکانی تازەگەریو پاش-تازەگەرییدا مرۆڤ خۆی، خۆی داناهێنێو لە دەرەوەیدا بڕیار لەسەر چیەتی دەدرێت.

لێرەدا، ئەو پرسیارە یەخەمان دەگرێت: ئەگەر (خۆ) زادەی کایەکانی مێژوو بێتو لە دەرەوەیدا بڕیار لەسەر (چیەتی) ئەو درابێت، جیاوازی نێوان تاکەکان لەناو یەك کایەی مێژوودا چۆن سەرهەڵدەدەن؟ ئەگەر ئەوەی هەبێت کایەکانی مێژوو و تۆڕی پەیوەندییەکانو بونیادێکی لەپێشتر

بێت چۆن تایبەتمەندی تاکێك دەناسرێت؟ ئەگەر کایەکانی مێژوو و بونیادی پەیوەندییە لەپێشترەکان (سەروەت سەوزیان) کردبێت بە هونەرمەندو (خۆ)ی نەبێت، چۆن ڕۆژانە لەسەر تابلۆیەکی هونەری کاردەکاتو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنی کارکردنەی دوێنێ بەجێی هێشتووە؟ چۆن (سەروەت سەوز) بەرهەمەکەی خۆی دەناسێتەوە؟ ئایا هونەری سەروەت سەوز زادەی ئەندێشەی ئەم هونەرمەندە نیە؟

لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا، ئەگەر جەخت لەسەر کایەکانی مێژوو یان بونیادی لە پێشتری پەیوەندییەکان بکەین پێویست ناکات سەروەت سەوز، وەکو هونەرمەند پێاسبکەین. چونکە لەم حاڵەتەدا، سەروەت دەبێت بە کۆك لەناو ماکینەیەکی گەورەداو هونەرەکەشی دەستکردی کایەکانی مێژوو. ئێمە دەتوانین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیەو ڕەخنەگرتنمان لەمەڕ بۆچوونەکانی پاش- تازەگەری نموونەی دیکەش باسبکەینو ئەو پرسیارە بکەین، کە ئەگەر (خۆ) نەبێت چۆن سپارتاکۆس لە کایەکانی مێژوو و بونیادە لەپێشترەکە یاخی بوو؟[13].

لە پێشتر باسکرا، من لەمەڕ هەڵوەشاندنەوەی بیردۆزی دێکارتی لەگەڵ بیریارانی پاش-تازەگەریدا هاوڕامو لەگەڵیاندا خۆم دەخەمە سەنگەرێکەوە، بەڵام، وەکو ئەوان، دەستەڵاتی مرۆڤ ناکەم بە قوربانی کایەکانی مێژوو یان بونیادێکی لەپێشترو دەرەکی. ئەگەر لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بیردۆزەکەی دێکارتدا، کە ڕەتدانەوەی ناچارەکییە، سەربەستی بۆ مرۆڤ مسۆگەر نەکەین دیسانەوە توشوی ناچارەکی دەبینەوە. هاوکات نامانەوێ بەستێنی مێژوو بە پەراوێز بکەینو بایەخی پێنەدەین. من ناڵێم (خۆ) لەناو مێژوودا نیەو کایەکانی مێژوو کارناکەنە سەر (خۆ). (خۆ) بوونێکی مێژوویی هەیەو لە جیهان دانابڕێت، بەڵام (خۆ) لەناو مێژوودا داشی دامەو سەربازی ناو کایەی شەترەنج نیە. بوونێکی ئاگامەندانەیە، کە بە ئاگاوە بڕیار لەسەر

پرۆژەکانی دەداتو هەڵیاندەبژێرێت. ئەو ئاگامەندانە مامەڵە لەگەڵ تۆڕی پەیوەندییەکانو کایەکانی ناو مێژووی خۆی دەکات. (خۆ) بەرهەمی مێژوو نیە، بەڵکو مێژوو بەرهەمی (خۆ)یەو داستانی بوونی ئەوە.

بیریارانی پاش- تازەگەری، وەکو بیریارانی تازەگەری تووشی دۆگمای زاڵکردنی دەستەڵاتێکی دەرەکی بەسەر بوونی مرۆڤدا هاتوون. لەم بۆچوونەوە مرۆڤ نابێت بە داهێنەری چیەتی خۆیو لەناو کایەکانی مێژوودا پەیدا دەبیۆ لەوێشدا دەمرێت. مرۆڤ زادەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆیەتیو ناتوانێت خۆی بە قۆناغێکی دیکە  بگەیەنێت. ئەو خاڵە گرنگە فەرامۆشکراوە، کە مرۆڤ بە ڕێگەی داهێنان قۆناغەکەی دەبڕێو لەناو داهاتوودا دەژی.

هەڵوەشاندنەوەی بیردۆزەکەی دێکارت ئاکامێکی نەرێی ڕووتی نیە، چونکە هەموو هەڵوەشاندنەوەیەك بونیادنانیشە. من بە ڕاکێشاوی دەڵێم مرۆڤ چیەتیەکی لەپێشتری پێنەدراوەو بەبێ ناوەڕۆك پەیدابووە. مرۆڤ هەرچیەك بێت، ئەو چیەتیە خۆی دایهێناوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لەگەڵ مردنی (خۆ)کەی دێکارتدا ڕاڤەیەکی نوێمان بۆ بوونی مرۆڤ کردووەو بە ماکینەیەکی بێئاگا ناوزەدمان نەکردووە. ئەم ڕاڤەکردنەش، پاش هەڵوەشاندنەوەی بیردۆزی دێکارتی زەرورەتی بونیادێکی نوێی ئۆنتۆلۆجی بۆ (خۆ) لە بەردەمماندا قوت دەکاتەوە.

خۆکەی باسیدەکەین خۆیەکی ئاگامەندەو هاوتەرازبوونێك لە بوونیدا لە نێوان ناوەوەو دەرەوەیدا بناخەڕێژ دەکەین. هاوتەرازبوونێك، کە یەکێك لەم دوو لایەنە نەکات بە قوربانی لایەنەکەی دیکە. لە بۆچونی ئۆنتۆلۆجی ئێمەدا (خۆ) بوونێکی ناتەواوی هەیەو بەو هەژارییەوە پەیدابووە. بوونێکە بە نەبوونیەوە لەناو جیهاندایەو مێژوو دادەهێنێ[14]. بەبێ جیهانو مێژوو نیەو نابێت. چیەتی ئەویش لەناو جیهانداو لە پرۆسەی مێژووییدا

دادەهێنرێت. بێجگە لەمەش، خۆ، وەکو باسکرا، بوونێکی ئاگامەندانەی هەیەو ئاگامەندیشی لە جیهانی دەرەکی بەدەرنیەو هەمیشە ئاگاییە لە بابەتێکەوە[15]. ئاگامەندی بیر لە (هیچ) ناکاتەوە، یان ناتوانین بڵێین ئێستا ئاگامەندەو لە داهاتوودا نا-ئاگامەند یان بێئاگا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاگامەندی (دەرهاوێژ)ەو بۆ ناسینی بابەت ڕوو لە دەرێ دەکات. دەرهاوێژی ئەو واتایەش نابەخشێ، کە ئاگامەندی، وەکو چۆن خۆر تیشك دەهاوێژێتە دەرێو تیشکەکە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ ناو خۆر، بەو شێوەیە ئەمیش ڕوو لە دەرەوە دەکاتو کە بیر لە بابەتێك دەکاتو دەیناسێ ئەو ناسینە لە دەرەوەیدا دەمێنێتەوە. دەرهاوێژی یان بیرکردنەوە لە بابەتی دەرەکییەوە نیوەی ڕاستەقینەی ئاگامەندی دەردەخات، کە لە کۆجیتۆکەی دێکارتدا دانراوە. نیوەکەی دیکەی ڕاستی ئاگامەندی لەوێدایە، کە ئاگامەندی لەگەڵ ناسینی بابەتدا خۆ-ئاگاشە. من بیر لە مێزەکەی بەردەستم دەکەمەوەو دەزانم شتێکی ڕەقو ڕەنگدارەو بۆ نوسین بەکاریدەهێنم. هاوکات دەزانم ئەوە (من)م ئاگام لە مێزەکەیەو بوونی بۆ خسڵەتەکانی شیدەکەمەوە. ئەگەر هەموو ئاگاییەك خۆ-ئاگایی نەبێت من نازانم بیر لە بوونی مێزەکە دەکەمەوە یان سەروەت سەوز، نازانێ ئەو هونەرمەندە یان سپارتاکۆس، نازانێ کۆیلەیەو لە کایەکانی کۆیلایەتی یاخیبووە.

خۆ-ئاگایی بەردەوامیش بە بوونی خۆ دەداتو ڕووداوەکان لە ناوە بیرەوەری تاکە کەسێکدا پێکەوە گرێدەدات. بۆ نموونە سەروەت سەوز، دەزانێت دوێنێ نیوەی تابلۆکەی تەواوکردو ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو کارەی دوێنێو تەواوی دەکات. ئاگایی لە پرۆژە هونەرییەکە بەو خۆ-ئاگاییەوە بەردەوامییەکەو ساتەکانی ڕابردوو و ئێستاو داهاتووی ئاگامەندی ناپچڕێنێ. ڕەتدانەوەی کێشەی خۆ-ئاگایی، وەکو مەرجێکی بنەڕەتی بۆ

ئاگامەندی، مرۆڤ دەکات بە ماکینەو فرە کەسایەتیشی پێدەبەخشێو پەیوەندیەکانی نێوان ڕابردوو و ئێستاو داهاتووشی دەترازێنێت.

خۆ-ئاگایی تەواوکەری ئاگاییەو بە پێچەوانەی دەرهاوێژبوونی ئاگامەندییەوە، بابەتێکی دەرەکی نییەو خۆی بابەتی خۆیەتی. هەروەها ئەم بابەتەی خۆ-ئاگایی مێزەکە، یان ناوەڕۆکی-گیانەکی دێکارت نیە، چونکە ئاگامەندی ناوەڕۆکێکی لەپێشتری نیەو شت نیە. ئەمەش ڕێگەمان پێنادات لە ناسنامەی ئاگامەندی بدوێین. ناسنامەی ئاگامەندی لە بۆچوونە فەلسەفیەکەی ئێمەدا بە (مردن) پێکدێت[16]. لەبەرئەوەی ئاگامەندی بوونێکی ناتەواوی هەیەو هەوڵدەدات ناتەواوییەکەی خۆی بە تەواوکۆیی بگەیەنێت لە مردندا پرۆسەی خۆ تەواوبوونی ڕادەوەستێو کۆتایی پێدێتو داهاتووی دەبێت بە ڕابردوویەکی ڕەهاو ناسنامەیەکی نەگۆڕیش بە بوونی دەدات.

خۆ لە ناوەڕۆك بەدەرەو بوونێکە، کە (هەیە) و (نیە). ئەو هەیە، چونکە پرۆژەی بە ئەنجامدراوی خستۆتە سەر بوونی خۆیو نیە، چونکە هێشتا نەبووە بەوەی لە داهاتوودا دەبێت. خۆ هەرچیەك بێت یان هەر شتێکی، لەناو تۆڕی پەیوەندییەکاندا یان کایەکانی مێژوودا، بەسەردا بچەسپێت، هێشتا ئاگامەندانەو داهێنەرانە دەتوانێت خۆی بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بداتو بەرەو داهاتوو هەنگاوبنێ. سەروەت سەوز هونەرمەندە، بەڵام هونەرمەندبوون پرۆژەیەکە ئەو کەسە خۆی هەڵیبژاردووە یان سپارتاکۆس کۆیلە بوون بوە بە کۆیلە ناوەڕۆکێکی میتافیزیکی نەگۆڕ نیەو کایەیەکی مێژوو هێناوییەتە کایەوە، بۆیە سپارتاکۆس توانی پرۆژەی یاخیبوون هەڵبژێرێو بە کۆیلایەتی نەژی.

(نەبوون)ی ناوەڕۆکێکی لەپێشتر بۆ خۆ ناتەواوی ئەم بوونە دەخاتەڕوو ئەم نەبوونیەش پێویستی خۆ تەواوکردن لە بوونی خودا دەردەخات. ئایا خۆ چۆن خۆی تەواودەکاتو بوونی خۆی پڕدەکاتەوە؟

بۆچوونەکانی دێکارتو بیریارانی پاش- تازەگەری لەگەڵ جیاوازی بیرکردنەوەی ئۆنتۆلۆجیانەدا لەو خاڵەدا کۆدەبنەوە، کە خۆ لە دەرەوەی خۆیدا چی لە لایەن دەستەڵاتێکی میتافیزیکی نادیارەوە یان کایەکانی مێژووەوە خسڵەتەکانی بۆ دادەمەزرێنرێ‌و لەم ڕووەوەو لە هەردوو شێوازی بۆچوونەکەدا سەربەستیو دەستەڵاتی داهێنانی خۆ زەوت دەکرێن. تاکە کەسێك هونەرمەند بێت یان مامۆستا، کۆیلە بێت یان یاخیبوو لە فەلسەفەی پاش- تازەگەریدا خسڵەتێکەو لە ئاکامی پەیوەندییەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەو کایەکانی مێژووەوە دروستبووە. بۆ نموونە، ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەمان دەبینین ژاك لاکان، کە یەکێکە لەو بیریارانەی شوێنکەوتوانی پاش- تازەگەری سودیان لە بیرۆکەکەی وەرگرتووە لە ڕێچکە دەرونشیکارییەکەیدا لەو باوەڕەدایە تاك لە هەردوو قۆناغی تەمەنیدا منداڵی‌و پاش منداڵی، ئایدیای ئیگۆو ئیگۆی ئایدیای دەستکردی دەوروبەرێتی. منداڵێك ترسنۆکە چونکە فێری ترسنۆکی دەبێ، یان مامۆستایەك وردە بورژوایانە ڕەفتار دەکات، چونکە کۆمەڵەکەی دەیەوێت بەو جۆرە خۆی دەربخات.

سەرەڕای گەڕانەوە بەرەو ڕێچکەی ناچارەکی بیریارانی پاش- تازەگەری لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ (خۆ)دا ڕەسەنیەتی ئەم بوونەشیان ڕەتداوەتەوە. کایەکانی مێژوو، یان ژیان لەناو تۆڕی پەیوەندییەکاندا، بوونەتە ڕێگر بۆ خۆ-ڕسەنی. ئەمەش، بە بۆچونی من لەگەڵ بیرۆکەی پاش تازەگەرییدا ناکۆکە. ئاشکرایە، بیریارانی پاش- تازەگەری لەژێر کاریگەرێتی هایدیگەردا جەختیان لەسەر چەمکی (جیاوازی) Difference کردووە. لای دێریدا

جیاوازی بووە بە گازەرای بۆچوونەکانی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە. جیاوازیش دەبێت بە بناغە بۆ ڕەسەنیەتی خۆ. مەبەست لە ڕەسەنیەت ناسنامەیەکی نەگۆڕو لەپێشتر نیە، بەڵکو ناسینەوەی جیاوازییەکانەو تایبەتمەندێتی تاکە، کە لەسەر ئەو جیاوازییە دامەزراوە. نالی شاعیرێکی کوردە، بەڵام هەموو شاعیرێکی کورد نالی نیە. نالی، وەکو تاکێکی شاعیر تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو بوونی لە کەسانی دیکەوە جیاوازە.

ڕەسەنیەتی بوون، کە کێشەیەکی گرنگی باسەکەمانە لە بناغە ئۆنتۆلۆجیە دێکارتیەکەوە سەریهەڵنەداوە. تاکەکان بە ناسنامەوە پەیدانابن، بەڵام خۆیان دەدەن. ئەگەر تاکێك ببێ بەو کەسەی خۆی دەیخوازێتو هەڵیدەبژێرێت. ڕەسەنیەتی بوونی ونناکات. لە کاتێکیشدا کایەکانی مێژوو بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بوونی دەدەن، دەبێت بەوەی دەستەڵاتە دەرەکییەکان دەیانەوێت، ڕەسەنیەتی خۆی دەدۆڕێنێت. خۆی ناڕەسەنیش لە ئاستی کردەوەکانیدا بەرپرسیار نیە، چونکە چیەتی ئەو لە دەرەوەدا بڕیاری لەسەر دراوە. من چۆن سەرمایەدارێك تاوانبار بکەم بەوەی کرێکار دەچەوسێنێتەوە یان پیاوێك بەوەی ژن بە نامرۆڤ دەکات ئەگەر ئەو سەرمایەدارە یان پیاوە ڕۆنوسی (نوسخەی) کایەکانی مێژوو بنو خۆیان ئەو کارەیان هەڵنەبژاردبێت؟

سەربەستی مەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوونی (خۆ)یە، چونکە خۆ بوونێکی ڕسکاوو ناتەواوی هەیە. سەربەستیش ئەو واتایە نابەخشێت، کە خۆ دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیەو دەتوانێت هەموو شتێك بکاتو ڕێگر لە بەردەمیدا نەبێ[18]. سەربەستی لەوەدایە (خۆ) چیەتی خۆی دابهێنێ. سپارتاکۆس لەناو کایەکانی مێژوودا دەژیا، بەڵام هەڵیبژارد سەربەستانە بژی.

ڕەخنەی بیریارانی پاش-تازەگەری لەسەر بیردۆزەکەی دێکارتو خۆی تازەگەری بە نەخوێندنەوەی کایەکانی مێژووەوەیە لە لایەن دێکارتەوە. فۆکۆو دێریداو دێلوز بە ئاشکرا ئەم خاڵەیان ڕوونکردۆتەوە. دێلوز گوتاری لە پەرتوکەکەیاندا بە ناوی (دژی-ئۆدیب) جەختیان لەسەر کەموکورتی ئەم لایەنەی فەلسەفەی دێکارت کردووە[19]. ئەمانیش وەکو نیتشەو فۆکۆ (تەوەر)ی خۆیان هەڵوەشاندۆتەوەو بایەخیان بە کایەکانی مێژوو داوە. لە پێش بیریارانی پاش-تازەگەریدا هایدیگەرو سارتەر بە درێژایی تەمەنی ڕۆشنبیرییان مشتومڕیان لەگەڵ دێکارتدا هەبووەو بۆچوونەکانیان ڕەت داوەتەوە. ئەم دوو بیریارەش بایەخیان بە گرنگی مێژوو داوەو خۆیان بە بوونەوەرێکی مێژوویی داناوە، بەڵام سەربەستی خۆیان زەوت نەکردووە. خۆ هەرچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ دەوروبەردا هەبێت، لە شێوازی زۆرانبازیدا یان نیگەرانیدا بێت لەناو جیهاندایەو بەبێ ئەو نابێت. بوون لەناو جیهانو بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا دوو پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجین بۆ خۆ. هاوکات خۆ سەربەستانە هەڵوێستی خۆی بەرانبەریان دیاریدەکات. بۆ نموونە من خوێندەوارێکی وردە بورژوازیمو لە خێزانێکی وردە بورژوازیشدا هاتوومەتە دنیاوە. بەڵام دەتوانم بەهاکانو نەریتی چینەکەم ڕەت بدەمەوەو پشتگیری لە خەباتی چەوساوەکان بکەم. لێرەدا هاوتەرازێك لە نێوان خۆو کایەکانی مێژوودا دەخوڵقێننو خۆ ناچاری ئەو کایانە ناکەین. لەدایکبوونی من لەناو خێزانێکی وردەبورژوازی لایەنی بابەتگەریو کایەیەکی مێژووە، بەڵام من دەتوانم سەربەستانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، ئەمەش لایەنی خۆ ئەگەرییە لە بوونی مندا. خۆگەریو بابەتگەری دەبێت ببن بە تەواوکەری یەکدی. خۆ بە بێ کایەکانی مێژوو نیەو هەمیشە لەناو تۆڕی پەیوەندییەکاندایەو لەگەڵ ئەمەشدا مادامەکی ئاگامەندو داهێنەرە نابێت بە ئامێرێکی نەرێو مردوو.

با ئەوەشمان لەیاد نەچێت هەموو تاکێك ژیانی داهێنەرانە هەڵنابژێرێ‌و وەکو سپارتاکۆس یاخی نابێت. بەڵام ئەگەر داهێنەرانە نەژیا ئەوا نامۆو نارەسەنە، سارتەر گوتەنی، سەربەستی لە بوونی مرۆڤ جیاناکرێتەوە[20].

خۆی ناچاری ناو کایەکانی مێژوو زەمینەیەکی ڕەوشتی پێنادرێت. ڕەوشت لەوێدا خۆی دەسەپێنێت، کە خۆ سەربەستو داهێنەر بێت خۆیەك لەژێر پاڵەپەستۆی کایەکاندا ناچار کرابێت لێپرسراو نیە، چونکە ناتوانێت بڕیار لەسەر چاکەو خراپی کردەوەکانی بدات. لێپرسینەوە ئاکامی لۆجیکمەندانەی باوەڕهێنانە بە خۆی سەربەست. دەبینین فۆکۆ لە پەرتووکەکەیدا (مێژووی سێکسگەری) هەستی بە پێویستی ئەم کێشەیە کردووە. زیندووکردنەوەی ئەم خۆیەی ئاماژەمان بۆ کردووە بە گرنگ دادەنێت[21]. نەریتی زاڵبوی سێکسگەری لە قۆناغەکانی مێژوودا، هەرچەندە بونیادێکی دەرەکی لەپێشتری هەیە لە هەڵسوڕانی کردەوەیەکی سێکسیدا (خۆ) نەك ئەو بونیادە دەرەکییە تامو چێژ وەردەگرێ‌و پێی هەڵدەستێت.

لە کۆتاییدا منیش، وەکو بیریارانی پاش-تازەگەری مژدەی مردنی خۆکەی دێکارت دەگەیەنم، ئەو خۆیەی خۆبژێوو پڕو تەواوەو خاوەنی ناسنامەیەکی نەگۆڕە. بەڵام وەکو ئەوان نامەوێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیردۆزەیە بەرەو ڕێچکەی ناچارەکیم بەرێت. ناچارەکی، چی میتافیزیکیی یان مێژوویی، چی لە بونیادێکی لەپێشتر یان لە پاشتر پێدراوەو ڕۆڵی مرۆڤ لەناو مێژوودا دەسڕێتەوە. مرۆڤ نە خێوەکەی دێکارتو نە سەربازی ناو کایەی شەترەنجی پاش –تازەگەرییە. بوونێکی ئاگامەندەو بەئاگاوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا دەکات داهاتووی خۆی دادەهێنێت.

## سەرچاوەکان:

1-Ryle Gilbert. The Concept of Mind, New York: Penguin Books, 1980. p. 18.
2-Rene Descartes. "Discourse on the Method", Philosophical Writtings, Elizabeth Anscombe (ed.), Nelson's University Papaerback, 1970. p. 31.
3-Rene Descartes, "Meditations on First Philosophy", Philosophical Writtings. P. 129.
4-F. Nietzsche, Thus Spake Zarathustra, translated by Nicholas Davey, Wordworth Classics, 1997. p. 276.
5-Ibid.
6-F. Nietzche, The Genealogy of Morals, translated by Francis Gollfing, New York: ANCHOR Books, 1990. pp. 178- 79.
7-Michel Foucault. The Order of Things: An Archaeology of Human Sciences, London: Routledge, 2002. p. 420.
8-Michel Foucault. Ethics: Essential Works of Foucault 1954- 1984, Vol. 1. paul Rabinow (ed.), London: Penguin Books, 1997. p. 290.
9-Louis Althusser & E. Balibar. Reading Capital, translated by Brewster, London: New Left Books, 1970. p. 180.
10-Jead Baudrillard In the Shadow of the Silent Majorities, New York: Semiotext, 1983. p. 30.
11-Jean- Francois and B. Massumi, Minneapolis: University of Minnesota Press, 1984. p. 15.
12-Michel Foucault. The Order of Things: An Archaeology of Human Sciences, pp. xxi-xxi.

مارتن هایدیگەر یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوەی میشێل فۆکۆ. لە سەرەتاوە فۆکۆ لەژێر کاریگەری هایدیگەردا نوسراوەکەی بە ناوی Dream Imagination and Existence لە ساڵی 1950دا نوسیوەو بڵاوی کردۆتەوە.

13-سپارتاکۆس کۆیلەیەکی سەردەمی ڕۆمانیە. دژی کۆیلایەتیو دەستەڵاتی ڕامیاری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان یاخی بووە. ژمارەیەکی زۆر لە

کۆیلەکان شوێنی کەوتن. لە ئەنجامدا بزوتنەوەکەی شکاو خۆیو هاوڕێکانی لە خاچ دران.

14-Martin Heidegger. Being and Time, translated by John Macquarrie & Edward Robinson, London: Blakwell, 1997. p. 27.

15-Jean- Paul Sartre. The Transcendence of the Ego, translated by Forrest Williams and Robert Kirkpatrick, New York: Hill and Wang, 1995. p. 44.

16-محەمەد کەمال، فەلسەفەی سارتەرو خوێندنەوەیەکی نوێ، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2003، لاپەڕە .63

17-محەمەد کەمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیو بوونی مرۆڤ، دەزگای هەوار، ئەدیلاند، 2001، لاپەڕە .23

18-Jean- Paul Sartre. Being and Nothingness, transited by Hazel E, Barnes, London: Routledge, 1996. p. 483.

19-Gilles Deluze & F. Guattari. Anti- Oedipus, Minneapolis: University of Minnesota Press, 1983. p. 139.

20-Jean- Paul Sartre. Being and Nothingness, p. 30.

21-Michel Foucault, The History of Sexuality. Vol. 1. translated by Robert Hurley, New York: Penguin Books, 1978. p. 35; see also; Geoff Danaher & Oters. Understanding Foucault, Londons: Allan & Unwin 2000. pp. 133-46.

## ئاوڕدانەوەیەك لە فەلسەفەی هیندی

لە سەردەمە کۆنەکانی پێش شارستانیەتی ڕۆژئاواوە، زەمینەی پانو بەرینی بەر ڕۆخانەکانی کەنگاو جەمنا[1] بووە بە لانکەی بیرو ئەندێشەو سۆفیگەرێتیو گەشتوگوزار بە جیهانی میتافیزیکدا.

گەنجینەی کەلەپوری ئەم دوو ڕۆخانەیە ئەوەندە دەوڵەمەندو چڕە کەم لە ئێمە دەتوانێ لە ژیانیا بە هەموو کوچەو کەلەبەرێکیا بگەڕێت.

ئەم نووسراوەی منیش ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێییە لە کەلەپوری فەلسەفی ئەم وڵاتەو بە پێویستم زانی خوێندەواری کورد شارەزایی زیاتری لە بارەوە بزانێت.

دەشێ لە خۆمان بپرسین کە بۆچی مێژوونووسان مێژووی لەدایکبوونی فەلسەفە دەگەڕێننەوە بۆ یۆنانو وڵاتی هیندیان فەرامۆش کردووە بە مەرجێك فەلسەفەی هیندی دە هەزار ساڵ لەمەوبەر پەیدابووەو فەلسەفەی یۆنانی تەمەنی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە. لەوانەیە هەندێ لە مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان ئەوەندە بایەخیان بە ڕۆژهەڵات نەدابێتو لە ئاستی ئەم ڕاستییەدا بیر تەسك بن، بەڵام ئەمە تەنیا هۆ نییەو ناتوانین هەموو مێژوونووسانی فەلسەفە بە بیر تەسكو شۆڤینست دابنێین. هۆی سەرەکی ئەم بۆچوونە مێژووییە دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتیو خاسیەتەکانی فەلسەفەی هیندی. ئەم فەلسەفەیە ئەوەندە خۆی تێکەڵی ئەندێشەو ئەفسانەو بیروباوەڕە ئاینییەکان کردووە، بە دەگمەن ڕەنگو بۆنە فەلسەفییەکەی دەبێنرێتو هەرگیز لە ئایینی هیندوسییەکان جیانابێتەوە. فەلسەفەی هیندی ئایینی هیندیشە. بەڵام ئەم خاسیەتە گەلێك لە فەلسەفەی یۆنانییەوە دوورە.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە فەلسەفەی هیندی کارێکی زۆری کردۆتە سەر رۆشنبیرانو فەیلەسوفەکانی رۆژئاوا. بۆ نموونە ئۆرفی یۆنانییەکانو راڕەوەکەی فیتاگۆراس جێگا پەنجەی فەلسەفەی هیندی زۆر پێوە دیارە. وەکو ئاشکراشە ئەفلاتون بڕوای بە گیان گۆڕین (تناسخ الارواح) هەبووەو وەکو هیندییەکانیش لە ستەمە رامیارییەکەیدا چینە کۆمەڵایەتییەکانی جیاکردۆتەوە(2). ئەفلوتین لە سەدەی یەکەمی زاینیدا ژیاوەو فێرگەکەی بە (ئەفلاتونیەتی نوێ) ناسراوە، بیردۆزەی (الفیض Emanation)ی لە هیندییەکانەوە وەرگرتووە.

لە فەلسەفەی نوێشدا دەبینین (شوپنهاور) لەدوا ڕۆژی تەمەنیا، بوو بە شاگردێکی بواداو بڕوای بە (نیرڤانا) هەبوو، ستەمە میتافیزیکییەکەی (هیگڵ)یش گەلێك لە فەلسەفەی هیندیو فێرگەکەی (شەنگارا)وە نزیکە. هەروەها زۆر لە نووسەرانو ئەدیبانی گەورەی جیهانیش بە ڕێزەوە تەماشای ئەم کەلەپوورەیان کردووەو سودیان لێوەرگرتووە.

فەلسەفەی هیندی دەورێکی گرنگی لە ژیانو بەرهەمەکانی تۆلستۆیو گویتەو ئالیوتی شاعیردا گێڕاوە. کەمیش لە سۆفییە موسڵمانەکان هەن کە ئەم فەلسەفەیە کاری تێنەکردبێتن.

## سەرچاوەکانی فەلسەفەی هیندی

بیروباوەڕەکانی ئەم فەلسەفەیە دەگەڕێنەوە سەر چوار سەرچاوەی گەورە کە نزیکەی دە هەزار ساڵ لەمەوبەر بە شیعر نووسراونەتەوە.

ئەمڕۆ کەس نازانێ کێ خاوەنی ئەو بەرهەمە شاکارا ئەدەبیو فەلسەفیەیە بەڵام بە بڕوای هیندییەکان قسەی خواوەندن کە لە ڕێگای ئیلهامەوە گەیشتۆتە فەیلەسوفەکان.

ئەم سەرچاوانە پێیان دەوترێ (ڤیدا) و چوار بەشن: (ڕەگ ڤیدا- یاجور ڤیدا- ساما ڤیدا- ئاسەرڤیدا) هەر یەكێك لەم ڤیدایانە زیاد لە هەزار بەیتی شیعری تێدایە كە باسی خواوەندو سروشتو مرۆڤ دەكەن. زانیارییەكانی ناو ڤیداكان بە زانیاریەكی هەمیشەیی ناسراون كە چاوو مێشكی مرۆڤە نامۆو ئالۆزەكان ڕووناك دەكەنەوەو ڕێگای ژیانی جاویدانییان پیشان دەدەن. لە پەرتوكی (گیتا)[3]دا وا باسكراوە كە ئەم زانیارییانە زۆر جار ڕاستەوخۆ دەگەنە سۆفیو فەیلەسوفەكان. خواوەند ڕووبەڕوو لەگەڵیاندا دادەنیشێو فێری زانستی (یۆگا) و خواناسییان دەكات. لەم پەرتوكەی هیندییەكاندا خواوەند خۆی پیشانی یەكێك لە سۆفییەكانی دەدات كە ناوی (ئەرجۆنا)یەو سستەمی یۆگای بۆ ڕوون دەكاتەوە، بەڵام خواوەند لە شێوەی مرۆڤێكدا دێتە لای ئەرجۆنا، كە ئەرجۆنا خواوەند دەناسێتەوە وەكو موسا داوای لێدەكات، شێوە ڕاستەقینەكەی خۆی پیشان دات، خواوەند لە وەڵامدا دەڵێ:

ئەی ئەرجۆنا بەم چاوە فیزیكییانەوە ناتوانی ئەو ڕوخسارەی من ببینیت ئەوا من دڵت ناشكێنم، دوو چاوی گیانەكیت دەدەمێو ئەگەر ناترسیت تەماشای ئەو ڕوخسارەم بكە. ئەرجۆنا هەر كە چاوی بە شێوە ڕاستەقینەكەی خواوەند دەكەوێت لە ترسو لە خۆشییاندا خۆی فڕێدەداتە بەرڤاچیو لە خوداوەند دەپاڕێتەوە كە لەمە زیاتر بەرگە ناگرێتو ناتوانێ تەماشای بكات[5].

لەبەر ئەم هۆیەشە، ڤیداكان بە بەرهەمێكی ئەدەبی ڕووت وەكو ئەلیادەو ئۆدیسەی هۆمر دانانرێنو زۆر لەگەڵ ئایینو بڕوا ئایینییەكاندا تێكەڵاو بوون.

زۆر لە فەیلەسوفە هیندییەكان بڕوایان وایە ژمارەی ڤیداكان پێنجەو (ئیتیاساس) دەخەنە ڕیزی ئەم چوار بەرتوكەوە[6]. بەڵام شەنكاراو

رامانوجاو مەهاڤا لەگەڵ ئەم ڕایەدا نین. ئەوەی ڕاستیش بێت (ئیتیاساس) زانیارییەکی نوێو مەسەلەیەکی فەلسەفی جیاواز باسناکات، بە ڕای من شکۆی ڤیداکانەو تەنیا بیروباوەڕی ڤیداکانمان بە شێوەی داستانو چیرۆك بۆ باس دەکات.

وشەی (ڤیدا) لە زمانی سەنسکریتی هیندیدا واتەی (زانین) دەدات، با ئەوەش بزانین ئەم جۆرە زانینە میتافیزیکییانەیەو بە ڕای هیندییەکان گۆڕانی بەسەردا نایەت. (ڕەگ ڤیدا) لە هەزارو هەڤدە بەیتی شیعری پێکهاتووەو لە دە بەرگدا تەفسیر کراوە. ئەم دە بەرگە باسی پەیوەندی نێوان خواوەندو مرۆڤو خۆبەختکردنو قوربانیدانی ئایینی دەکات. (یاجورڤیدا) باسی چۆنیەتی ئامادەکردنو گەیاندنی ئەم قوربانیانە بە خوا دەکات. ئەم قوربانیدانو خۆبەختکردنانە شەهیدبوونو چوونە (جیهاد) ناگرێتەوە، چونکە بیروباوەڕی ناو ڤیداکان زۆر دژی جەنگو یەکتری کوشتنن، جا ئەو کوشتنە کوشتنی مرۆڤێك بێت، یا مێشولەیەك، بە ڕای هیندییەکان لە هەموو زیندوەرێکدا وەیا هەموو شتێکی زیندوو (گیانی) تێدایەو نابێ ئازار بدرێت. لە بەندی سێهەمی (ئیشۆ- ئوپانیشادا) نوسراوە "ئەوانەی چرای ژیانی کەسانی ترو زیندەوەرەکان دەکوژێننەوە، جێگەیان لەسەر ئەستێرەی نەزانیو تاریکی بۆ ئامادەکراوە".

لەبەر ئەم هۆیە هیندییەکان گۆشت ناخۆنو حەیوان سەرنابڕن.

جۆری قوربانیدانو خۆبەخت کردنیان وازهێنانو دوورکەوتنەوە لە خۆشییەکانی جیهانی ماتریالییەو نوقم بوونیانە لە دەریای عەشقی خواوەند پەرستیو تەسەوف (یۆگا)دا.

بەشی دوانزەهەمی پەرتوکی (گیتا) زۆر بە قووڵی باسی ئەم ڕێگا دوورو درێژەی یۆگای کردووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە دوو جۆر مرۆڤی باوەڕەکەریان دەستنیشان کردووە. جۆری یەکەمیان ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە

بۆ لای پەروەردگارو خۆیان لەناو زاتیا نوقم بکەن، هەر وەکو چۆن ڕووبارەکان دەگەن بە دەریاکان‌و دەریاکانیش دەگەن بە ئۆکیانوس. جۆری دووەمیش چاوەڕێی پاداشت‌و ژیانی جاویدانی ناو بەهەشت دەکەن. خواوەند بۆ ئەم مرۆڤانە جێگایەکی تایبەتی تەرخان کردووەو هەموو بەزم‌و ڕابواردنێکی تێدایە.

ئایینی هیندوسی لە پێش ئایینە سامییەکانەوە باسی دۆزەخ‌و بەهەشتی کردووە.

هەروەها مانەوەی مرۆڤ لەم دوو جێگایەشدا مەرج نییە هەمیشەگی بێت‌و پەیوەندی بە دەفتەری کردەوەکانی مرۆڤەوە هەیەو خواوەند بریار دەدات کە چەند ساڵ مرۆڤ لەسەر ئەو دوو ئەستێرەیە بمێنێتەوە، دەشێ دوای تەواوکردنی ئەو ماوەیە جارێکی تر ئەو مرۆڤە وەیا ئەو گیانە جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر ئەم ئەستێرەیەو تووشی کلۆڵی‌و نەگبەتی ژیانی پڕ کوێرەوەری‌و ناخۆشی بێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە دەبینین کە جەوهەری فەلسەفەی هیندی ڕێگا دۆزینەوەیە بۆ دەربازبوون‌و ڕزگار بوون لەم کلۆڵی‌و کوێرەوەرییەی سەر ئەم ئەستێرەیە.

(ئاسەرڤیدا) بریتییە لە دوعاو وەعز بۆ چاکردنەوەی نەخۆشییەکانی لەش‌و دەروون.

بە شێوەیەکی گشتی، ناوەڕۆکی ڤیداکان لە چوارچێوەی خواوەندپەرستی‌و تەقەلاکردنی مرۆڤ بۆ گەڕانەوە نیشتمان‌و بارەگای یەکەمی ناچێتە دەرەوە، ئەم پەرتوکانە ڕەنگ‌و بۆنی ئایینی‌و میتافیزیکی ڕووتیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە.

**ئوپانیشاد**

ئەو کاتەی شاگردەکان بە شەوقێکی زۆرو سەرێکی گێژو پڕ لە پرسیارەوە لە چواردەوری مامۆستایەکی یۆگیدا کۆدەبوونەوە بە ترسەوە دەستیان بۆ سەکۆ بەرزەکەی مامۆستا درێژ دەکردو بە ئاستەم لێواری کراسە زەردەکەیان ماچ دەکردو پاشەوپاش دەگەڕانە دواوەو لە نزیکەوە دادەنیشتن. مامۆستاش کە چەندان ساڵ لەژێر دەستی مامۆستایەکی تردا ڤیداکانی خوێندووە بووە بە یۆگی زانیارییە فەلسەفیو میتافیزیکییەکانی دەدا بە شاگردەکانو مێشکیانی پڕ دەکردو فێری ژیانی تەسەوفی دەکردن. لەم حاڵەتەدا بە ڕێگایەکی کلاسیکی هەموو دەقە فەلسەفییەکانی ناو ڤیداکان کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەڵبژێردرابوون لە نەوەیەکەوە دەگەیشت بە نەوەیەکی ترو تاکو ئەمڕۆ وەکو خۆیان ماونەتەوە. ئەم دەقە فەلسەفییانە لە (108) پەرتوکدا نووسراونەتەوەو ئەمڕۆ بە (ئوپانیشادەکان) ناسراون. وشەی ئوپانیشاد لە بنەڕەتدا واتە (لە نزیکەوە)، ئەم زاراوەیەش لەوەوە پەیدابووە کە شاگردەکان لە نزیکەوە گوێ لە مامۆستاکەیان دەگرنو ڤیداکان فێردەبن.

ئۆپانیشادەکان لە بنەڕەتدا بۆچوونە فەلسەفییەکانی ناوڤیداکانو بە جەوهەرو کاکڵەی ڤیداکان دەژمێردرێن.

جۆری سێهەمی پەرتوکی هیندییەکان کە بە هەمان شێوە لەناو ڤیداکانەوە دەرهێنراون پەیوەندییان هەیە بە باری ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕامیاریو ئابووری هیندییەکانو پێیان ئەوترێ (ڤیدەنتا- سوترا- Vedanta- Sutra) یاساکانی دەوڵەتو خێزانو بازرگانیەت لەناو ڤیدەنتا سوترادا باسکراون.

## خواوەند لەناو بیروباوەڕی ڤیداکاندا

ئەگەر تەماشای فەلسەفەی هیندی بە گشتی بکەین. سێ هەڵوێستی جیاوازو بۆچوونی تایبەتی بەرامبەر مەسەلەی بوونو مانای خواوەند ڕوون کراوەتەوە.

ڤیداکانیش لەم سێ بۆچوونە بەولاوە ڕێگایەکی تریان نەدۆزیوەتەوەو بە هەمان شێوە بوونی خواوەندو پەیوەندی سروشتو زیندەوەرەکانو خواوەند دەکەنەوە. ئەگەر خوێنەر هەموو ئوپانیشادەکانی دەستکەوێتو بە قووڵی بیانخوێنێتەوە ئەم سێ بۆچوونانە بە ئاسانی دەستنیشان دەکات. لە بۆچوونی یەکەمدا خواوەند بە (براهمەن- Brahman) باسکراوە، لە سستەمی یۆگیشدا خواوەند (پارامائەتما- Paramatma)یەو لەناو گیتادا خواوەند (بە گوان- Bhagvan)ە.

براهمەن خاوەنی هیچ فۆرمو سفاتێك نییە. تەنیا هۆشێکی ڕەوانە، وەیا ڕاستەقینەیەکی ڕووتەو ناخرێتە ژێر پێوانەی لۆجیکەوەو هیچ کاتگۆڕییەکیش ناگرێتە خۆی. لە لایەکی ترەوە سپینوزاو هیگل لەگەڵ جیهاندا یەکیان گرتووەو خۆی جیهانەو پەرشو بڵاوبۆتەوەو ژیانی بە هەموو زیندەوەرو گیانداران بەخشیوە. ڕاداکریشنا کە فەیلەسوفێکی هیندی سەردەمە دەڵێم براهمەن ناخرێتە ژێر ڕۆشنایی هۆشی مرۆڤەوەو هیچ زمانێکی فەلسەفیو ئەدەبیش ناتوانێ باسی بکات، چونکە بێ ڕوخسارەو سفاتەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتووە.

پارامائەتما، لە دوو وشە پێکهاتووە، (پاراما) واتە (مەزن وەیا گەورە)، (ئەتما) واتە گیان. ئەگەر ئەم دوو وشەیە لە یەك بدەین لە زمانی کوردیدا بە واتای (گیانی مەزن) دێت کە مەبەست لە گیانی خواوەند- The Supreme Soul). پاراما ئەتما لە سستەمی یۆگادا سەرچاوەی هەموو

بابەتێکی ماتریالیو گیانەکییە. گیانی هەموو زیندەوەرەکان ئەتۆمی بچکۆلەن وەکو (موناد) کە لەم گیانە مەزنەوە دەرچوونو جیابوونەتەوەو لە دڵی هەموو گیانلەبەرێکدا جێنشین بوون. لەم بۆچوونەوە، یۆگییەکان دڵی مرۆڤ بە سەرچاوەی بڕواو سۆزو عەشق دادەنێنو لە کاتی خەڵوەتیشدا پەنا دەبەنە بەر ئەم لایەنەو دەیانەوێ، ئەو ڕووناکییە بدۆزنەوەو لەوێوە بگەنە پاراماتما. گیانی زیندەوەرەکانی تریش ئەتۆمی گیانەکین کە بە هەمان ڕێگا لە گیانی خواوەندەوە دەرچوون، لەبەر ئەم هۆیەشە هیندییەکان وەیا باشتر وایە بڵێین یۆگییەکان بە یەك چاو لە ڕوانگەیەکی ئەنتۆلۆجیانەوە تەماشای پادشاو پشیلەیەكو کرمێك دەکەن هەموویان بە بەشی بچکۆلە لە گیانی خوداوەند دادەنێن.

"ئەوەی هەموو زیندەوەرەکان بە بەشێك لە زاتی من دادەنێو منیش لەناو هەموو شتێکا دەبینێ، هەرگیز ڕقی لە هیچ شتێك نابێتەوە"[(8)].

جیاوازی نێوان براهمەنو پاراماتما لەوەدایە کە براهمەن لە گەردوون جیانابێتەوەو خۆی گەردوونە، بەڵام پاراماتما کە دیسانەوە سەرچاوەی گەردوونو زیندەوەرەکانە لەناو جیهاندا ناژیو لەودیو جیهانی ماتریالییەوە فەرمانڕەوایی دەکات. جیهانیش بە هەردوو بابەتەکانیەوە (گیانەکیو ماتریالی) لەم گیانە مەزنە دەردەچەن، هەروەکو چۆن تیشکی خۆر لە ڕۆژەوە دێتە دەرێ. پاراماتماو سستەمی یۆگای هیندییەکان کارێکی زۆریشی کردۆتە سەر ڕاڕەوە فەلسەفیەکەی ئەفلوتینو (اخوان الصفا) و فارابیو ابن سینا، بیردۆزەی (الفیض) کە لەلای ئەم فەیلەسوفانەو زۆر لە سۆفییە موسوڵمانەکانیش باسکراوە بیروباوەڕێکی هیندییەو جەوهەری سستەمی یۆگاشە.

بۆچوونى سێهەم لە فەلسەفەى هيندیدا كە لە هەموويان زياتر لەم سەردەمەدا بووە بە خاڵى لێكۆڵينەوەو سەرنجى زۆر لە ڕۆشنبيرانى ڕۆژهەڵاتيشى ڕاكێشاوە لە پەرتوكى (گيتا)دا بە وردى باسكراوە.

ئەم بۆچوونە كە خواوەندمان بە (بەگوان) پێدەناسێنێ بە هەمان شێوە وەكو بۆچوونى دووەم خوداوەندو گەردوونى لە يەكتر جياكردۆتەوەو هەموو سفاتە ڕەهاكانيشى داوە بە خواوەند، هەروەها بە بيروباوەڕى (گيتا) و (ئيشو- ئوپانيشا)يش خواوەندو مرۆڤ لە چۆنيەتى ئەم سفاتانەدا يەكن‌و جياوازييان نييە، تەنيا زيادى‌و كەمى مقدارى سفاتەكان، خوداوەندو مرۆڤ لە يەكتر جيادەكاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر گيانى مرۆڤ‌و زيندەوەرەكانى تر ئەتۆمى بچكۆلە بن لە گيانى خوداوەندا دەبێت لە هەموو سفاتەكاندا لە يەكترى بچن، بەڵام لەبەر ئەوەى گيانى زيندەوەرەكان زۆر بچكۆلەن بەشێكى كەميان لەو سفاتانە لەگەڵ خۆياندا هەڵگرتووە. بۆ نموونە دڵۆپێك ئاوى دەريا هەمان تام‌و ڕەنگ‌و توخمى كيمياوى دەرياى هەيە، دڵۆپەكە سوێرەو دەرياش سوێرە.. هتد بەڵام خوێى ناو زەرياكە گەلێك لە خوێى ناو دڵۆپەكە زۆرترە.

مرۆڤيش وەكو خوداوەند زانيارى هەيە، بەڵام ئەندازەى زانيارى خوداوەند ڕەهايە، خواوەند وەكو ئێمە دەبينێ بەڵام تواناى بينينى خواوەند لە تواناى ئێمە زياترە.

لە هەمان كاتدا (بەگوان) وەكو مرۆڤ خاوەنى كەسايەتييەو (شەخسە)ە، بەڵام كەسايەتييەكەى مەزنەو ڕەهايە، لەشيشى هەيە، بەڵام وەكو لەشى مرۆڤ لە خوێن‌و گۆشت پێكنەهاتووەو گيانەكييە.

جيهانيش بە هەردوو بابەتەكانيەوە (گيانەكى‌و ماتريالى) دوو جۆر وزەن لە گيانى بەگوانەوە وەكو تيشكى خۆر دەردەچن. بەگوانيش لەودیو هەموو بابەتەكانەو تێكەڵيان نەبووەو سەرپەرشتى هەمووشيان دەكات.

"ئەم زاتە گەورەیە سەرچاوەی هەموو هەستەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی خاوەنی هەستکردن نییە هەموو فۆرمە ماتریالییەکان لەمەوە پەیدابوون، خۆشی لە سەروو هەموویانەوەیە"[9].

"ئەم ڕاستەقینە هەمیشەییە لە هەموو بابەتێکەوە دوورەو لە هەمووشیانەوە نزیکە. لەناو هەموو شتێکدایەو لە هەمووشیانەوە جیاوازە"[10].

"من ڕووناکیم لە دڵی هەموو زیندەوەرێکدا، من سەرەتاو کۆتایی هەمووشیانم"[11].

"من سەرەتاو کۆتایی هەموو شتێکم، بۆ خاوەن لۆجیکەکانیش ئەو ڕاستەقینەیەم کە هەمیشە ناشاردرێتەوە"[12].

جگە لەم سێ بۆچوونە، بۆچوونێکی تر لە فەلسەفەی هیندیدا نییە، با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە خوداوەند لەلای هیندییەکان بە پێی زانیاری ناو ڤیداکان یەك خواوەندە زۆر ناوو شێوەی هەیەو بەم سێ جۆرە باسکراوە بۆ نموونە (کریشنا- ڤیشنو- ڕام براهمن- بەگومان- پارامائەتما.. هتد) ناون بۆ یەك پەروەردگار، تەنیا جۆری پەیوەندیو سفاتەکانی دەگۆڕێت. ئەگەر یەکێك شارەزایی لە زمانی هیندی نەبێتو ئەم فەلسەفەیەش بە باشی دەراسە نەکات تۆمەی پۆلیێزم ئەخاتە پاڵ هیندییەکانو وا تێدەگات کە بڕوایان بە چەند خوداوەندێك هەبێت. ئەمرۆ زۆر لە کۆمەڵەو گروپی هیندییەکانیش بە باشی لە ڤیداکان نەگەیشتوونو فریشتەکانیش وەکو شیڤا- ئەندێراو- گەنی شاو.. هتد) بە خواوەند دادەنێن. لە وڵاتی خۆشفان بە مانگاپەرستو ڕووبار پەرستو مارپەرست ناسراون. لە ڕاستیدا هیندییەکان مانگاپەرست نین، بەڵکو مانگا حەیوانێکی پیرۆزە لە لایانو بووەو بە (تابو) بە ڕای منیش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ باری ژیانی ئابووری کۆمەڵگلیەکی کشتوکاڵی وەکو هیند. مانگایەك سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ

ژیانو گوزەرانی خێزانی جوتیارێکی هیند. تەنانەت لە لادێکانی کوردستانیشدا مردنی مانگایەك زۆر جار لە مردنی منداڵی جوتیارێك سەخت ترە بە هەمان شێوەش ڕووباری (کەنگا) سامانێکی ئاوی گەورەیە بۆ خەڵکیو زۆر لە کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە پشت بەم ڕووبارە پانو درێژە دەبەستێت. هیندییەکان زۆر باش ئاگادارن، کە مانگا خواوەند نییە، بەڵام بە پێی پەڕتووکە ئاینییەکانیان ئەم حەیوانە بەکەڵکە پاداشتی خواوەندەو دراوە بە مرۆڤو پێویستە ڕێزی لێبگرێت.

لە پەرتوکی (گیتا)دا وا باسکراوە کە دوو جۆر وزە لە خوداوەندەوە یا لە کریشناوە دەردەچن، دەرچوونی ئەم وزانە تۆزێك لە بوونی کریشتا کەم ناکەنەوە. وزەی گیانەکی لە گیانی مرۆڤو زیندەوەرەکانو هەموو ئەو بابەتانەی ژیانیان تێدایە پێکهاتووە ئەم جۆرە وزەیە پێی ئەوترێ (جیڤێ) واتە ژیان. گیانی مرۆڤو زیندەوەرەکان بچووکنو لە شێوەی ئەتۆمدان. وەکو باسیشمان کرد ئەم ئەتۆمە گیانەکییانە لە سفاتەکانیاندا وەکو گیانی خوداوەندو تەنیا لە زۆریو کەمی ئەندازەی سفاتەکاندا جیاوازییان هەیە. ئەم ئەتۆمە گیانەکییانە کەوتوونەتە ناو جیهانی ماتریالییەوەو لەگەڵیدا هەڵسوکەوت دەکەن، جوانیو ڕابواردنو خۆشی جیهانی ماتریالی زۆرجار سەرنجی ئەم ئەتۆمانە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێو تووشی داوی عەشقی جیهانپەرستییان دەکاتو دەیانخاتە ناو ژیانێکی هیندۆسییەوە، کە بە ڕای هیندییەکان ژیانێکی پڕ (وەهم) و نامۆییە.

بە ڕای من ئەم مەسەلەیە بەرەو ئالۆزیمان دەباتو زۆر پرسیاریش لە بەردەمماندا دادەنێت بۆچی خوداوەند ئەم ئەتۆمە گیانەکیانە لە خۆی دەپچڕێو فڕێیان دەداتە ناو جیهانی ماتریالییەوە؟ لە هەمان کاتیشدا بۆچی سزای هەڵەکانیان دەداو دۆزەخیان بۆ ئامادە دەکات؟ ئەگەر ئەم ئەتۆمانە پارچەی بچوك بن لە گیانی خوداوەند.. بۆچی دەیەوێت ئەم

پارچانەی خۆی بە ئاگری دۆزەخ بسوتێنێو ئازار بە خۆی بگەیەنێ؟ ئەگەر سەرپەرشتی هەموو شتێك بکاتو لەناو هەموو زیندەوەرێکدا بێت ئایا خۆی لێپرسراو نییە بەرامبەر هەڵوێستی باشیو چەوتی ئەم ئەتۆمانە؟ ئەوەی ڕاستی بێت فەلسەفەی هیندی لە ئاستی ئەم پرسیارانەدا دەستی کورتەو هیچ وەڵامێکمان ناداتێ.

لە لایەکی تریشەوە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر جیهانی ماتریالی بەشێکی تر بێت لە وزەی خوداوەند لەوەوە دەرچووبێت، چۆن دەبێت بە سەرچاوەی خراپەو گوناهـ و (وەهم)؟ بە ڕای زۆر فەیلەسوفی هیندی لەبەر ئەوەی جیهانی ماتریالی بەشێکە لە خوداوەند نابێت بە سەرچاوەی وەهمو خراپەکاری، بەڵام خراپەکاری لە ئەنجامی هەڵوێستی نالەباری ئەم ئەتۆمە گیانەکییانەوە پەیدادەبن چونکە نازانن چۆن بابەتە ماتریالییەکان بەکاربهێنن‌و سودیان لێوەربگرن. هەموو دەزانین مرۆڤ بەبێ خۆراك ناژی، بەڵام زۆرخواردن زیانێکی زۆر بە تەندروستی دەگەیەنێ.

بەم جۆرە خراپەو ئاژاوە کۆمەڵایەتییکان بە ڕای ئەم فەیلەسوفانە لەو ڕۆژەوە پەیدابوون کە مرۆڤ دەستی تەماعی بۆ جیهان درێژکردو زەویە باشەکەی بۆ خۆی داگیرکردو زەوییە ڕەقو بەردەڵانییەکەشی دا بە کەسانی تر. ئەگەر مرۆڤ بە ماقوڵانە جیهانی ماتریالی بەکاربهێنایە ئاژاوەو خراپە نەدەهاتە کایەوە. ئەم ڕوون کردنەوەیە لەلای هیندییەکان زۆر نزیکە لە بۆچوونە ئابوورییەکەی مارکسەوە، بەڵام بڕوایان بە سۆشیالیزم نییەو دیوارێکی ئەستووریان لە نێوان چینەکاندا بەرز کردۆتەوە. گیانە ئەتۆمییەکان هەرچەندە لەناو لەشدان‌و پەیوەندییان بە جیهانی ماتریالییەوە هەیە، گۆڕانەکانی لەش‌و ئەو جیهانە کاریان تێناکات لەو کاتەدا کە مرۆڤ دەمرێ، گیان لەو لاشەیە جیادەبێتەوەو ئەچێتە ناو لاشەکی ترەوەو سەرلەنوێ ژیانی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەستپێدەکاتەوە،

ئەم لاشە گۆڕینە بە زمانی سانسکریتی پێی ئەوترێ (سەمسارا- Samsara)، (تناسخ الارواح) و یەکێکە لە بنچینەکانی بیروباوەڕی هیندییەکان. بە پێی ئەم یاسایە، مەرج نییە گیانی مرۆڤ لە کاتی لاشە گۆڕیندا بگەڕێتەوە لاشەی مرۆڤێکی تر بەڵکو کردەوەکانی ژیانی ڕابوردووی بڕیار لەسەر ئەم فۆرمە نوێیە دەدا، گریمان مرۆڤ لە ژیانیا زاڵمو بێبەزەییە، لە کاتی مردنیدا گیانی دەچێتە لاشەی گورگێکەوە مرۆڤە ساکارو بێگوناهەکانیش لە شێوەی مرۆڤدا دەگەڕێنەوە بۆ ناو جیهانی ماتریاڵی. پیاوچاکەکانیش بەرەو ئەستێرەی ڕووناکیو بەختەوەری دەکەونەڕێ، ئەوانەی کە زۆر گوناهیان کردووەو لاشەگۆڕینیش ئەم گوناهانەیان ناشواتەوە لەناو دۆزەخدا دەمێننەوە.

سۆفیو عاشقەکانی کریشناش لەگەڵ کریشنادا تێکەڵ دەبنو هەتاهەتایە دەژین.

ژمارەی ئەم بازنەی لەدایکبوونو لاشەگۆڕینانە بە پێی ژمارەی زیندەوەرەکان لە ڤیداکاندا دانراوە هەشت ملیۆنو چوار سەد هەزارە. بەڵام مەرج نییە گیانێك ئەم هەموو لاشەگۆڕینانەی بەسەردا بێت هەروەکو لە گیتادا نووسراوە(11) ئەو گیانانەی لە نامۆیی ڕزگاربوونو خۆیان دەناسن، یاسای سەمسارایان بەسەردا ساغ ناکرێتەوە(13).

مەبەست لە نامۆیی، نزیکبوونەوەو خۆبەستنەوەی گیانە ئەتۆمییەکانە بە ڕابواردنو خۆشی بە ماتریالییەکانەوە.

لەم نامۆییەدا بە ڕای هیندییەکان مرۆڤ وا هەست دەکات کە خۆی بە تەنیا بوونێکی ڕاستەقینەی هەیەو هیچ هێزێك داگیرناکاتو لە دوای ئەم جیهانەش هیچ جیهانێکی تر نییە. جا سستەمی یۆگا بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوەو مرۆڤ لەم نامۆییە ڕزگار دەکاتو سەرەتای گەشتە

گیانەکییەکەی بەرەو نیشتیمانی ڕەسەنی ئەتۆمە گیانەکیەکان دەستپێدەکات.

لەم حاڵەتەدا مرۆڤ لەگەڵ هەموو لەش گۆڕانێکیا هەنگاوێك لە کریشنا نزیك دەبێتەوەو هەنگاوێکیش لە سەمسارا دووردەکەوێتەوە. ئەم گۆڕانانەش وەکو باسم کرد کارناکەنە سەر ئەتۆمییەکانو نایانگۆڕن، چونکە گیان هەمیشە وەکو خۆی دەمێنێتەوە[11]، هیچ هێزێك گیان ناشکێنێ هیچ ئاگرێك نایسوتێنێ، هیچ ئاوێك نوقمی ناکات، هیچ بایەکیش لەگەڵ خۆیدا هەڵیناگرێت.

ئەم یاسای سەمسارایەو بیروباوەڕی لاشەگۆڕینە لە خۆیدا کەمێك ئاڵۆزەو سەرنجمان بەلای زۆر خاڵی تردا ڕادەکێشێ. لە شاری بۆمبای لە کۆڕێکی (بەکتی پادا) فەیلەسوفێکی هیندیو ڕابەری بزوتنەوەی هاریَ کریشنایە ئامادەبووموو لە کۆتایی کۆڕەکەدا ئەو پرسیارەم کرد کە ئایا بۆچی هیندییەکان گۆشت ناخۆن وەیا حەیوان ناکوژن لە کاتێکا بڕوایان بە مردنو تێکشکاندنی (گیان) نییە؟ لە لایەکی ترەوە حەیوان کوشتن دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی ئەو گیانە لەناو ئەو لاشەیەداو قۆناغێك زووتر بەرەو تەواوکردنی زنجیرەی لەدایکبوونو لاشەگۆڕین دەبڕیَ. ئەگەر گۆشتی ئەو زیندەوەرەش بخۆین گیانەکەی ناخۆینو ناکەوێتە ژێر کەڵبەدانمان.

ئەم پرسیارەی من زیاتر فۆرمێکی میتافیزیکیانەی هەیەو پەیوەندی بە خاسیەتو چۆنیەتی گیانە ئەتۆمییەکانو ناکۆکییەکانی ناو بیروباوەڕی فەلسەفەی هیندییەوە هەیە، بەڵام وەڵامەکەی بەکتی پادا شێوەیەکی جیاوازی وەرگرتو لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتیو زیاتر قانوونیەوە ویستی ڕازیم بکات. بە ڕای بەکتی پادا، هەروەکو چۆن ناتوانین هەڵمەت بەرینە سەر خەڵکیو خانوەکانیان بەسەردا بڕوخێنین چونکە کارێکی نارەوشتانەیەو یساو دادگا تاوانبارمان دەکات، بە هەمان شێوەش لاشەی زیندەوەرەکانی

موڵکی ئەو گیانە ئەتۆمییانەو بۆ ئێمە نەهاتووە بیانبڕوخێنین‌و ماڵوێرانیان بکەین.

ئەم بیروباوەڕە لەلای گروپی جانییەکان ئەوەندە بەهێزە تەنانەت کە هەناسە ئەدەن پەڕۆیەکی تەنك بە دەم‌و لوتیانەوە دەبەستن تاکو ئەو زیندەوەرە بچکۆلانەی لەناو هەوادا دەژین‌و بەچاو نابینرێن نەچنە ناو هەناسەیانەوەو نەکوژرێن.

خۆ ئەگەر سۆفییەکی ئەو فێرگەیە سێ ڕۆژ لە ژێر دارسێوێکا دانیشێ‌و چاوەڕێی سێوێك بکات تا لە دارەکە بکەوێتە خوارەوەو بیخوات، بەلاتەوە سەیر نەبێت بڕوای وایە کە ئەو میوەیە موڵکی ئەو دارەیەو ویژدانی ڕێگەی نادات بیڕنێتەوە.

پرسیارێکی تر کە لێرەدا لەبەردەمماندا قوت دەبێتەوەو ئەوەیە کە بۆچی ژیانی ڕابردوومان نایەتەوە یاد؟ لە بەشی چوارەمی (گیتا) بەندی پێنجەم نووسراوە: کریشنا بە ئەرجوّنا دەڵێ: "ئەی ئەرجوّنا تۆ زۆر جار لە دایك بوویت‌و لاشەت گۆڕیوە، بەڵام هیچت نایەتەوە یاد من هەموویانم لە یادە". مەبەستی کریشنا (خوداوەند) لەم بەندەدا ئەوەیە کە کارەساتی لەدایکبوون لە بنەڕەتدا کارەساتێکی ناخۆش‌و جەرگبڕەو گیانە ئەتۆمییەکەی پیادا دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژیانی پڕ لە کوێرەوەری‌و کلۆڵی‌و هەژاری‌و نەخۆشی.

ئەم کلۆڵی‌و ناخۆشییانەی ژیان هەموو یادگارو تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕابردوومان لەبیر دەباتەوەو وا دەزانین بۆ یەکەم جار لەدایك دەبین. هۆی دووەمیش دەگەڕێتەوە بۆ بچووکی‌و بێتوانایی گیانە ئەتۆمییەکان، بەڵام گیانی کریشنا لەبەرئەوەی ڕەهایە هەموو زانیارییەکی ڕابردوو ئەمڕۆو داهاتووی هەیە. هەروەها لە هەمان پەرتوکدا باسکراوە، کە تەنیا سۆفییە

سەرگەرمەکان، یا عاشقەکانی کریشنا دەتوانن ژیانی ڕابردوویان بهێننەوە یاد.

هۆی سێهەمیش پەیوەندی بە باری سایکۆلۆجی مرۆڤەوە هەیە. با بڵێین یەکێك لە ژیانی ڕابردوویدا ئەسکەندەری مەکدونی بووەو ئێستاش بووە بە سواڵکەرێکی ڕووتو برسی سەرشەقامە گەرمەکانی (بۆمبای) و ڕۆژی نانێکی دەست ناکەوێتو بە تەواوی ژیانی ڕابردووی خۆی دێتەوە یادو ئەگەر سەر لە مۆزەخانەش بدات پەیکەرە گەورەکەی خۆی دەبینێتو خەڵکی بە سەربەرزییەوە باسی مێژووی جەنگەکانی دەکەن، بەڵام ئێستا لەم فۆرمە تازەیەدا وەکو سواڵکەر ڕێگای نادەن بە شەو لەژێر چیغی دوکانێکیشا، بخەوێت.

ئایا ئەم مرۆڤە نەگبەتە وەیا ئەسکەندەری مەکدۆنی لە چی بارودۆخێکی دەروونیدا دەژی؟ لەوانەیە لە یەکەم ڕۆژەوە بخرێتە یەکێك لە شێتخانەکانەوەو بە زنجیریش قاچو دەستی ببەستنەوە تا ڕانەکات.

جگە لەم سێ هۆیە، هیندییەکان هۆیەکی تریان بۆ لەبیرچوونەوەی ژیانی ڕابردووی ئەتۆمەکان نەداوە بە دەستەوە. هەرچەندە هۆیەکی زانستیانە نینو ئێمەش ڕازی ناکەن.

حەزدەکەم وەکو خۆی بە کاڵو کرچی بۆ خوێنەری بەجێبهێڵم.

## فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

کێشەو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆنەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. بۆ نموونە هیندییەکان وەکو یۆنانییەکان زۆر لایەنی ئەم کێشانەیان ڕوون کردۆتەوە. بەڵام ئەم ڕوون کردنەوانە میتافیزیکیانەنو لەبەر تیشکی زانستدا تەماشا نەکراون.

حەزدەکەم پێش ئەوەی باسی ئەم لایەنەی فەلسەفەی هیندی بکەم پەیوەندی نێوان ئەفلاتونو ئوپانیشادەکان ڕوون بکەمەوە تاکو خوێنەر زیاتر تێگەیشتنێکی فراوانو فەلسەفییانەی دەستکەوێت.

ئەفلاتون لە (تیماوس)دا دەروونی مرۆڤی کردووە بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم کە دەکەوێتە ناو سەرەوە (هۆش) خاوەنو سەرچاوەی زانیاری شێوە بەرزەکانەو لە هەموویان پیرۆزترە.

ئەوانەی بەشێکی زۆری هۆشیان بەرکەوتووەو خاوەنی ئەم زانیاریانەن فەیلەسوفەکانن و لە کۆمارەکەیدا فەرمانڕەوایی دەکەن.

بەشی دووەم (دەروون) دەکەوێتە سنگەوەو سەرچاوەی ئازایەتیو مەردایەتییە، سەربازەکانو جەنگاوەرەکان خاوەنی ئەم بەشەن. بەشی سێیەم (غەریزە) دەکەوێتە سکەوە، بووە بە سەرچاوەی کارە غەریزەییەکان وەکو زاووزێکردنو گەشەکردنو کارەکانی تر. لەم بۆچوونە میتاربایلۆجییەوە ئەفلاتون لەناو (کۆمارەکەیدا)، کۆمەڵی کردووە بە سێ بەشەوە (فەرمانبەران)، (سەربازەکان) هەروەها (کارکەرانو جوتیارانو بازرگانان) کە سەرچاوەی بەرهەمهێنانو بازرگانین جا لێرەدا باسی ئەم بیردۆزە ڕامیارییەی ئەفلاتون ناکەم چونکە باسێکی دوورو درێژەو ڕوونکردنەوەی زیاتری پێویستە مەبەستم تەنیا دەستنیشانکردنی نزیکی فەلسەفەکەی ئەفلاتونە لە فەلسەفەی هیندییەوە، ئەفلاتونیش وەکو هیندییەکان باری کۆمەڵایەتیو ڕامیاریو کێشە سیاسییەکانی لەسەر بنچینەیەکی میتافیزیکی لێکداوەتەوە.

بە ڕای ڤیداکان هەروەکو چۆن لەشی مرۆڤ لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە (سەر، سنگ، سك، قاچ) کۆمەڵێش بەسەر چوار چیندا دابەش بووە. بەرزترین چینی کۆمەڵ چینی (براهمەن- Brahman)، جێگەو گرنگی ئەم چینە لە کۆمەڵدا وەکو جێگەی سەر وایە لە لەشدا، ئەم چینە خاوەنی

زانیاری ناو ڤیداکانن‌و لەبەر ئەم هۆیەش کارناکەن تەنیا نانخۆرن‌و بیروباوەڕی ڤیداکان بە خەڵکی ڕادەگەیەنن‌و خەڵکی دەخەنە سەر ڕێگای خوداوەند پەرستی. ئەم چینە هەرگیز تێکەڵی چینەکانی تر نابن، ژن لە چینەکانی تر ناهێنن‌و کەسیش لە چینەکاتی تر ناتوانێ ژنیان لێبهێنێ، تەنانەت کەس ناتوانێ لە قاپێکا نانیان لەگەڵدا بخوات وەیا لە خانوویەکدا لەگەڵیانا بژین بە هەموو جۆرێك لە چینەکانی تر دابڕاون، فەرمانڕەواکانیش وەیا پادشاکان بەبێ ئامۆژگاری براهمەنییەکان بڕیار لەسەر هیچ کارێك نادەن.

با ئەوەش بزانین کە هەموو فەیلەسوفە هیندییەکان بڕوایان بە هەڵوێستی‌و خاسیەتی چینە نیە. بودا بە هیچ شێوەیەك جێگەی برهمەنییەکانی لە سستەمە کۆمەڵایەتییەکەیدا نەکردۆتەوە، بزوتنەوەی (هارێ کریشنا) کە پەیڕەوی پەرتوکی (گیتا) دەکات کۆمەڵی بەم شێوەیە نەخستۆتە ناو بلۆکی کۆنکرێتییەوەو گۆڕانەکانی کۆمەڵی نەخنکاندووە، لەلای ئەم بزوتنەوەیە هەموو براهمەنێك مەزن‌و پیرۆز نییەو کەسانی چینەکانی تریش دەتوانن لە ڕێگای سستەمی یۆگاوە ببن بە براهمەن هەڵوێستی بزوتنەوەی (هارێ کریشنا) لە دوای ئایینەکەی بودا گۆڕان‌و بۆچوونێکی تازەی هێناوەتە ناو فەلسەفەی هیندییەوە، لە هەمان کاتیشدا هەڵوەشاندنەوەو ڕەفزکردنی بیرۆدزە –میتا- بایلۆجییەکەیە کە لە ڤیداکاندا باسکراوەو چینەکانی کۆمەڵی لەسەر دابەش کراوە. بەڵام هێشتا ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانیوە بناغەی میتافیزیك هەڵوەشێنێتەوەو بە زانستیانە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکات، چونکە وەکو بزوتنەوەیەکی ئایدیالیستیانە لەو بناغەیە جیانابێتەوە.

لە هەمان کاتیشدا ژیانی براهمەنییەکان ژیانێکی سادەو کۆچەریە، ئەوانەی کە پەیڕەوی سستەمی یۆگا دەکەن ماڵ‌و سامان‌و ژن‌و منداڵیان

جێدەهێڵن‌و دوای زمانی عەشق‌و ئاگری دڵیان دەکەون‌و بە گۆچانێك‌و جلێکی زەردەوە شارەوشار دەسوڕێنەوە، ئەوانەی لەم گەشتە سۆفیگەریەدا سەرکەوتوون‌و بە تەواوی خۆیان لە جیهانی ماتریالی‌و خۆشییەکانی دوور دەخەنەوەو چاوی دڵیان دەکرێتەوەو دەتوانن خواببینن بۆیان هەیە ئەم ئەستێرەیە جێبهێڵن‌و بگەڕێنەوە ناو ئەتۆمە مەزنەکە. ئەم یۆگییانە زۆر جار لەبەرچاوی خەڵکی لە یەکێك لە پەرستگاکاندا گیانی خۆیان لە لەشیان جیادەکەنەوە. ئەم ڕووداوە لەگەڵ ئاهەنگێکی بچکۆلانەدا ڕێکدەخرێ‌و یۆگییەکە لەسەر سەکۆیەکی بەرز بەرامبەر خەڵکی لە شێوەی یۆگادا دادەنیشێ، چاوەکانی بە ئەسپایی دەنوقێنێ‌و بۆ دواجار هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشی. بەڵام ئەم چاونوقاندن‌و هەناسە هەڵکێشانەی بۆ دواجارەو پاش چەند دەقیقەیەك دەمرێ وەیا وەکو خۆیان دەڵێن گیانی ئەو لاشەیە جێدەهێڵێ‌و دەگەڕێتەوە لای کریشنا.

دوای ئەم ڕووداوە خەڵکی بەڕێزەوە گۆرانی بۆ گیانی دەڵێن‌و لاشەکەی دەسوتێنن:

"با ئەم لاشەیەم ببێت بە خۆڵەمێش

ڕەشەباش تۆزی بەرێ بە ئاسماندا

ئەی کریشنا.. ژیانم بۆ تۆیە..

تۆ تەنیا ڕاستەقینەیەکی لە پێناویدا دەژیم..

پەلم بگرەو بەرزم بکەرەوە..

"بەم گیانە پاکەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە لات"[15].

"بەم گیانە پاکەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە لات"[15].

براهمەنییەکان بە پێچەوانەی فەیلەسووفەکانەوە لە کۆمارەکەی ئەفلاتوندا فەرمانڕەوایی ناکەن‌و دەستەڵاتی ڕامیاریشیان نەدراوەتێ تەنیا مامۆستاو ڕێبەری ئایینین.

دووەم چینی کۆمەڵ لە دوای براهمەنییەکان فەرمانبەرەکانی دەوڵەتن‌و پلەیەك لە خوار چینی براهمەنن، ئەم چینە جڵەوو دەستەڵاتی دەوڵەتیان گرتۆتە دەستو پێیان ئەوترێ شاتریاس، چینی سێیەم ڤیشیاس (VaisYas) خاوەن زەوییەکان‌و بازرگانەکانن، هەروەها ئەو جوتیارانەش دەگرێتەوە کە چەند سەر مەڕو ماڵاتیان هەیەو زەوییەکی بچکۆلانەشیان دراوەتێ. چینی چوارەمیش (شودراس- Sudras)، چینی کرێکاران‌و ڕەنجبەرانەو لە خوار هەموو چینەکانەوەیە، مەبەست لە چینی کرێکاران لێرەدا ئەو چینە نییە کە لە کۆمەڵگایەکی بورجوازیدا پەیدادەبێت، چونکە ڤیداکان ئایدیۆلۆژیەتی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵین‌و هەرگیز پەنجەیان بۆ ئەم چینە ڕانەکێشاوە. بە پێی ڤیداکان نۆکەرو خزمەتکارو کەناس‌و جل شۆرو ئەو کرێکارانەی کاری دەستی دەکەن خراونەتە ڕیزی ئەم چینەوە، ئەمرۆش چینی کرێکارانی شارە پیشەسازییەکانی هیند بەم چاوە تەماشا دەکرێن. ئەم کێشە چینایەتییە لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ وەکو خۆی ماوەتەوە کۆمەڵگای هیندی لەم سەردەمەدا هێشتا ڕەنگ‌و بۆی کۆیلایەتی پێوە دیارە. لە دێهاتەکاندا بیروباوەڕی دەربەگایەتی بە جارێ پێشخستنی کۆمەڵایەتی گۆچ کردووە.

## چەند فەیلەسوفێکی هیندی

### (1)شەنکارا

ئەم فەیلەسوفە لە ساڵی 788ی زایینی لە خوارووی هیند لەناو خێزانێکی براهمن لەدایك بووە، لە گەنجییەوە دەستی داوەتە خوێندن‌و دەراسەکردنی ڤیداکان —لە ساڵی 820 زاییندا لە تەمەنی چلو دوو ساڵیدا لە خەڵوەتدا لەسەر چیا بەرزەکانی (هیمالایا). ئەم دنیایەی بەجێهێشت.

ئەو سەردەمەی شەنکارای تیا دەژیا گەرمەی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی، ئایینە تازەکەی بوودا بوو. ئەم فەیلەسوفە، بە پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەیەوە، دژی فێرگەی بودیزم ڕاوەستاو بیروباوەڕەکانی بوداشی بە لادانێکی گەورە دەزانی کە هەرگیز پەیڕەوی ڤیداکانی نەکردووە. لێرەدا شەنکارا هەوڵی دا فۆرمێکی نوێتر بدات بە فەلسەفەی هیندیو بنچینەیەکی بەهێزتر بۆ ڤیداکان دروستبکاتو لەم گۆڕانە ڕادیکاڵییەی بودا ڕزگاری بکات ئەم فۆرمە نوێیەش ئەمڕۆ بە (مۆنیزم-Monism) ناسراوە.

بە ڕای شەنکارا تەنیا ڕاستەڤینەیەك کە لە جیهاندا هەبێت، ڕاستەڤینەیەکی گیانەکییە نەك ماتریالی. ئەم ڕاستەڤینەش خواوەندەو خواوەندیش یەکێکەو هەموویان لەم ڕاستەڤینەیەوە دەرچوونو بەشێکن لەو.

بیروباوەڕی شەنکارا گەلێك لە بیروباوەڕە مۆنزیمەکەی (هیگل)ەوە نزیکە، ئەو فەیلەسوفانەی پەیڕەوی پەرتووکی (گیتا) دەکەن بڕوایان وایە شەنکارا فەیلەسوفێکی ماتریالیستییە چونکە خواوەندو سروشتی لە یەك جیانەکردۆتەوە.

دووەم خاڵ لەلای شەنکارا شێوەو سفاتەکانی خوداوەندە. هەروەکو شەنکارا دەڵێ: مرۆڤ بەم چاوە کزانەو مێشکە بچکۆلەیەوە ناتوانێ پۆرترێتی خوداوەند دروستبکات. خوداوەند لەناو قاڵبی ڕوخسارو سفاتدا توند ناکرێتو ناخرێتە ژێر ڕووناکی زانستەکانی مرۆڤەوە.

تەنیا ئەوەندەی لە بارەوە دەزانین کە یەك خوداوەندەو هێزێکی مەزنەو خۆی ژیانو سروشتیشە. خوداوەند گیانەو لاشەشە، ژیانو ماتریالیشە ئێمەو هەموو بابەتەکانی تر لەناو سستەمە ماتریالییەکەی گەردووندا بەشێکن لە خوداوەند.

ئەم ڕاڕەوەی شەنکارا وەکو ڕاڕەوە پانتیزمەکەی ئیبن عەرەبیو سپینوزاو هیگڵە. هەروەها وەکو (کانت)یش باسی خوداوەند سفاتەکانی دەکات.

هەروەکو چۆن لای هیگڵ جوڵانە دیالیکتییەکان گۆڕانی کاتیگۆریە هەمەکیەکانن‌و ئەم گۆڕانانە باسی وجودی تاکەکانمان بۆ ناکەن بە ڕای شەنکاراش ئەگەر ڕاستەقینە هەبێت ئەو ڕاستەقیەنەیە هەمەکییەو بابەتە تاکەکانیش وەهمن.

بەم جۆرە لەلای شەنکارا خوداوەند جیهانی دروست نەکردووە بەڵکو خۆی جیهانە وەیا خۆی زاتەو بابەتیشە.

بەڵگەی شەنکارا بۆ قایمکردنی ئەم بیروباوەڕەی ئەوەیە ئەگەر خوداوەند هەبێت نابێ گۆڕانی بەسەردا بێت، جا ئەگەر گریمان (هەروەکو لە گیتادا باسکراوە) بابەتە ماتریالییەکان‌و گیانە ئەتۆمییەکان لە خوداوەندەوە دەرچوون‌و جیابوونەتەوە، هەروەکو چۆن تیشکەکان لە خۆرەوە دەردەچن ئەوا ئەم دەرچوون‌و گۆڕانە دەبنە هۆی خولڤاندنی گۆڕان‌و کەمکردنەوە لە زاتی خوداوەند. لەبەرئەم هۆیەشە شەنکارا بڕوای بە بیردۆزەی (الفیض) نییە.

هەروەها لە (ئیشو- ئوپانیشاد)یشا ڕوون کراوەتەوە کە دەرچوونی گیانە ئەتۆمییەکان‌و بابەتە ماتریالییەکان تۆزوکەیەك لە زاتی کریشنا کەم ناکاتەوە، چونکە ئەم زاتە هەمیشە پڕە[16].

## (2)ڕامانوجا

ڕامانوجا وەکو شەنکارا لە خواری هیند لە ساڵی (1016)ی زایین لەدایك بووەو لە ساڵی (1137)دا مردووە. ئەم فەیلەسوفە سێ شاکاری گەورەی فەلسەفی لە دوای خۆی جێهێشتووە.

ڕامانوجا بە پێچەوانەی شەنکاراوە بڕوای بە فێرگەی دوولیزم هەیە. خوداوەندو جیهانی لە یەك جیاکردۆتەوەو بە دوو ڕاستەقینەی جیاوازیان دادەنێ لە هەمان کاتیشدا بڕوای بە گەورەیی‌و دەسەڵاتداریێتی کریشنا بەسەر ماتریالدا هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بیروباوەڕەش ڕامانوجا پەنای بردۆتە بەر پەیوەندیی‌و جیاوازی نێوان (گیان‌و لەش) لە مرۆڤدا. با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە رامانۆجا وەکو شەنکاراو کانت باسی ڕوخسارو سفەتەکانی خوداوەندمان بۆ ناکات‌و تەنیا بە هێزێکی گیانەکی دادەنێ کە لە دەرەوەی جیهانی ماتریالیدا دەژی.

## (3)چیتانیا:

لە سەدەی شانزەهەمی زاییندا لە ساڵی 1616 لە بەنگاڵ لەدایك بووە.

لە گەنجییەوە بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی خۆی دارشتووەو بڵاوی کردوونەتەوەو خەڵکێکی زۆریش دوای کەوتوون. دوای مردنیشی زۆر لە شاگردەکانی لەو بڕوایەدا بوون کە چیتانیا خوداوەندەو لە شێوەی مرۆڤدا هاتۆتە سەر زەوی ئەم بیروباوەڕی (حلول Incarnation) لە فەلسەفەی هیندیدا بۆ یەکەم جار لای ڤوتابییەکانی چیتانیا باسنەکراوە. ڤیداکان لە کۆنەوە ئەم خاڵەیان ڕوون کردۆتەوە باسی ئەوەیان کردووە کە کریشنا (خوداوەند) زۆر جار دابەزیوەتە سەر ئەم ئەستێرەیەو ڤیداکانی بە پاکی‌و دروستی بۆ شاگردو عاشقەکانی شیکردۆتەوە لەبەر ئەم هۆیەشە خوداوەند لە لای هیندییەکان زۆر ناوی دراوەتێ چونکە هەر جارەی بە ناوێك وەیا لە شێوەی کەسێکدا خۆی بە خەڵکی ناساندووە.

جارێکی تر ئەوەش دووبارە دەکەمەوە لەناو ڤیداکاندا یەك خوداوەند هەیەو هیندییەکان بڕوایان بە پۆلتیزم نییە، "ئەوانەی بڕوایان بە دوو خوداوەند هەیە لەسەر ئەستێرەی نەزانی‌و تاریکی جێگەیان بۆ ئامادە کراوە"(17).

جەوهەری فەلسەفەکەی چیتانیا لە پەرتوکی "گیتا"وە دەرهێنراوە. بە ڕای ئەم فەیلەسوفە خوداوەند وەکو خوداوەندەکەی شەنکاراو ڕامانوجا بێڕەنگو بێ بۆن نییەو خاوەنی هەموو سفاتێکی جوانیو چاکەیە.

وەکو مرۆڤیش خاوەنی کەسایەتییەو (Person) شێوەشی هەیە، بەڵام شێوەی خوداوەند شێوەیەکی گیانەکییەو لە گۆشتو ئێسقان دروست نەبووە گەردوونیش بە هەردوو شێوەکەیەوە گیانەکیو ماتریالی لە زاتی ئەم کەسە مەزنەوە دەردەچەن.

ئەم بۆچوونە میتافیزیکییە بۆ زاتی خوداوەند لە داستانە هیندییەکاندا جێگایەکی تایبەتیو دیاریکراوی هەیەو (کریشنا) بووە بە پاڵەوانی زۆر ڕووداوو کارەساتی مەزن لە ژیانی هیندییەکاندا. وێنەو پەیکەری کریشناش لە زۆر پەرستگاو شوێنە گرنگەکاندا دانراوە. لەم وێنانەدا کریشنا لاوێکی جوانو گەنجەو ڕەنگی لەشی وەکو ڕەنگی هەور وایە خۆشترین کاتی کریشناش ئەو کاتەیە کە شمشاڵ بۆ (ڕادا)ی کچە دەستگیرانی لێدەداتو ڕاداش جوانترین سەمای بۆ دەکات یەکێك لە سەما بەناوبانگەکانی ڕادا لەژێر تیشکی مانگە شەوێکی ڕووناکدا سەمای (ڕاسا)یە کە تاکو ئەمرۆ بەناوبانگە.

بەم شێوەیە مۆسیقاو سەماو گۆرانی لە ژیانی هیندییەکاندا بووە بە فەلسەفەو ئایین، خوداوەند (کریشنا) هونەرمەندەو مۆسیقارە. ئەوانەی دوای ئەم ڕاڕەوە کەوتوون لە پەرستگاکانیاندا لە کاتی نوێژکردندا گۆرانی دەڵێنو سەما بۆ کریشنا دەکەن.

کەراچی 1984/8/16

**سەرچاوە:**

1-كەنگاو جەمنا دوو ڕووبارن بە وڵاتی هیند.

-2 ,Upaaishads ,the1977 india

Vitsaxis, Plate and 16/8/1984 كەراچی.

3-گیتا یەكێكە لە ئوپانیشادەكان.

3-4/ ز 11 و Gita

4-5 ز 11 و Gita

S. Dasa Gosvami, Reading in Vedic-6
Literature, 1934, P. S

7-الشهرستانی، الملل والنحل- الجزء الاول- لاثةرة .93

Sriupanishad (A. 6)-8

6-9/ ز 13 و Gita

15-10 ز 13 Gita

20-11 ز 15 Gita

32-12 ز 10 Gita

13-13 ز 2 Gita

23-14 ز 2 Gita

Sriusfipanishad (A. 16) -15

(Sri apunishad. 1) -16

(Sri Upanishad. A) 12-17

## نهیلیزمو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە

دیاریکردنی (هەڵوێستی ڕەتدانەوە) بەرامبەر بەردەوامیو درێژەپێدانی کەلتوری سەرکوتکەر زەرورەیەکی مێژووی سەردەمەکەمانە. لەم هەڵوێستەوە. وەکو پێگەیەکی هەستکردن بە کاتو شوێنی تایبەتمەندی خۆمانو بە ئەزموونێکی نوێوە، بانگەشەی توێژینەوەیەکی ڕادیکاڵانە، لەمەڕ بوونی مرۆڤ دەکەینو ڕۆڵی ئاگامەندی لە کەنارپەرێزی، دووردەخەینەوە، بوێرانە خۆمان لە قەرەی پرسیارە گەورەکان دەدەین. لەم ئەزموونە نوێیەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی پرسیارە گەورەکان، ئاگامەندی، بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، خۆی دەکات بە گەڕیدەیەکی ئۆقرەنەگرتوو دەستەڵاتی تێکدانو ئاوەدانکردنەوە. با ئەوەشمان بیرنەچێت کە پێویستە توێژینەوەکەمان لە بواری تەسکی زانستدا خۆی نەگرێتەوەو فەلسەفیانە بڕوانێتە پرسیارەکانو مامەڵە لەگەڵ وەڵامەکاندا بکات. پرسیارکردن ئاماژەی باوەڕنەکردنو گومانکردنە لە ئاستی زانینی لەپێشترو دامەزراوداو لە هەمان کاتیشدا باوەڕکردنە بە بیرکردنەوەی سەربەستو داهێنان، کە دەستەڵاتی تێکدەری ئاگامەندی دەخاتەگەڕ.

لە کەلتوری سەرکوتکەردا بوارەکانی پرسیارکردنیو ڕۆڵی مێژووی ئاگامەند داگیرکراوە. ئەوانەی درێژەپێدەری ئەم کەلتورەن باش دەزانن، کە ویستی یاخیبوونو ڕەتدانەوە لە پرسیارکردنەوە سەرهەڵدەداتو لەبەر ئەمەشە خۆیان دەکەن بە ڕێگری. پرسیارێك وەکو، ئایا بەها چیە؟ ڕەهەندێکی ئاسۆفراوانی بیرکردنەوە دەکاتەوەو لە ئەنجامدا بە هۆی ڕێگەدان بە دیالۆگو توێژینەوەی فەلسەفیانە، بناغەی لەپێشترو دامەزرێنراوی بەهاکان هەڵدەوەشێنێتەوەو پێناسەی فرە جۆرمان دەخاتە بەردەم.

کەلتوری سەرکوتکەر، کە سەرباسی توێژینەوەکەمانە، چەند خەسڵەتێکی تایبەتمەندی خۆی هەیەو بە ناسینیان ئێمەش باشتر لە مانای کەلتورەکە دەگەین. بەبێ ڕوونکردەوەی ئەم خەسڵەتانە ناگونجێت بەڵگەکانمان بۆ ڕەتدانەوەی کەلتوورەکە لەسەر زەمینەیەکی لۆجیکمەندانە ڕابگرین و ئەوەش بسەلمێنین کە بۆچی ئەم کەلتورە بە سەرکوتکەر ناوزەد دەکەین، یان چۆن ئەم شێوە کەلتورە لە ئاستی پێشکەوتندا دەبێت بە کۆسپ و شورای هەڵچنراو. مەبەستمان لە کەلتوری سەرکوتکەریش دەستەیەك لە باوەڕ و زانین و بەهاو نەریتە، کە بە زۆر لە لایەن دەستەڵاتێکی دەرەکیەوە بەسەر تاکەکاندا سەپێنراوەو تاکەکان بە ناچاری پەیڕەوی دەکەن. لەم گۆشەنیگایەوە کەلتوری سەرکوتکەر بە نا-پێویستو نەزۆك دادەنێین، چونکە کەلتورەکە لە سەردەمەکەی خۆیەوە بەرەو ئەمڕۆ پەلکێش کراوەو کەشوهەوایەکی تایبەتی بۆ درێژەپێدانی (بەزۆر)ی بۆ خۆشکراوە. کە ناتوانیت یان ئەو توانایەی نیە تاکەکان بەختەوەر بکات.

بۆ ئاماژەکردنی خەسڵەتەکانو ڕوونکردنەوەیان. لە پێش هەموو شتێکەوە. هەوڵ دەدەین شێوازی بیرکردنەوەی میتافیزیکی کەلتورەکە شیبکەینەوە. کە خۆی وەکو بناغەیەك دامەزراندووەو خەسڵەتەکانی دیکەش لێرەوە دەردەچن. ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت. کە نابێت ڕووکەشانە تەماشای کەلتوری سەرکوتکەر بکەین و بایەخی پێنەدەین، ئەم بناغە میاتافیزیکیەش لەسەر ئەو بیروباوەڕە خۆی ڕاگرتووە، کە بنۆس و سترەکچەرێکی لەپێشتر بۆ بوون دەهێنێتە کایەوە[1]. لەم بۆچوونەوە بوون بە ڕووداوێکی لەپێشدا زانراوو مەبەست پێدراو دادەنێت، ناوەڕۆك و زانین (مەعریفە) و بەهاکانیش کە دەرچووی بنۆسە لە پێشتر دەکەن، هەمان خەسڵەتی سەرچاوەکەیان وەردەگرن. بۆ نمونە، مادامەکی سەرچاوەکە هەمەکی و پیرۆزە، ئەوا ناوەڕۆك و زانین و بەهاکانیش، هەمەکی و پیرۆزن و

تاکەکان دەستەڵاتی داهێنان‌و گۆڕانیانی نیەو de omni دەمێننەوەو بۆ هەموو کاتێکیش دەگونجێن.

بۆ ئێمە گرنگ نییە بنۆس‌و سترەکچەرە لەپێشترەکە چ شێوەو ناوەڕۆکێکی هەبێت، گیانەکی یان ماتریالی، ئەوەی دەمانەوێت بیخەینەڕوو، ئەو خاڵەیە کە ئەم شێوە میتافیزیکە، ناوەڕۆکی مرۆڤ پێش بوونی دەخات‌و تاکەکانیش لەناو کۆڵانی دەرنەچووی ناچارەکیدا ڕادەوەستێنێت‌و ویستیان بە هۆکارێکی دەرەکییەوە دەبەستێتەوەو دەوروبەرێکی ئامادەکراو بە چەك‌و تفاقی زانین‌و بەها لە پێشترەکانەوە سەقامگیر دەکات. مرۆڤ لەناو مێژوودا دەردەهێنێت‌و هۆکارەکانی گۆڕنکاری بۆ لایەنێکی نەزانراو یان بەرزتر دەگەڕێنێتەوە، بە ناوی پیرۆزی‌و بەرزی خۆیەوە شەرعیەتی خەفەکردنی تاکەکان بە خۆی دەدات‌و تاوانی (گومڕایی) دەخاتە پاڵ هەڵوێستی ڕەتدانەوەو خۆی دەگەیەنێتە دۆگمای "خۆ-بە-حەقزان". ئاکامی نەریی ڕاڕەوی ناچارەکی لەوێدا خۆی دەردەخات کە ناوەڕۆکێکی لەپێشترو خۆڕسکێکی نەگۆڕ بۆ مرۆڤ دادەنێت‌و دەستەڵاتی گۆڕانکاری‌و سەربەستی تاکەکان داگیردەکات. لەژێر کارتێکردنی ناچارەکیدا تاکەکان بە نامۆیی دەژین‌و ڕەسەنیەتی خۆیان دەدۆڕێنن، چونکە تاکەکان داهێنەری ناوەڕۆکی خۆیان نین‌و ئەوان هەرچیەك بن، ئەو ناوەڕۆکە، یان خۆڕسکە، شتێکی پێدراوەو هێزێکی دەرەکی بۆی داناون.

ئەم بیرکردنەوە میتافیزیکییەی، کە ناچارەکی لێوە دەرچووە. واقع، بۆ یەك ڕاستەقینەو یەك شێوەی ڕاستی، دەگەڕێنێتەوەو باوەڕی بە جۆرەکانی ڕاستەقینەو ڕاستی نیە. هەموو بوونەوەرەکان بە دەرچوو و بەرهەمی یەك ڕاستی دەزانێت‌و نکوڵی لە جیاوازیەکان دەکات. کاتێك ئەم ڕاڕەوە یەکانگیە دەخەینە شێوازە ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتیەکەوە، دیاردەی خێڵگەری لەناو کۆمەڵدا زاڵ دەکات. خێڵگەری، کە خەسڵەتێکی دیکەی کەلتورەکەیە

بانگەشەی وەفاداریو شوێنکەوتنی کوێرانە، لە تاکەکان دەکات. پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ، بە خوێنو خێزانەوە گرێبەند دەکات، ئەگەر منداڵی جوتیارێك بلیمەت بێت. چونکە کوێخا زادە نیە، ڕێگەی پێنادرێت ڕۆڵی مێژوویی ببینێت. لەم پەیوەندییەدا بەرژەوەندی خێڵ لە ژوور بەرژەوەندی تاکەکانەو بەرژەوەندی سەر-خێڵیش، لە ژوور بەرژەوەندی هەموویانە. خێڵگەری بە تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکەمان نیە، بەڵکو ڕەگوڕیشەی بەناون دەستگا ڕامیاریەکانیشدا داکوتاوەو سەرۆکی خێڵ یان سەرکردە ڕامیارییەکانمان، وەکو (دیکتاتۆر) ڕەفتار دەکەن[2]. دیکتاتۆر لە هەڵوێستی خۆبەحەقزانەوە بڕواو بەهاکانی خۆی، بەسەر کەسانی دیکەدا فەرز دەکاتو بە تەنیا بیر لە بەرژەوەندیو مەقامی خۆی دەکاتەوە. ڕاستی لای ئەو، ئەو شتەیە کە ئەو بڕوای پێدەکاتو بە ڕاستی دەزانێت لەبەرئەوە بۆ کەسانی دیکە نەهاتووە ڕەخنەگرانە یان بە ناڕەزاییەوە بەرامبەری بوەستنو پەیڕەوی ویستی نەکەن بۆ دکتاتۆر بەهای تاکەکان لەوەدایە کوێرانە شوێن ویستو پرۆژەکانی دیکتاتۆر بکەونو بەهاکانی ئەو بە بەهای خۆیانو بڕواکانی ئەو بە بڕوای خۆیان دابنێن، لەم ڕوانگەیەوەو لەو زەمینە خۆشکراوەوە بۆ خێڵگەریو دەستەڵاتی ڕامیاری سەرۆك خێڵو کەلتوری سەرکوتکەر، جیاوازیو فرە —لایەنی بە ناڕاستو ساختە دەداتە قەڵەم. هەر لایەنێك لەگەڵیدا هاو-ڕا نەبێت، بە لایەنێکی هەڕەشەکەرو ئاژاوەکەر، دادەنرێتو لەناودەبرێت.

لە لایەکی دیکەوە کەلتوری سەرکوتکەر، جەخت لەسەر پیاوسالاریو بەهاکانی دەکات. ژن دەکات بە (بابەت)ی سێکسێ بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی پیاو، بەکاریدەهێنێت، پێشتر، لە ڕوونکردنەوەی خەسڵەتی خێڵگەریدا، باسی ئەو خاڵەمان کرد کە خێڵگەری پەیوەندییەکانی بە خوێنو

خێزانەوە گرێدەدات. بۆ دامەزراندنو بەردەوامبوونی ئەم شێوە پەیوەندییەش، پێویستی بە مانەوەو پاکی ڕەگەز هەیە.

پیاو لەو پەیوەندیە خێلگەریەدا، بۆ بەرژەوەندی ئابووری چینەکەی، دەیەوێت نەوەی ڕەسەنی خۆی درێژە بە پرۆژە ئابووریو ڕامیارییەکانی بداتو ڕێگە نادا ڕەگەزەکەی تێکەڵی ڕەگەزێکی دیکە ببێتو ڕەسەنیەتی ون بکات. بۆ مسۆگەرکردنی ئەمەش، پەنا دەباتە بەر بەهای (ناموس) و بەسەر ژندا دەیسەپێنێت. لە هەمان کاتیشدا (کارکردن) دابەش دەکات. پیاو لە دەرەوەی دەستگای خێزان کاردەکاتو ژن دەخرێتە ناو (شوێن)ێکی تەسکەوەو کاروباری ناوماڵو منداڵ بەخێوکردنی پێدەسپێردرێت. ئەم جۆرە دابەشکردنی کارکردنە، کە لە مێژوودا، پێش دابەشکردنی کارکردنی نێوان چینەکان ڕوویداوە، هۆکارێکی بنەڕەتی چەوساندنەوەی ژنانە لەناو کۆمەڵدا. کێشەی مانەوەی زادەی ڕەسەنو ڕەگەزی پاک، لە هەمان کاتدا، باجێکی زۆری خستۆتە سەر ژنو (لەش)ی ژنی کردووە بە پێوەری ناموسو نکوڵی لە ئاگامەندیو دەستەڵاتی بیرکردنەوەی ژن دەکات، لەبەرئەمەشە پەیوەندیەکی نایەکسانی وەکو: پەیوەندی نێوان کۆیلەو خاوەن- کۆیلە، لە ڕێگەی بە نا- مرۆڤ کردنی ژنەوە لە نێوان ژنو پیاودا پێکدەهێنێت(3).

پاش ڕوونکردنەوەی ئەم خەسڵەتانەی کەلتوری سەرکوتکەر، ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت، کە ئایا پێویستە ئەم شێوە کەلتورە درێژەی پێبدرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستی ڕەتدانەوەمان، نیگەتیڤەو سەرەتای توێژینەوەکەشمانە، چونکە ئێمەی مرۆڤ بە داهێنەری ناوەڕۆكو زانینو بەهاکان دادەنێین. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئێمە پلەی تەواوکۆیی لە ژوور سنوری کاتەوە، بۆ مرۆڤ دیاری دەکەین. هیچ ڕاستیەك لەودیو مرۆڤایەتیو لەژوور سنوری کاتەوە نیەو ناتوانین مرۆڤایەتی تێپەڕ بکەین ڕێگە بە خۆمان نادەین لەکاتێکدا بناغەی میتافیزیکی لە پێشتری

کلتوری سەرکوتکەر ڕەفز دەکەین شێوەیەکی دیکەی میتافیزیك‌و بناغەی لەپێشتر بهێنینە کایەوە. هەڵوێستی ڕەتدانەوە. هێزی ڕوخێنەرەو هەموو بناغەیەکی لەپێشتر بۆ ناوەڕۆك‌و زانین‌و بەهاکان، هەڵدەوەشێنێ‌و بێ بناغەیی دەکات بە بناغە[4]. بێ بناغەیی بوون توێژینەوەکەمان دەگەیەنێت بە ئۆنتۆلۆجی نهێلیستی مەبەستمان لە ئۆنتۆلۆجی نهیلیستی، ئەو شێوە بیرکردنەوەیەیە، کە ڕەتی بنۆس‌و سترەکچەری لەپێشتر بۆ بوون، دەداتەوە. ئەگەر بوون بناغەی هەبێت، ئەوا ئەو بناغەیە (هیچ)ەو بە ڕێکەوت لەو (هیچ)ەوە پەیدابووەو بێماناو بێ غایەیە. نیهلیزم، بۆ ڕەتدانەوەی کەلتوری سەرکوتکەر، زەرورەیەکی لۆجیکمەندانەیە، چونکە بناغەی میتافیزیکی کەلتورەکە هەڵدەتەکێنێت‌و لە (هیچ)ەوە گەشتەکەی دەخاتە ڕێ. نهیلیزم بڕواکردنە بە (نەبوون)ی بوونی لەپێشترو ڕەتدانەوەی هەموو ماناو غایەیەکی پێشوەختانە بۆ گۆڕانکاریەکانی ناو مێژوو. بوون بە بێ ماناو بێهودە دادەنێت، چونکە لە غایە بەدەرەو هێزێکی دەرەکی هۆشەکی، نەخشەی بۆ دانەناوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ژیان هیچەو پێویست ناکات بژین، یان ئێمە (هیچ)ین‌و داهاتوو (هیچ)ە. لە لایەکەوە دروستە بڵێین هەموو شتێك (هیچ)ەو لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ خۆی دەتوانێت لە بێ‌مانایی بووندا مانا پەیدا بکات‌و گۆڕانکاریەکان بخوڵقێنێت. بێجگە لە مرۆڤ، بوونەوەرێکی ئاگامەندی دیکە نیە ئەو مانایە بە بوون بداتو کاڵای –(غایە) بە بەردی گۆڕانکاریەیکانی ناو مێژوودا بکات. ڕەتدانەوەی بنۆسی لەپێشترو بێ‌مانایی بوون هاندەرن بۆ داهێنانی مانا بۆ بوون. مرۆڤ خۆی وەکو دەستەڵاتێکی ڕەها دەبینێت‌و لەم تێڕوانینەشەوە مانا بە ژیانی مێژوو دەدات‌و (داهاتوو) دادەهێنێت، وەکو دستۆڤسکی دەڵێت: "ئەگەر خوا نەبێت هەموو شتێك حەڵاڵە". ئێمەش بە هەڵوەشاندنەوەی بناغە میتافیزیکیەکەی کەلتوری سەرکوتکەر، دەستەڵاتی داهێنان‌و سەربەستی بۆ مرۆڤ

دەگەڕێنینەوەو لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوودا، بەرپرسیاری دەکەین، چونکە بە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت مانا بە بوون بدات[5].

نیهلیزم سەربەستیو دەستەڵاتی داهێنان بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات. بەبێ سەربەستی، دەستەڵاتی داهێنان نیەو بەبێ ئەمیش مرۆڤ ناتوانێت مانا بە بوون بدات، هەروەها نهیلیزم کە هیچ دەکات بە بناغەی بوون، ناوەڕۆكو زانینو بەهای لەپێشتر ڕەت دەداتەوە. ئەم ڕەتدانەوەیەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە بنۆسێکی لەپێشتر بڕیاری پێشوەختی لەمەڕ دامەزراندنی ناوەڕۆکێکی پڕو چەسپاوو خۆڕسکێکی نەگۆڕدا بۆ مرۆڤ نەداوە. مرۆڤ پەیدادەبێت، دێتە بوونەوە، لە پاشاندا ناوەڕۆك بۆ خۆی ئافەرید دەکات. هەتاکو مرۆڤ نەبێت ناتوانێت ببێت بەو کەسەی دەناسرێت. پێشخستنی بوونو پاشخستنی ناوەڕۆك: تەنیا ڕێگەچارەیەکە بۆ گرفتی سەربەستی. لەم بیرکردنەوە فەلسەفیەوە، بۆ بەئەنجامدانی پرۆژەکانی بوون، جەخت لەسەر دەستەڵاتی تاکەکان دەکەینو ناوەڕۆکی نەگۆڕو خۆڕسکی چەسپاوی مرۆڤ ڕەت دەدەینەوە. مرۆڤ، کە خاوەنی ئاگامەندیە، ئاگامەندیش بوونێکی ناتەواوی هەیەو (نەبوون) خۆی لەناو (بوون)یدا گەمارۆ داوە، جیاوازی لەگەڵ بوونەوەرەکانی دیکەدا لەسەر ئەو خاڵە ڕاوەستاوە کە ئەم بە پێچەوانەی ئەوانەوە، بێ ناوەڕۆکەو خەسڵەتی نەگۆڕی نیە، تاکەکان بەبێ ناوەڕۆك، پەیدا دەبنو خۆڕسکێکی چەسپاویان پێنەدراوە، ئەوان هەرچەیك بن، ئەوا ئەو خەسڵەتە لەلایەن ئەوانەوە ئافەریدە کراوەو هێزێکی دەرەکی نەیچەسپاندووە بە بونیانەوە. تاکەکان ناتوانن خۆیان لەم ڕاستیەو لە لێپرسینەوە دووربخەنەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان بۆ چارەنووسو هێزێکی دەرەکی بگەڕێننەوە، بۆ نموونە: چەك مرۆڤ ناکوژێت، بەڵکو مرۆڤ مرۆڤ دەکوژێت، یان هیچ تاکێك بە زگماکی ترسنۆك نیەو ترسنۆکی هەڵوێستێکە خۆی هەڵیبژاردووە. بەم شێوەیە مرۆڤ دەستەڵاتی داهێنان بۆ

ئافەریدەکردنی ناوەڕۆك‌و مانای بوون دەخاتە گەڕو خۆی بە هێزێکی مێژوویی دادەنێت‌و ڕێگە بە هیچ دەستەڵاتێکی دەرەکی نادات بوونی داگیربکات، "کاتێك مرۆڤ دەزانێت ئەو سەربەستە دەستی خوداوەندیشی ناگاتیّ"[(6)].

ناوەڕۆك پێکهاتەی بە ئەنجامدانی پرۆژەکانە لەناو مێژوودا. مێژووش بۆ ئێمە، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نیەو ڕەوتی خۆ-تەواوکردنی بوونە بەرەو داهاتوو. گۆڕانکارییە- ئاگامەندیە- کاتیەکانە، کە بە بەردەوامی بەبێ پچڕان‌و وەستان. لە ڕابردووەوە بەرەو ئەمڕۆو، لەمڕۆوە بەرەو داهاتوو ڕێدەکەن. کاتیەتی بوونیش لەو خاڵە گرنگە ئۆنتۆلۆجیەدایە کە سەرەتاو کۆتایی بۆ بوون دیاریدەکات‌و دینامیکیەتی پێدەبەخشێت. (کات)یەت ئەوە ناسەلمێنێت، کە بوون خاوەنی بنۆسێکی لەپێشترە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، کاتیەتی بوون خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆجیەو وابەستەیە بە بونیادی بوونەوە. بەبێ کات، بوون ناتوانێت ناوەڕۆك بۆ خۆی ئافەرید بکات، لەبەرئەمە بوون (کات)یەو بەرو تەواوکۆیی ملدەنێت. گۆڕانکارییەکانیش لەو حاڵەتەدا ڕوودەدەن، کە بوون بە ناتەواوو هەژار دادەنێت‌و لەو ناتەواویەوە بەرەو تەواوبوون دەڕوات. بوونێکی تەواو گۆو پڕ، وەکو بنۆسی لەپێشتری ئایدیالیستەکان، یان فۆرمە بەرزە هەمەکیەکانی ئەفلاتون. گۆڕانکاریان تێدا ڕوونادات، ئەو سیستەمە فیکری‌و کەلتوریانەی خۆیان بە تەواوو پڕمانا دادەنێن، گۆڕانکاری ڕەت دەدەنەوە. (ناتەواوی) جوڵێنەری بوونە بەرەو پڕی‌و تەواوکۆیی[(7)]. بە بیروڕای ئێمەش، بوون لە خۆیدا ناتەواوەو لەبەر ئەم ڕاستەقینەیەشە، کە پێویستە گۆڕانکاریەکان ڕووبدەن‌و بوون. بەرەو قۆناغ‌و سەردەمێکی پێشکەوتوو ببەن. حاشاکردن لە ناتەواوی بوون، ڕەتدانەوەی گۆڕانکاری‌و پێشکەوتنە، کە ویستی تاکەکان لەناو مێژوودا ئافەریدی دەکەن. ئەمەش لە ئەنجامدا ڕەتدانەوەی ویستی تاکەکان‌و بە نامۆکردنیانە. لەم

ڕووەوە، نهیلیزم، باوەڕهێنانە بە ویستو سەربەستی تاکەکانو تێکشکاندنی ئەو بارودۆخانەیە بۆ بە نامۆکردنی تاکەکان سازکراون. نامۆبوون دیاردەیەکی کەلتووری سەرکوتکەرەو ڕووداوێکی ناو مێژووەو بەسەر تاکەکاندا سەپێنراوە، تاکەکان خۆیان دەتوانن کۆتایی بەو ڕووداوە بهێنن بە ڕەسەنی (خۆ-بوون)ی بژین.

پێشخستنی بوون، کە کێشەیەکی بنەڕەتی توێژینەوەکەمانە، لە دوو خاڵدا دژی کەلتووری سەرکوتکەر ڕادەوەستێت:

یەکەم: لەبەرئەوەی بوون پێش ناوەڕۆك دەکەوێتو مرۆڤ لەپێشدا پەیدادەبێت، ئەنجا ناوەڕۆکی ئافەرید دەکات، مرۆڤ سەربەستەو خۆی تەنیا دەستەڵاتێکی داهێنانەو ڕەسەنیەتی خۆی بەو سەربەستیە دەسەلمێنێتو پرۆژکانی بوونی هەڵدەبژێرێت.

دووەم: (کات)یەت گۆڕانکاری بەردەوام بە بوون دەبەخشێت. مادامەکی مرۆڤ بێ ناوەڕۆکە دەبێت لە پرۆسەی داهێنانی ناوەڕۆکیدا، کە پرۆسەیەکی مێژووییە، گۆڕانکارییەکان بخاتەگەڕ. ڕابردوو ئێستاو داهاتووی مرۆڤ، پێکەوە گرێدراونو ئەو بە تەنیا ئەوە نیە کە هەیە، بەڵکو ئەوەشە کە نیە، یان هێشتا پەیدانەبووە.

(کات) لە هەمان کاتدا خەسڵەتی (ڕێژە)یی بە گۆڕانکارییەکان دەداتو هیچ ڕاستیەك بە ڕەها دانانێتو باوەڕی دۆگماکان بۆ دانامەزرێنێت. هیچ قۆناغێك لە پرۆسەی داهێنانی ناوەڕۆکدا، دوا قۆناغ نیە.

کارتێکردنی نیهیلیزم بەسەر زانینو بەهاکانەوە ڕوونو ئاشکرایە. ڕەتدانەوەی بنۆسی لەپێشتر، سەرەتایەکی لە (هیچ)ەوە بۆ زانین، دیاری دەکاتو بێ زانینی دەبێت بە بناغەی زانین.

هەڵوەشاندنەوەی بناغەی میتافیزیکی بۆ زانین، دەستەڵاتی زانینو دۆزینەوەی ڕاستی، بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوەو مرۆڤ یان هۆشی مرۆڤ دەکات بە

سەرچاوەی زانین‌و ناسینی ڕاستی. مرۆڤ، کە داهێنەری ناوەڕۆك‌و گۆڕانکارییە مێژووییەکانە، وەکو تەماشاکەر ناڕوانێتە بوون، بوونی ئەو، لەناو جیهاندا، جیهانگەری بە بوونی دەبەخشێت[8]. بوون –لەناو- جیهاندا، کێشەیەکی بەڵگەنەویستەو مەرجێکی ئۆنتۆلۆجیە بۆ بوونی مرۆڤو لە هەمان کاتدا مرۆڤ ناخاتە پەراوێزی مێژووەوەو لە ناوەڕاستی ڕووداوەکانداو بە خاوەنی ڕووداوەکانی دادەنێت. لە لایەکی دیکەوە، بوونی مرۆڤ لەناو جیهاندا ئاماژەی بوونی ئەو لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات کە بە (نیگەرانی)ەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات‌و پەیوەندییەکانی دەبەستێت. ئەم ڕۆڵە گرنگەی مرۆڤ لە بووندا، وەکو داهێنەری گۆڕانکارییەکان‌و خاوەنی مێژووی خۆی، بەبێ بناغەیەکی نهیلیستی بۆ زانین، مسۆگەر ناکرێت. ئەگەر بیرکردنەوەی مرۆڤ ڕووبەست بکرێت‌و باوەڕ بە دەسەڵاتی داهێنانی نەکرێت، جێگای خۆی لەناو مێژودا ون دەکات‌و لایەنێکی دیکەش بە سەرچاوەی زانین دادەنرێت. نهیلیزم بوونی سەرچاوەیەکی دەرەکی، بێجگە لە ئاگامەندی مرۆڤ بۆ زانین، ڕەت دەداتەوەو زەمینەی پێش – بیرو پێش-بڕیارەکانیش هەڵدەتەکێنێ‌و پەیڕەوی میتۆدی (فینۆمینۆلۆجی) دەکات، فینۆمینۆلۆجی، تەنیا میتۆدێکە کە ئاگامەندی لە کۆت‌و زنجیری پێش-بیرو پێش –بڕیارەکان، ڕزگاردەکات‌و سەرەتایەکی نوێی پێ دەناسێنێت[9]. سەرەڕای ئەم هەڵوێستە ڕادیکاڵیەش، فینۆمینۆلۆجی ڕیالیستانە، واقع دەبینێت‌و بوونێکی سەربەخۆی بۆ دادەنێت، چونکە بە گوێرەی ئەم میتۆدە، "هەموو بیرکردنەوەیەك، بیرکردنەوەیە لە بابەتێکەوە". ئاگامەندی، بەبێ بابەت نیەو نابێت، ئەمەش ئەو خاڵە دەسەلمێنێت، کە ئەگەر بوون نەبێت بیرکردنەوەش نابێت[10].

لە بۆچوونەوەو بە گوێرەی میتۆدەکەمان ئاگامەندی خۆی دەکات بە گەڕیدەو هەوڵی دۆزینەوەی ڕاستی دەدات، لەم گەشتەدا سوود لە هەموو ئێستگەیەك وەردەگرێت‌و هیچیشیان بە دوا-ئێستگەو دوا-قۆناغی گەشتەکەی

دانانێت‌و ژووریان دەکەوێت‌و زانین بە هەوڵدانێکی لە کۆتایی بەدەرو بێ-سنوور پێناس دەکات. گەریدەی ئاگامەندی، وەکو پرۆسەیەکی ئۆقرەنەگرتوو ماندوو بوون، مرۆڤ زیاتر تینووی زانین‌و گەڕان بە شوێن ڕاستیدا دەکات‌و نیتشە گوتەنی، "ئەگەر دەتەوێت ڕاستی بناسیت ئەوا دەبێت بە شوێنیدا بگەڕێیت". پێویستە ئەو خاڵە گرنگەش ئاماژە بکەین، کە هیچ ڕاستیەك دوا-ڕاستی نیەو ئاگامەندی، بە حوکمی ئەوەی ناتەواوەو دیالیکتیکیە[11]، مامەڵە لەگەڵ ڕاستی هەمەکی‌و نەگۆڕدا ناکات، هەموو شتێکی نەگۆڕو هەمەکی لە گەشتی ئاگامەندیدا نادروست‌و وەهمەو کۆسپ‌و ڕێگرتنیشە لە ئاستی بەرەو پێشەوەچوونی گەشتەکەدا. زانین، کە بەرهەمی ئاگامەندییە پەیوەندییەکی دیالیکتیکی بە سەردەمەکەیەوە هەیە وەکو بوونەوەرەێکی زیندوو پەیدادەبێت‌و دەکەوێتە ناو دەلاقەی نەبوونیشەوە. ئەگەر ئاگامەندی زانینە پەیدابووەکانی فڕێنەداتە ناو دەلاقەی نەبوونەوە، ئەوا ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە قۆناغێکی دیکەو (زانینی) نوێتر بهێنێتە کایەوە، یان سەردەمەکەی ڕەت بکات. سەرهەڵدانی زانین بە میتۆدە فینۆمینۆلۆجیەکە لە ئاکامی ئاراستەکردنێکی ڕاستەوخۆی ئاگامەندی بۆ سەر بابەتەکەی ڕوودەدات. ئاگامەندیش، کە پێشتر باسمانکرد، بابەتەکەی دەخاتە ناو کەوانەوەو خۆی بە پێشبیرو پێشبڕیارەکان سەبارەت بەو بابەتە نابەستێتەوەو بابەتەکە بەو جۆرە دەناسێت کە خۆی بۆ ئاگامەندی دەردەخات. لەم پرۆسەیەدا ئاگامەندی خاوەنی بیری زگماك‌و ئیلهام‌و تەنانەت هیچ بیردۆزەیەکی لەپێشتر نیە. کەسێك هەوڵ بدات بزانێت (سێو) چیە، پێویست ناکات بیروڕای خەڵکی‌و ئەو پەرتوکە زانستانە بخوێنێتەوە کە باسی (سێو) دەکەن ئەو دەبێت (سێو) وەکو بابەتێکی ڕاستەوخۆ بناسێت‌و خۆشی هەوڵبدات بۆ دەرەخستنی ناوەڕۆکی بابەتەکە (سێو) و خەسڵەتەکانی شیبکاتەوە. پێشبیرو پێشبڕیار، یان بیردۆزەی ئامادەکراو دەستەڵاتی داهێنانی

ئاگامەندیو ئاسۆی بیرکردنەوەشی کەم دەکەنەوەو ڕێگەی نادەن خۆی سەربەستانە بەبێ دۆگمای بیرکردنەوە، ناوەڕۆکی بابەتەکە بناسێت. نهیلیزم کۆتایی هێنانە بە دۆگمای بیرکردنەوەو خۆی بە حەقدانانی بیردۆزە. بیردۆزە (theoria)، کە بە یۆنانی واتای ئەو بۆچوونە دەگەیەنێت، کە شوێنێکی دیاریکراوی نیە، تەفسیرێکی هەمەکی بۆ ڕووداوە هەندەکیەکان دادەمەزرێنێتو هەموویان کە ڕووداوی فرەو جیاوازن، بە یەك چاو تەماشا دەکاتو یەك جۆر کالآیان بەبەردا دەکات. ئەنجا گرنگ نیە ڕووداوەکان، لە چ سەردەمو لە چ شوێنێکدا سەرهەڵدەن. شوێنکەوتوانی بیردۆزە، هەمیشە ئامادەن بە گەزی خۆیان، زەویەکە بپێونو حوکم بەسەر ڕووداوەکەدا بدەن. ئەگەر ڕووداوێك نەکەوێتە ژێر پێوەرەکەی ئەوان، ئەوا نەك بیردۆزەکە بەڵکو ڕووداوەکە بە نالەبارو نەرێ دادەنێنو ڕەفزی دەکەن. بیردۆزە، وەکو سیستەمە میتافیزیکیەکەی کەلتوری سەرکوتکەر، بڕیار لەسەر پێشبیر دەداتو دەستگایەکی زانینی ئامادەکراومان بەسەردا ساخ دەکاتەوە، لە پێشوەختدا تەفسیری ڕووداوەکانمان بۆ دەکاتو هەواڵی سەرهەڵدانیانمان پێدەگەیەنێت هەواڵدانی پێشوەخت، کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی زانینی زانستیانەو لەسەر کێشەی (هەمان هۆکار هەمیشە هەمان ئاکام دەخوڵقێنێت) ڕاوەستاوە. ئەمەش یاسایەکە دەتوانێت بە تەنیا مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە سروشتییەکاندا بکاتو مەحاڵە لە ئاستی گۆڕانکاریەیکانی ناو مێژوودا، کە وابەستەن بە ویستی مرۆڤەوە، هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات.

گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو، ئاگامەندانەیە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاگامەندەو یاسای سروشتیش تەفسیری ئاگامەندیمان بۆ ناکات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئێمە لەم ڕوونکردنەوەیەماندا پەنا دەبەینە بەر دوەلیزمو ئاگامەندیو ماتریال لە یەکدی جیادەکەینەوەو بە دوو ناوەڕۆکی پێکەوە-نەبەستراویان دادەنێین. ئەم شێوە بۆچوونە دوەلیستیە، لە سەرەتاوە لەگەڵ

هەڵوەشاندنەوەی بناغە میتافیزیکیەکەی کەلتوری سەرکوتکەر ڕەفزکراوەو جارێکی دیکە سەرهەڵناداتەوە. لە هەمان کاتیشدا بە گوێرەی بیرکردنەوە فەلسەفیەکەمان ئاگامەندی کە شتێك نیە لە دەرەوەی بوونی ماتریالدا بێت، ماتریالیش نیەو لە ڕیزی بوونەوەرەکانی دیکەدا، وەکو دارو بەرد ئەسپو گۆچان، دانانرێتو ڕەوتە زور-کێشەکەشی بە پێچەوانەی گۆڕانکارییەکانی ناو سروشت، ئاگامەندانەیەو خۆی هەڵیاندەبژێرێتو بە ئەنجامیشیان دەگەیەنێت. گۆرانکاریەکانی ناو سروشت، کوێرانەیەو ئاگامەندیش ئاگامەندانە خۆی دەگۆڕێت. سەربەستی ئاگامەندی بۆ هەڵبژاردنی گۆڕانکاریەکان رێگە بە بیردۆزەو زانینی پێشوەخت نادات نەخشەی پلانەکانی بخەنە بەردەمو ئەنجامی کردەوەکانی پێش هەڵبژاردنیان بۆ دیاری بکات.

لە ڕوانگەی بۆچوونە فەلسەفیەکەمانەوە، بەو شێوەیەی بناغەی لەپێشترمان بۆ ناوەڕۆكو زانین هەڵوەشاندەوەو ڕەوتەکەمان لەسەر زەمینەیەکی نهیلیستی داکوتا، لێرەشدا، لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ بەهادا هەمان هەڵوێست دەگرینو بێبەهای دەکەین بە بەهاو لەوێوە لەمەڕ ئەم کێشەیە دەدوێین. بەبێ ئاماژەکردنی سەرەتاییەکی بێبەهاو بێبەهای ئێمە ناتوانین لە بەها بکۆڵینەوەو دایانبهێنین. داهێنانی بەها، کە کردەوەو هەڵبژاردنی مرۆڤ پەیدای دەکات، مەرجێکی پێویستو لۆجیکمەندانەیە لە بوونی ناتەواوی مرۆڤداو لەسەر باوەڕهێنان بە (سەربەستی) مرۆڤ ڕادەوەستێت، سەربەستی، کە ئەنجامی ئۆنتۆلۆجی چیەتی بوونە، لە ڕاڕەوە نهیلیزمەکەدا، دەستەڵاتی داهێنانی بەهایەو هەرچ بەهایەکی ئامادەکراوو لە پێشترمان هەبێت، کە بۆ سەرچاوەیەکی ژوورتر لە بوونی تاکەکان دەگەڕێتەوە، ئەوا نکۆلیکردنە لە دەستەڵاتی داهێنانو سەربەستی مرۆڤ. ناتوانرێت لە لایەکەوە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی سەربەست دابنرێتو لە لایەکی دیکەشەوە باوەڕ بە دەستەیەك بەهای هەمەکیو ئامادەکراوو لەپێشتر

بهێنرێت. ناکۆکی ئەم دوو کێشەیە ئاکامێکی نەرێو لە چارە بەدەرەو پێویستە یەکێك لە لایەنەکانی هەڵبژێردرێت. ئێمەش، لە پەیڕەوکردنی بۆچوونە فەلسەفیەکەمان، قوربانی بە دەستە بەها هەمەکیو ئامادەکراوەکان دەدەینو سەربەستی مرۆڤ هەڵدەبژێرین. ئەم کارەش لە بەردەم سەرەتایەکدا ڕاماندەگرێت، کە لە پێش خۆیدا سەرەتاو بناغەیەکی لەپێشتری نیەو ئەوەی هەیە (هیچ)ە، سەرەتایەکی بێ سەرەتاو بێ غایەی میافیزیکیە.

بەهای داهێنراو، کە زادەی بیرکردنەوەی تاکەکانەو ئاکامی هەڵبژاردنەکانیانە (بەهایەك نیە لە پێناوی بەهادا)، شوێنکەوتووانی بیروباوەڕی (بەها لە پێناوی بەهادا)، لە دوو ڕێگەوە بەم باوەڕە گەیشتوون، یەکەم، سەرچاوەی بەها لە دەسەڵاتی مرۆڤ لە ژوورتر دادەنێنو دووەمیش، بەها بە هەمەکیو نەگۆڕ دەدەنە قەڵەم، باوەڕهێنان بە کێشەی بەها لە پێناوی بەهادا، وەکو چاکەکردن لە پێناوی چاکەدا، خەسڵەتی هەمەکیو نەگۆڕی بە بەها دەبەخشێت. بەهای هەمەکیو نەگۆڕیش، ئەو مانایەمان بۆ دەردەخات کە گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو، گەردێك لەو بەهایە کەم ناکانەوەو بەهاکە هەمیشە وەکو خۆی لەناو هەموو بارودۆخێکی ژیاندا دەمێنێتەوەو لە کارتێکردنی ژینگە گۆڕینەوە دوورە. تاکەکانیش، لەم ڕوونکردنەوەیەوە. بیانەوێو نەیانەوێت، دەبێت بەهاکە وەکو مەدالیایەکی زێڕ لە یەخەی خۆیان بدەنو لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەناو کۆمەڵدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەهایەدا، مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکەن. تاکەکان دەسەڵاتی گۆڕینی ئەو بەهایەیان نیە، چونکە بەهای هەمەکی، گۆڕانی تێدا ڕوونادات‌و هەمیشە نەگۆڕە. کاتێك تاك لەبەر ڕۆشنایی بەهای (چاکە)دا بە چاکەیەك هەڵدەستێت، ئەو چاکەکردنە لە پێناوی چاکەکردندایەو ئەو حوکمە بەسەر تاکدا دەدرێت کە دەبێت چاکە بکاتو چاکەکردن هەمیشە چاکەیە. چاکەکردن لە پێناوی چاکەدا، چاکە دەکات بە غایەو بە کۆتاییو ئاوڕ لە

بوونی مرۆڤ ناداتەوە. ئەو خالە ڕەچاو ناکات، کە مرۆڤ خۆی بە تەنیا غایەو کۆتاییەو بەهاش وەسیلەیە بۆ گەیشتن بەو کۆتاییە.

نەخۆشێك بۆ لای دکتۆر دەڕواو دکتۆرەکەش پاش دۆزینەوەی هۆکاری دەردەکەی، دەرمانی بۆ دەنوسێت، دکتۆرەکە، کە باوەڕی بە بەهای (تەندروستی) هەیە، چارەی نەخۆشەکە لە پێناوی ئەو بەهایەدا ناکات، بەڵکو ئەو هەوڵدەدات چارەی ئازارو دەردی نەخۆشەکە بکات. نەخۆشەکە بۆ ئەو (غایە)یەو بەبێ نەخۆشەکە، بەهای تەندروستی بێماناو بێ ناوەڕۆکە. ئێمە چاکە ناکەین لەبەرئەوەی چاکەکردن چاکە، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە چاکەکردن بۆ مرۆڤ چاکە. دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی لە چین بەدەر بۆ سەپاندنی کۆمۆنیزم نیەو لە پێناوی سەربەستیو بەختەوەری مرۆڤدایە. ئەگەر ئەو وەسیلەیە یان ئەو بەهایە نەتوانێت مرۆڤ بەختەوەر بکات، بەهایەکی بێبەهایە. کاتێکیش بەها لە غایەوە دەکەین بە وەسیلەو خەسڵەتی هەمەکی لێدادەبڕین، سەرچاوەکەی بۆ تاکەکان دەگێڕینەوە. بەهایەکیش لەم سەرچاوەیەوە دەرنەچووبێتو سەپاندنیان دەبێتە هۆکاری نامۆییو داگیرکردنی بوونو بە نامرۆڤ کردنی مرۆڤو گەڕانەوە بۆ دەستگای چەوساندنەوەو کەلتوری سەرکوتکەر. ئەمەش لە بنەڕەتەوە لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفیەکەمان ناکۆکەو هیچ دەستەڵاتێك لە ژوور دەسەڵاتی تاکەکانەوە نابینین.

مالبۆرن

## پەراوێزەكان:

1-مەبەست لە (بوون) لێرەدا بە تەنیا بوونی مرۆڤە، كە لەم نوسراوەدا جەختی لەسەر دەكەمو باسی (بوون) بە گشتی یان فۆرمە گشتگرەكەی ناكەم. ئەمەش وابەستە بە ناوەڕۆكی باسەكەوە لە هەڵسەنگاندنی كەلتوری سەركوتكەردا، كە ڕاستەوخۆ خۆی بەسەر بوونی مرۆڤدا فەرز كردووە. هەروەها زاراوەی (بنۆسی یەكەم)م لە ئەریستۆوە وەرگرتووە.

2-دیكتاتۆر بە واتا ڕامیارییەكەی دەسەڵاتی ڕەها تاكە كەسێكە كە ڕابەری كۆمەڵەو بەو دەستەڵاتەی كۆمەڵ دەچەوسێنێتەوەو بەرژەوەندی خۆی لە ژوور بەرژەوەندی خەڵكییەوە دادەنێت.

3-بڕوانە Hegel, F. W. The Phenomenology of Mind, translated by William Wallace, New York: Harper Torchbook, 1967. p. 234.

4-ئۆنتۆلۆجی Ontology زاراوەیەكی یۆنانیە، واتای (زانستی بوون) دەبەخشێت، ئۆنتۆلۆجی نهیلیستی ئەو شێوازە ئۆنتۆلۆجیەیە كە (هیچ) یان (نەبوون) Nothingness بە بناغەی بوون دادەنێتو ڕەفزی غایەیەكی هۆشەكی لەپێشتر وەك بنۆسی یەكەمی ئەریستۆ، یان بونی تەواو كۆیی دیكارت، دەكاتو لەو كێشە فەلسەفیەوە، كە دەڵێت: بوون لە هیچەوە پەیدابووە. سەرەتای گەشتەكەی دیاریدەكات.

5-ئەمە گوتەیەكی (دیستۆیفسكی)یە، من لە پەرتوكەكەی سارتەر بە ناوی (بونخوازیو مرۆڤایەتی)ەوە وەرمگرتووە.

6-Sertre, Jean- Paul, The Files, translated by Stuart Cibert, London: Hamish Hamilton, 1968, p. 75.

7-مەبەستم لە تەواوكۆیی، گەیشتن بە پلەو مەقامی خوایەتی نیە. مرۆڤ هەرچەندە هەوڵی خۆتەواوكردن بدات لەبەرئەوەی دەمرێت یان

بوونێکی کاتی هەیە، ناتوانێت هەموو کەموکورتیەکانی خۆی تەواوبکاتو خۆی بە دواقۆناغی پێشکەوتن بگەیەنێت، بەڵام (مردن) وەکو دوا پرۆژە، کۆتایی بە بوونی دەهێنێتو دەیگەیەنێتە دوا قۆناغ، کە لەوێدا نەك تەواو دەبێت، بەڵکو لەوە زیاتر پرۆژەی بە دەستەوە نامێنێت. مردن دوا پرۆژەی بوونە.

8-مەبەستم لە جیهانگەری بوون، لەوەدایە کە جیهان نیشتمانی مرۆڤەو مرۆڤ بەبێ جیهان نیە. ئەمەش مەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوونی مرۆڤە. بڕوانە:

Hedegger, Martin. Baung and Time, translated by John Macquarie and Robinsonm London: Blackwell. 1992. p. 155.

9-ئەمە بەڵگەی ئۆنتۆلۆجیە بۆ بوون Ontological Argument ئەگەر بوون نەبێت، ئاگامەندی ناتوانێت بیربکاتەوە، چونکە هەموو بیرکردنەوەیەك بیرکردنەوەیە لە بابەتێکەوە.

10-ئەمە یەکێکە لە کێشە گرنگەکانی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی هوسرل.

11-بەتەنیا ئاگامەندی یان گۆڕانکارییەکانی ئاگامەندی دیالێکتیە، چونکە ئاگامەندی دەستەڵاتی ڕەتدانەوەی هەیە. ئەگەر لافاو بناری چیایەك چۆڵ بکاتو هەرەس بە چیاکەش بهێنێت، ناتوانین بڵێین لافاوەکە بوونی چیاکەی ڕەتداوەتەوەو بووە بە دەسەڵاتێکی (نەفی). دیالیکتیك گۆڕانکارییەکی (ئاگامەندانەیە) لە بابەتەوە بۆ دژە بابەتو بۆ تێهەڵکێشەکەیان.